# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی
پێنجشەممە ١٥ی خەرمانانی ١٣٩٣ ٦ی سێپتامبری ٢٠١٤
ژمارە ٦٣٩
www.kurdistanukurd.com

## ئەمریکا: «بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ «داعش» لەگەڵ ئێران هیچ هاوکارییەکمان نیە»



بەبێ سەرنجدان بە کێشەکانی نێوانیان، پێویستە بۆ شکست هێنان بە گرووپی «داعش» هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە.

«برنادت میهن» وتەبێژی شوورای نەتەوەیی ئاسایشی ئەمریکا لە بارەی ئەو دەنگۆیانەی لەبارەی هاوکاری ئەمریکاو ئێران لە دژی داعش لە عێراق هەن، بە «بی بی سی» فارسی گوتی دەوڵەتی ئەمریکا هیچ جۆرە هاوکارییەکی نیزامی لەگەڵ ئێران نیەو بۆ هاوکارییەکی لەو جۆرەش تا ئێستا بەرنامەیەکی نیە. ناوبراو گوتی ئەمریکا بە سەڕاحەت ڕایگەیاندوە کە گرووپی داعش مەترسییە نەک هەر بۆ سەر ئەمریکا بەڵکوو مەترسییە بۆ سەر هەموو وڵاتانی ناوچەکە. « برنادت میهن» گوتی: «بە باوەڕی ئێمە تەواوی وڵاتان

### کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان:

# «ڕۆژهەڵات تەوەری» دەکەینە ڕێنوێن و پرەنسیپی تێکۆشانی بە جیاو هاوبەشی خۆمان



لە کۆبوونەوەیەکدا کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی٩ی خەرمانانی ئەمساڵ (٣١ی ئاگوستی ٢٠١٤ی زایینی) بۆ لێکدانەوەی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە دیاردەی داعشو دژکردەوە نێوخۆییو نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر هێرشی ئەم گرووپە تێرۆریستییە بۆ سەر باشووری کوردستان پێکی هێنا، خوێندنەوەو ڕوانگەو هەڵویستی دەفتەری سیاسیی ئەم حیزبە، تەئیید و دەوڵەمەند کراو پێی لە سەر داگیرایەوە.

لەم کۆبوونەوەیەدا، کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، وێڕای پێداگرتن لە سەر» پیرۆزیو پێویستیی لەبەرچاوگرتنی بەها نەتەوەییە هاوبەشەکانی سەرجەم کوردو هەنگاونانی بەکردەوە بۆ جێخستنی ئامانجو ئامرازەکانی پەرەپێدانی ڕووحی نەتەوەیی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان»، تەئکیدی لە سەر ئەم خاڵە جەوهەرییە کرد کە « بەشێوەیەکی سروشتی ئەرکو ڕیساڵەتی هێزەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان پێش هەموو شتێک دەبێ ڕووی لەو پارچەیە لە کوردستان بێ کە لێی هەڵقووڵاون.» لە ژێر ڕووناکایی ئەم ڕوانینەدا کۆمیتەی ناوەندی پێی وابوو کە «پێویستە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کارو تێکۆشانی هەلومەرجی ئێستای خۆیدا بەشێوەیەکی سیستماتیکو بەکردەوە «ڕۆژهەڵات میحوەری» بکاتە پرەنسیپی کارو ئەولەوییەتی ئاجێندای تێکۆشەرانی بەستێنە جۆربەجۆرەکانی خەباتو تێکۆشانی بەجیاو هاوبەش. لەو پێناوەشدا، دەفتەری سیاسیی ڕاسپارد هەتا لەو بارەوەو بۆ بیرکردنەوە لە ڕێکارەکانی کاری هاوبەشو سیاسەتی هەماهەنگ لەنێو هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانداو ڕۆڵی چالاکی خۆی وەگەڕ بخاتەوە.»

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی پاش هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان

ڕۆژی ٩ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی (بەرامبەر بە ٣١ ی ئاگوستی ٢٠١٤ی زایینی) ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی کاریی یەک ڕۆژەی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵیو جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندیو هەروەها ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی بەڕێوە برد.

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەدا، بەشدارانی کۆبوونەوە بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، بەتایبەتی شەهیدانی ئەم دواییانەی نەتەوەی کورد کە لە بەرەکانی شەڕی دژی داعشدا گیانی خۆیان خستە پێناوی ئازادی و ئاسوودەیی گەلەکەیان، ساتێک بە بێدەنگی ڕاوەستان.

پاشان هاوڕێ خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕاپۆرتێکی پوخت و هەمەلاگیری سەبارەت بە ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە دیاردەی داعشو ئەو دژکردەوە نێوخۆییو نێودەوڵەتیانەی هێرشی ئەم گرووپە تێرۆریستییە بۆ سەر باشووری کوردستان بەدووی خۆیدا هێنان و ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو بارەوە پێشکەش کرد. دواتر بەشدارانی کۆبوونەوە سەرنج و تێبینیەکانی خۆیانیان لەپێوەندی لەگەڵ ڕاپۆرتەکەدا و بەگشتی سەبارەت بە سیاسەت و مامەڵەی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەم بارودۆخە نوێیە خستە ڕوو کە وێڕای ڕاپۆرتەکە لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ڕاسپاردەی کۆمیتەی ناوەندی بۆ دەفتەری سیاسیدا بە پەسند گەیشتن.

خاڵە سەرەکی و جەوهەرییەکانی ئەم لێکدانەوە و ڕاسپاردانە بە شێوەی خوارەوە بوون :

١. قەیرانێک کە هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەدوای خۆیدا هێنا، هەر لەو کاتەدا کە خولقێنەری تراژیدیایەکی گەورەی ئینسانی بۆ گەلی کوردستان بەتایبەتی بۆ پێکهاتە ئایینییە ئێزیدی و مەسیحییەکانی بوو، سەرکردایەتیی کورد لە باشووری کوردستان و بەگشتی بزوتنەوەی کوردی خستە نێو تاقیکارییەکی گەورە و هەستیارەوە هەتا چ بەڕاکێشانی سەرنجی مێدیایی و پشتیوانیی سیاسیو نیزامی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو چ بە ڕێکخستنی هەمەلاگیری بەرەکانی پارێزگاری لە خاکی کوردستان بنەمای سیاسیو نیزامیی دیفاع لە دەسکەوتەکانی تا ئێستاو لەمەودوای گەلەکەمان لەو بەشە لە کوردستان پتەوتر بکەن. لەو پێوەندییەدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، سیاسەتی سەرکردایەتیی کورد لە باشووری کوردستان لە ڕاکێشانی پشتیوانیی دەرەکیو ئامادەیی بەکردەوەی هێزە دیارەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ دیفاع لە خاکی کوردستانو ئەمنیەتی خەڵکەکەی بەرز نرخاند.

بۆ لاپەڕی ٢



مەترسیی داعش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٤



وتووێژی تایبەتیی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ شەهرام ئەمیری

٥




زانکۆ وەک شوێنی فێربوون

٦



کورد و ئیسلام و بیری ئیخوان لە کوردستان

٧



تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران

٨

## ئێران ناتوانێ لە کاتی دیاریکراودا، گومانە ناوکییەکان بڕەوێنێتەوە

ئاژانسی نێونەتەوەیی ناوکی دەڵێ ئێران بەوەخت وڵامی ژمارەیەک پرسیاری بنەڕەتی نەداوەتەوە کە لەسەر دروستکردنی چاشنی بۆمبی ناوکییە. لە وڵامیشدا ڕەزا نەجەفی نوێنەری ئێران لە ئاژانس، وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەم قسەیە، ڕایگەیاند ئەم قسانە لە ڕاپۆرتەکانی ئاژانسدا هەمیشە دووپاتەنو لەسەر



بنەمای بڕیارنامە ناقانوونییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و تۆمەتی بێ بنەما ڕێک دەخرێن. ناوبراو دەڵێ ئێمە بە بەڵگەوە سەلماندوە ئەم چاشنییانە بۆ کەرتی پیشەی نەوت و گازن. لەم لاشەوە ئاژانس لەسەر هێندێک تەقینەوەو تاقیکاری ناوکی داوای ڕوونکردنەوەی لە ئێران کردوە. نەجەفی لەمبارەشەوە دەڵێ: ئاڵۆزیو پێچەڵاوپێچی بابەتەکان بۆتە هۆی ئەوەی وڵام و ڕوونکردنەوەکانی ئێران لەسەر چالاکییە ناوکییەکانی دوا بکەوێ.

بەپێی ڕێککەوتنامەی ژنێف، ڕێژیمی تاران بەڵێنی دابوو کە زانیاری تەواو لە بارەی دوو مەسەلەی پێوەندیدار بە لێکۆڵینەوەکانی ئاژانس لە بواری لایەنەکانی ئەگەری نیزامی بوونی بەرنامەی ناوکیی خۆی بخاتە ڕوو، بەڵام لە نوێترین ڕاپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمیدا هاتووە کە ڕێژیمی تاران هەروا درێژەی بە چالاکییەکانی خۆی لە ناوەندەی ئەتومیی پارچین دەدا، شوێنێک کە ئیزنی پشکنینی بە چاوەدێرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نادا.

شایانی باسە ئامریکا ڕایگەیاندوە کە ماوەی ١ساڵ و نیو تا ٢ ساڵی داهاتوویان بۆ لابردنی گەمارۆکان وەبەر چاو گرتووە، واتە تا کۆتایی خولی سەرکۆماری ئۆباما گەمارۆکان هەر لەجێی خۆیان دەمێننەوە. بەڵام ئێران دژی ئەم ماوە دیاریکراوەیەو خوازیاری لابردنی هەرچی زووتری ئەم گەمارۆیانەیە.

## ئۆباما لە کۆبوونەوەی ڕێبەرانی ناتۆدا:

### بەرەیەکی باش لە ئەندامانی ناتۆ ئامادەی فەوتاندنی ڕەوتی داعشن



ئۆباما لە کۆبوونەوەی ڕێبەرانی وڵاتانی پەیمانی ناتۆدا تیشکی خستە چەند تەوەرو قەیرانی جیهانیو، بەر لە هەمووشیان کێشەی داعشی هێنایە بەرباس. ئۆباما لەم کۆبوونەوەیەدا کە لە ولز پێکهاتبوو ڕایگەیاند؛ بەرەیەکی باش لە ئەندامانی ناتۆ ئامادەی فەوتاندنی ڕەوتی داعشن. ڕەوتی داعش مەترسین بۆ سەر ڕۆژاواو ئەمریکا هەروەک چۆن شەڕی دژی ئەلقاعیدەی کردوە شەڕی ئەم بنئاژۆخوازنەش دەکا. هەروەها سەبارەت بە توندوتیژییەکانی ڕەوتی ناوبراو و کوشتن و سەرپەڕاندنی هاووڵاتییانی ئەمریکایی ئاماژەی پێدا ئەم کارانە ئەمریکا ناترسێنێو هەتا بنەبڕکردنی ئەم ڕەوتە ناوەستێ.

### پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# لە حەوتەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### لەلایەن کاک حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسییەوە خوێندرایەوە



**لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتییەکەتانەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەم و سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان لە پێناوی خزمەتی لاوان و دۆخی نەتەوەیی گەلی کوردستان بە ئاوات دەخوازم .**

**ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە!**
**ئامادەبووانی بەرێز!**
**لاوانی تێکۆشەری کوردستان!**

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەلومەرجێکدا کۆنگرەکەی دەبەستێ کە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستو ناوچەکە بە گشتی و عێراق و هەریمی کوردستان بە تایبەتی بە دۆخیکی زۆر هەستیاردا تێپەر دەبنو ئەم ڕووداوانە کاریگەریی زۆریان لە سەر چارەنووسی نەتەوەکەمانو بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمانو ئاسۆی دێموکراسیو ئازادیو ئاشتیو سەقامگیری لە ناوچەکەدا دەبێ. هەڵسەنگاندنی ئاوا بارودۆخێک لەو هەلومەرجەدا پێویستی بە خوێندنەوەو لێکدانەوەی ورد لە هەموو بوارەکاندا هەیە. هیوادارین ئەمەو زۆر تەوەری دیکە کە پەیوەندییان بە خەباتو تیکۆشانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێرانەوە هەیە لە بەرنامەی کاری کۆنگرەکەتاندا بیننە بەر باسو بڕیاری گونجاویان لە سەر بدەنو لە ژێر ڕووناکایی و ڕێنوێنیەکانی کۆنگرەدا بەستێن بۆ داهاتووی کارو تیکۆشانتان خۆش بکەن و کۆنگرەکەتان بە سەرکەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی بێنێ.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست شاهیدی چەندین ڕووداوی گرینگ بووین بە تایبەتی ڕاپەرین و شۆڕشی دژ بە دیکتاتوری لە وڵاتانی عەرەبی وەک تونس، لیبیو میسر کە بوونە هۆێ ڕووخانی دیکتاتوریو هاتنە سەر کاری حکوومەتێکی دیکەو ئالوگۆری دەسەڵات و حوکمرانیی نوێ لەو وڵاتانە دا. هەر چەند ئاڵوگۆڕەکان ئاکامە چاوە ڕوانکراوەکانیان لێنەکەوتۆتەوە، بەلام هەڵگری پەیامێکی ئاشکراو ڕوون بوون بۆ سەرەروییو دوژمنانی ئازادیو دێموکراسی لە ناوچە کەدا. جارێکی دیکە مێژوو ئەوەی سەلماندەوە کە هەر کات هەر گەل و نەتەوەیەک ئیرادە بکا، بە سەر بە هێزترین دەسەڵاتەکاندا سەر دەکەوێ . هەروەها لە سێ ساڵی ڕابردوو دا، ئاگاداری شەڕ و کاوڵکارییەکانی وڵاتی سووریەین کە لە لایەن دیکتاتوریی بەشار ئەسەدەوە دژ بە خەڵکی ئەوێ بەرێوە دەچێ، لە ئاکامی شەڕ و سەرکوتی بێڕەحمانەدا بە سەدان هەزار کەس ئاوارە و دەربەدەرو ماڵوێران بوون. ژمارەی کوژراوەکان لە مێژە لە سەد هەزار کەس تێپەڕیوەو سەدان هەزار کەسیش نەقوستانو بریندار بوون. شەڕ وماڵوێرانییش هەروا بەر دەوامە. شەڕو پێکدادانەکانی نێوان ئیسرائیل و حەماس،کێشەو ئاڵۆزییەکانی لیبیو لە هەموویان مەترسیدارتر شەڕی نێوان توندڕەوە شیعەو سوننیەکان کە بە ناوی ئایین گەورەترین تاوان دژی یەکترئەنجام دەدەن. لەم چەند مانگەی دواییدا فەسلێکی خوێناویی دیکە دەستی پێکردوە. ٩ /٦/٢٠١٤ دەستپێکی ئەو شەڕە خوێناوییە بوو کە بە هێرشی چەکدارەکانی تاقمی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقوشام (داعش) بۆ سەر موسڵو چەندین شارو ناوچەی دیکە دەستی پێکردو ئەرتەشی عێراقی تووش شکستو پاشەکشە کردو لە ئاکامدا سەدان هەزار کەس لە عەرەب و کوردو مەسیحی لە ترسی گیانی خۆیان ئاوارەو دەر بەدەر بوونو ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کە تەنیا شوێنی ئارامو سەقامگیری عێراق بوو کرد. دەستبەسەرداگرتنی ڕووبەرێکی زۆر لە عێراق، هەلی بۆ تیروریستانی داعش ڕەخساند کە دەوڵەتی ئیسلامیی خۆیان ڕابگەیەنن. کوردیش لەو هەلە مێژووییەی کە بۆی هەڵکەوتبوو، کەڵکی وەرگرتو تەواوی ناوچە کوردستانییە بەزۆردابڕێنراوەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیو هێزی پێشمەرگەی لێجێگیر کردو خەڵکو ناوچەکەی لە دەستدرێژیی تیرۆریستان پاراست. بەڵام ئەم وەزعە زۆری نەبرد کە دەوڵەتی ئیسلامی سەرمەست لە سەرکەوتنەکانی، دژایەتیو دوژمنایەتیی خۆێ لە گەل دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان خەلکی کورد نیشان داو هێرشێکی بەرینو بەربڵاوی بۆ سەر ناوچەکانی شەنگال، ڕەبیعە، زوممار،گوێر ومەخمورو چەندین ناوچەی دیکە دەست پێکرد و دوور لە هەر پرەنسیبو ئوسولێکی ئەخلاقیو ئینسانی پەلاماری خەڵکی بێدیفاع و ژنو مندالی بێتاوانیانداو دەستیان کرد بە کوشتنو بە دیل گرتنی پیاو و ژنی ئێزیدییەکان، تەنانەت کردنیان بە جارییەو بە نەرخێکی هەرزان فرۆشتیانن. لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوو دا شاهیدی تاڵترین ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخ بووین کە ویژدانی مروڤایەتی هەژاندو ئەمجارە بە ناوی خەلافەتی ئیسلامییەوە، لاپەرەیەکی ڕەشی دیکە لە مێژوودا دەرحەق بە خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان تۆمار کرا. ئەم ڕووداوانە کارەساتیکی ئەوەندە گەورەو ترسناک بوون کە وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیش نەیان توانی لە ئاستیان بێدەنگ بن ، هەر بۆیە لە ماوەیەکی کەم دا بڕیاری هاوکاریی مرۆییو سەربازییان داو بۆ پشتگیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو خەڵکی پەلاماردراوی ناوچە کوردنشینەکانی شەنگال و ڕەبیعە و زوممار لە دژی دڕندەترین هێزی خوێنرێژ بە ناوی داعش بە کردەوە دەست بە کار بوونو لە ڕێگای فرۆکە شەڕکەرەکانیانەوە بنکەو مۆڵگەکانی ئەو جینایەتکارانەیان بۆمباران کردو بە هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان زبرێکی زۆر قورسیان لێوەشاندنو تووشی پاشەکشەیان کردن.

لە گەل دەستپێکی ڕووداوەکان، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵویستو ڕوانگەی خۆێ لە پێوەندی لە گەڵ باروودۆخی کوردستانو هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمو ناوچەکە دەربڕیو ئامادەیی خۆێ بۆ هاوکاریو پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگەو ئەزموونی هەرێم وەک ئەرکێکی نیشتمانیو نەتەوەیی ڕاگەیاندو تەنانەت هێزی پێشمەرگەی خۆێ بۆ چوونە بەرەکانی شەڕ ئامادە کرد. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە گەڵ ئەوەی خەڵک، لە لایەن ڕێژیم و بەکرێگیراوەکانی کۆسپ لە سەر ڕیگایان دروست دەکرا، بەڵام هیچ شتێک نەیتوانی لەمپەر بێ لە سەر دەربڕینی هەستو سۆزی نەتەوەییو یارمەتییەکانیان. ئەو هەستو بەرپرسایەتییە نیشتمانیو نەتەوەییە، پەیامێکی تازەیە بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان لەم دۆخە لە خەباتو تێکۆشان لە پێناوی وەدیهێنانی دێموکراسیو ئازادیو مافە نەتەوایەتیەکاندا کە سەرکەوتن لە گرەوی وشیاریو هەست بە بەرپرسایەتی کردنی ڕێبەرایەتی کوردو هاوکاریو یەکگرتوویی هەمووهێز و لایەنە سیاسیەکانی کورد دایە. تەنیا بە یەکگرتوویی و هاوپەیوەندیی نەتەوەیی، ئەو هەل و دەرفەتە مێژوویە دەقۆزرێتەوە وبە قازانجی دۆخی نەتەوەیی کەڵکی لێوەردەگیرێ .

ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستو ناوچەکە لە گەڵ ئەوەی بەرهەمی کێشە لە مێژینە چارەسەرنەکراوەکان و ململانێیە نیوخۆییەکانن، بەلام گومان لەوە دا نیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی باڵای هەیە لە خۆتێهەڵقوتاندن و دەست خستنە نێو قەیرانەکان بۆ بردنە پێشی سیاسەتە ناوچەییەکانی خۆێ، بە تایبەتی لە سووریە، فەلەستینو عێراق، ئاگری ئەم شەرانە خۆش دەکا، بۆ ئەوەی لە لایەکەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەندە سەرنج نەداتە بەرنامە ناوکییەکانی ئێرانو بە پرسەکانی دیکەی ناوچەکەوە سەرقاڵ بێت، لە لایەکی دیکە ئەو ڕێژیمە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانو بە ڕێگای هاوپەیمانەکانیدا، ململانیی خۆێ لە گەڵ دەوڵەتانی دیکە بباتە پێش. ئەوە لە کاتێک دایە کە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتدا ڕووبەڕووی قەیران گەلێکی زۆری سیاسی، ئابووریوکۆمەڵایەتی بۆتەوە و لە چارەسەرکردنیاندا داماوە.گرانی، بێکاری، ئێعتیاد، فەسادی ماڵی،گرتنو ئازارو ئەشکەنجەو ئێعدامی لاوانو جیابیران بەردەوامە و ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنێ و بەرۆکی کۆمەڵگای ئێران و کوردستانی گرتوە ولەو نێوەدا لاوان گەورەترین قوربانیانی ئەم قەیرانانەن .

**بەشدارانی بەڕێزی حەوتەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

لە ماوەی ئەم ٣٥ ساڵەی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا، لاوان هێزی سەرەکیو دیاری نێو بزووتنەوەو چالاکییە سیاسیو مەدەنیو کۆمەڵایەتییەکان بوونو هیچ کاتو ساتیک لە ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەیەکانیان غافل نەبوونو لە ڕیزەکانی شۆڕشو لە سەنگەری بەرگری دا ئامادە و گیان لە سەر دەست بوون. لە قۆناغی ئیستاشدا ئەرکو بەرپرسایەتییەکانیان قورسو گرینگەو نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە وشیاریو ئامادەییو هاتنە مەیدانی لاوان هەیە بۆ ئەوەی نەخشو دەوری کاریگەریان لەو تێکۆشانو بزووتنەوانەدا هەبێ کە چارەنووسو ئایندەی نەتەوەو نیشتمانەکەمان، بە سەرکەوتنی ئەوانەوە، بەستراوەتەوە.

پێکهاتنی کۆنگرەی لاوان لەم هەلومەرجەدا دەبێ هەڵگری پەیامی خۆئامادەکردنو خۆڕێکخستنی لاوان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەو بەدەستەوەگرتنی جڵەوی ئەو بارودۆخە بێ کە پێشبینی دەکرێ. ئەوەش بە بێ بوونی بەرنامەو پلانی نوێ کە وەڵامدەری ئەم دۆخە بێت نایێتە دی. بۆیە چاوەڕوان و هیوادارین لاوانی دێموکرات وەک چۆن لە هەموو قۆناغەکاندا لە ڕیزی پێشەوەی خەباتو تێکۆشاندا بوون، لەم هەلومەرجەشدا بە هیواو گەشبینیو بڕوا بەخۆ بوونەوە، کاروبارو باس و بابەتەکانی کۆنگرە بە باسی زیندوو و ئاڵوگۆڕی ڕاشکاوانەی بیرورڕا، دەوڵەمەند بکەن، بڕیارو ڕاسپاردە و ڕێنوێنیی بە سوود بۆ تێکۆشانی داهاتوو، پەسەند بکەن. هەم بەستێنو بوار بۆ کاری هاوبەش لە گەڵ ڕیکخراوەکانی دیکەی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئامادەتر بکەن، هەم نێزیکبوونەوە لە چاوەڕوانیو تێکۆشان و کێشەکانی لاوان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن بە ئەرکی لەمەو دوای خۆیان. دڵنیاشتان دەکەین ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هەمیشە پشتیوان و هاوکارو یارمەتیدەرتان دەبێ.

**سەرکەوێ کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان .**

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٣٩٣/٦/٨ی هەتاوی**
**٢٠١٤/٨/٣٠ی زایینی**

### درێژەی:

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی پاش هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان



**لەگەڵ هەموو پیرۆزیو پێویستیی لەبەرچاوگرتنی بەها نەتەوەییە هاوبەشەکانی سەرجەم کورد و هەنگاونانی بەکردەوە بۆ جێخستنی ئامانج و ئامرازەکانی پەرەپێدانی ڕووحی نەتەوەیی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو باوەڕەدایە کە بەشێوەیەکی سروشتی ئەرک و ریسالەتی هێزەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان پێش هەموو شتێک دەبێ رووی لەو پارچەیە لە کوردستان بێ کە لێی هەڵقووڵاون**

هەر لەو کاتەدا لەو باوەڕەدا بوو کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە هاوپەیمانییەکی دوفاکتۆی نێودەوڵەتیو ئیقلمی کە بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ داعش دروست بووە کاریگەریی لەسەر جێگەو پێگەی لایەنە دەرەکییەکان لە ناوچە و لە عیراقدا دەبێ، پێویستە سەرجەم هێزەکانی نێو بزوتنەوەی کورد ژیرانە ڕووبەڕووی لێکەوتەکانی لەمەودوای ئەم قەیرانەش ببنەوە و بەرژەوەندی و یەکڕیزی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردیان لەبەرچاوبێ.

٢. لەپێوەندی لەگەڵ هەڵوێست و مامەڵەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ ئەو قەیرانەدا، کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدا بوو کە دەفتەری سیاسیی حیزب بەشێوەیەکی مەنتقی و ئوسوولی و هەر لەو کاتەدا ئازایانە و بەرپرسیارانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم پرسەدا کردووە. حیزبی ئێمە هەرپاش دزەکردنی داعش بۆ عیراقو وەسەریەککەوتنەوەی ناوچە کوردستانییەکان خوێندنەوەی خۆی لە بارودۆخەکە خستە ڕوو و کاتێکیش بەشێک لە ناوچە کوردستانییەکان کەوتنە دەست داعش، حیزبی ئێمە دەسبەجێ ئامادەیی خۆی بۆ گەیاندنی هەموو چەشنە یارمەتییەک بۆ داکۆکی کردن لە خاکو حاکمییەتیکورد بە بیروڕای گشتی و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.

٣. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر یارمەتیدانی نیزامی و بەکردەوە، حیزبی ئێمە بەلەبەرچاوگرتنی هەستی پیرۆزی هاوپێوەندیی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەرک و ریسالەتی مێژوویی حیزبەکەمان،چەند یەکەیەک لە هێزەکانی خۆی بە مەبەستی ڕەوانەکردن بۆ بەرەکانی شەڕی داعش ئامادەو سازماندەهی کردوە. بەڵام لەو باوەڕەدا بووە کە هەم پرەنسیپەکانی ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان بەشەکانی کوردستان و پێویستیی خۆبواردنی هێزەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان لە دەستێوەردان و بڕیاردان لەجیاتی پارچەیەکی دیکە و هەم بارودۆخێکی هەستیار و تایبەتی کە هەرێمی کوردستانی تێدایە ئەوە دەخوازێ کە حیزبی ئێمە تەنیا بەشێوەی ڕواڵەتیو سەمبولیک و بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی یارمەتیدانێکی نیزامیی ڕاستەقینە هێزەکانی خۆی نەجولێنێ. شتێک کە پێش لەوە ناگرێ کە هەر کاتێک بەرپرسانی هەرێمی کوردستان پێویستییە نیزامییەکانی خۆیان بە گەورەتر لە تێبینییە سیاسییە ئیقلمییەکان ببینن، هێزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەمودەست بچنە نێو سەنگەری بەرگری لە هەرێمی کوردستان.

٤. لەگەڵ هەموو پیرۆزیو پێویستیی لەبەرچاوگرتنی بەها نەتەوەییە هاوبەشەکانی سەرجەم کورد و هەنگاونانی بەکردەوە بۆ جێخستنی ئامانج و ئامرازەکانی پەرەپێدانی ڕووحی نەتەوەیی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو باوەڕەدایە کە بەشێوەیەکی سروشتی ئەرک و ریساڵەتی هێزەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان پێش هەموو شتێک دەبێ رووی لەو پارچەیە لە کوردستان بێ کە لێی هەڵقووڵاون. لەلایەکی دیکەوە، بارودۆخی سیاسیی نێونەتەوەیی و ژیئۆپۆلیتیکی ناوچە لە ساڵانی دواییدا کاریگەریی نەخوازراوی لەسەر خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان داناوە و بۆتە هۆی ئەوە کە پرسەکانی پێوەندیدار بەو خەباتە و بەگشتی بارودۆخی کورد لە ئێراندا نەک تەنیا لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەڵکوو لەنێو بیروڕای گشتیی کوردیشدا کەمتر لە ڕۆژەڤدا بێ. هەربۆیە کۆمیتەی ناوەندی لەو باوەڕەدایە کە پێویستە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کار و تێکۆشانی هەلومەرجی ئێستای خۆیدا بەشێوەیەکی سیستماتیک و بەکردەوە «ڕۆژهەڵات مێحوەری» بکاتە پرەنسیپی کار و ئەولەوییەتی ئاجێندای تێکۆشەرانی بەستێنە جۆربەجۆرەکانی خەباتو تێکۆشانی بەجیا و هاوبەش. لەو پێناوەشدا، کۆمیتەی ناوەندی دەفتەری سیاسیی ڕاسپارد هەتا لەو بارەوە و بۆ بیرکردنەوە لە ڕێکارەکانی کاری هاوبەش و سیاسەتی هەماهەنگ لەنێو هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕۆڵی چالاکی خۆی وەگەڕ بخاتەوە.

لە کۆتایی کارەکانی کۆبوونەوەی کاریی ڕێبەرایەتیی حیزبدا، کۆمیتەی ناوەندی چ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی باشتر لەگەڵ ئەگەرەکانی داهاتوو و چ بۆ باشتر ئامادەکردنی قۆناغەکانی لەمەودوای ئاجێندای کارو تێکۆشانی حیزب، کۆمەڵێک بەرچاوڕوونیو ڕاسپاردەی بەمەبەستی بەدواداچوون و وردکردنەوەی زیاتر خستە بەردەم دەفتەری سیاسی.

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٠ی خەرمانانی ١٣٩٣**
**(١ی سێپتامبری ٢٠١٤)**

# کۆتایی کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

حەوتەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دروشمی «لاوان هێزی بزوێنەری کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستانن» دەستی پێکردو پاش دوو ڕۆژ کار ڕۆژی ١٠ی خەرمانان کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

حەوتەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ٨ی خەرمانان بە بەشداریی نوێنەرانی کۆنگرەو کۆمەڵێک لە میوانان بە سرووودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ بەرزڕاگرتنی یادو بیرەوەریی شەهیدان دەستی پێکرد.

لە سەرەتای کاری کردنەوەی کۆنگرەدا پەیامی کردنەوەی کۆنگرەی لاوان لەلایەن مەنسوور سەممار، سکرتێری پێشووی ئەو ڕێکخراوەیە پێشکێش کرا.

مەنسوور سەممار لە قسەکانیدا بە ئاماژە بە هەلومەرجی بەستنی کۆنگرەی حەوتەمی لاوان لە بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئێراندا گوتی کە لاوان دەتوانن پێشەنگی زۆر لەو ئاڵوگۆڕانە بن کە چەشنەکانیان لە وڵاتانی عەرەبی ڕوویان داو ئەوەش ئەرکی زیاتر دەخاتە سەرشانی لاوان، بە تایبەت لاوانی کورد کە خەباتێکی شوناسخوازی بە دژی ڕێژیمی ئێران بەڕێوە دەبەن.

سکرتێری پێشووی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەشیکی دیکەی قسەکانیدا بە وردی پەڕژایە سەر ئەو ئەرکو ئامانجانەی یەکیەتیی لاوان دەبێ لە پێناو بەرینکردنەوەی خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بۆی گرینگ بنو کاریان لە سەر بکا.

سامان فەقێنەبی، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسەی کردو بە ئاماژە بە شانازییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لە پەروەردەکردنی کۆمەلیک ڕێبەری بلیمەتی حیزبی دێموکڕاتو لە سەرووی هەموانەوە دوکتور قاسملووی نەمر، تیشکی خستە سەر، پێگەو قورسایی یەکیەتیی لاوان لە نێو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانداو سەربەخۆیی بڕیاردان وەک یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی ناسێنەری ئەو ڕێکخراویە.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی حەوتەمی لاوان‌دا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن کاک حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشکێش کرا کە دەقی پەیامەکە لەم ژمارەیەی «کوردستان» دایە.

شایانی باسە کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوان دوای دوو ڕۆژ کاری بەردەوام ڕۆژی ١٠ی خەرمانان کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

هەروەها ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣ی خەرمانان بە بەشداریی سەدان کەس لە لاوانو کادو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانو بنەماڵەکانی نیشتەجێ لە بنکەکانی حیزبی دێمۆکرات ڕێورەسمێک بە بۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پێک هات.

لەو ڕێورەسمەدا پێشەوا عەلیپوور سکرتێری نوێی ئەم ڕێکخراوەیە پەیامی دەستەی بەریوەبەریی ڕێکخراوەکەی بەبۆنەی کۆتایی کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێشکێش کرد. دواتر کاک مستەفای مەعرووفی بە نوێنەرایەتی لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە وێڕای پیرۆزبایی لە ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. کاک مستەفا مەعرووفی لە قسەکانی خۆیدا تیشکی خستە سەر دەوڵەمەندیی باسەکانی حەوتەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانو بە



لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی هەستیاری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بەستێنی لەبار بۆ زۆر ڕووداو لە ئێرانو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لاوانی کوردو یەکیەتیی لاوانی لە ئەرکو ئامانجەکانیانی ئاگادار کردوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕیوڕەسمەدا سرووودی نەمران، بەرهەمی بەشی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی لاوان بە دەنگی چیا مەدەنی پێشکێش کراو بە خوێندنەوەی چەند شێعرێکی حیماسیو دڵداری لەلایەن شاعیری لاو ڕەسووڵ سوڵتانی، پێشکەش کردنی چەند سرووود و گۆرانییەک لەلایەن کۆرسی سرووودی لاوان، تینو گوڕێکی تایبەتیی بە کۆبوونەوەکە بەخشرا.

لە درێژەی ئەو بەرنامەیەدا هونەرمەندی لاو مامۆستا کەریم کۆیی مەقامێکی لە پەسنی پێشمەرگەو نیشتمانخۆشەویستی‌دا چڕیو دواتر ناوی ئەو ریکخراوو لایەنانە خوێندرایەوە کە بە بۆنەی بەستنو کۆتایی کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانەوە پەیامیان پیرۆزباییان بۆ ئەو ڕێکخراوەیە ناردبوو. هەروەها لە برگەیەکی دیکەیەکی ئەو ریوڕەسمەدا سێ کەس لە لاوانی چالاکو ئەندامانی بەڕیوەبەریی پێشووی ئەو ڕێکخراوەیە، مەنسور سەممار. سەید جەلال سالحیو سامان فەقێنەبی لەلایەن بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانەوە ریزیان لێگیراو ڕێزنامەیان پێشکێش کرا.

لە برگەی کۆتایی ئەو ریوڕەسمەدا هونەرمەند محەممەد بۆکانی بە چڕینی چەند گۆرانییەکی شاد بووە هۆی گەرمیی ڕەشبەڵەکی لاوانو ئەو ڕێورەسمە بە شادیو خۆشییو هەڵپەرکێی بەشداران کۆتایی هات.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ

**لە وڵاتی نۆروێژ بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێک ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەرز ڕاگیرا.**

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ١ی خەرمانان کۆمیتە ناوچەکانی ئۆستفۆڵدو ویستفۆڵدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ بە هاوکاریی یەکیەتیی ژنانو یەکیەتیی لاوانی دێموکرات ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد بە جێژن.

لەو جێژنەدا کە بەبەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە دۆستان، لایەنگرانو ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتو هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیو نۆروێژی بەڕێوەچوو. دوای پێشکێشکردنی سرووودی نەتەوایەتیی « ئەی ڕەقیب» لەلایەن کۆری هونەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردو کوردستان؛ مۆمی ٦٩ ساڵەی تەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن کچانو کورانی یەکیەتیی لاوانەوە داگیرسێندرا.

لەو ڕێورەسمەدا پەیامی کۆمیتەی ئامادەکاریی جێژنی ٢٥ ی گەلاوێژ لە لایەن کاک حەسەن خەمبار خوێندرایەوە.



ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی هەرێمی کوردستانو کاریگەرییان لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاوڕدانەوە لە مێژووی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتو خەباتو تێکۆشانی ئەم حیزبە بۆ ئازادیو مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لێکگرێدراوی داواو چاوەڕوانیی خەڵکو ئامانجو بەرنامەکانی حیزبی دێموکڕات، چۆنیەتیی پەرەپێدان بە چالاکیی ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات بۆ بەرۆژەڤکردنی پرسی کورد لە ئێران چەند باسێک بوون لە پەیامەکەی کاک حەسەن غەمباردا

لە برگەیەی دیکەی ئەو جێژنەدا پەیامو بروسکەی پیرۆزبایی ئەو کەسایەتیو حیزبو ڕێکخراوە کوردیو نۆروێژییانە خوێندرانەوە کە بریتی بوون لە:

پەیامەکانی دوکتور شێخ مورشید خەزنەوی، کەسایەتی ئایینیی ڕۆژئاوای کوردستان، حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ، حیزبی دێموکرات مەسیحی نۆروێژ، یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، بزووتنەوەی گۆران، پارتی دێموکراتی کوردستانی سووریە، کۆمیتەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، کۆمەڵەی کولتووری کوردی ئۆستفۆڵدو؛ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمی ٢٥ ی گەلاوێژ دا، کاک برایم زێوەیی، ئەندامی کۆمیتە ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باسێکی لە سەر ڕەوشی ئێستای کوردستان بە گشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی پێشکێشی ئامادەبووان کرد.

شایانی باسە نێوئاخنی جێژنی ٢٥ ی گەلاوێژ، بە شێعر و پەخشانو سرووودو گۆرانی ڕازابۆوە.

# کۆبوونەوەی نێوان کۆمیتەی ئۆستفۆڵدی حیزبی دێموکراتی کوردستانو حیزبی دێموکرات مەسیحیی نۆروێژ

لە کۆبوونەوەیەکی نێوان کۆمیتەی ئۆستفۆڵدی حیزبی دێموکراتی کوردستانو حیزبی دێموکرات مەسیحیی نۆروێژدا کۆمەڵە بابەتێک لەسەر دۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خرانە بەرباس.

ڕۆژی سێشەممە ٢٨ ی گەلاوێژ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە ناسر قادرپوور، بەرپرسی بەشی پێوەندی دەگەڵ نۆروێژییەکانو حەسەن خەمبار بەرپرسی کۆمیتە ناوچەی ئۆستفۆڵد، سەردانی حیزبی دێموکرات مەسیحی لە شاری «سارپسبۆرگ» یان کرد و لە لایەن بەرێزان « ئوولە مووە» و» بیۆرنار گرۆنبەک»، بەرپرسانی ئەو حیزبە لە پارێزگای ئۆستفۆڵد بە گەرمی پێشوازییان لێکرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی حیزب باسێکیان لە سەر وەزعی ئێستای کورد بە گشتیو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ وەدیهێنانی مافو ئازادییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هەیئەتی خانەخوێ کردو لە درێژی باسەکەیان دا وێرای ئاماژە بە سیاسەتی توندوتیژیی کۆماری ئیسلامیو گرتن و ڕێژەی چونەسەرێی ئێعدامەکان لە دوایی هاتنە سەر کاری دەوڵەتی ڕووحانی، تیکشیان خستە سەر ئەوەی مافی مرۆڤ لە ئێران بە گشتیو لە کوردستان بە تایبەتی بە شێوەی سیستماتیک پێشێل دەکریو ئەو ڕەوتە دوای هاتنەسەر کاری ڕووحانیش هیچ گۆڕانکارییەکی بە خۆیەوە نەبینیوە.

هەیئەتی حیزب لە بەشێکی دیکەی باسەکەیان‌دا پڕژانە سەر پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڵ حیزبو ڕێکخراوە نۆروێژییەکان و داوایان کرد کە ئەو حیزبانە زیاتر مەسەلەی کوردو ڕەوشی کوردستان‌یان بۆ گرینگ بێو پشتیوانی لە مافی ڕەوای گەلی کورد بکەن.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتی خانەخوێ وێڕای خۆشحالی دەربرینی خۆیان بۆ ئەو دانیشتنە، ئاماژەیان بە پێوەندی هەر دوو حیزب کرد و هیوادار بوون کە لە داهاتوو دا ئەو دانیشتنانە زیاتر بن.

ئەوان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیان دا داخ وپەژارەی خۆیان بۆ ئەو وەزعەی بە سەر کورد دا هاتووە دەربڕی و جەختیان لەسەر پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان کردەوە .

# کۆبوونەوەی نێوان کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتو پارتی پێشکەوتنخوازی ئەو وڵاتە

لە کۆبوونەوەی نێوان کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانو پارتی پێشکەوتنخوازی ئەو وڵاتەدا کۆمەڵێک پرسی تایبەت بە ئێرانو کوردستان تاوتوێ کران.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٦ی خەرمانان هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە ئەسعەد خزری، بەرپرسی کۆمیتەو ناسر قادرپوور، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کومیتەی نۆروێژ سەردانی پارلمانی ئەو وڵاتەیان کردو لە لایەن پێر ساندبێرگ، جێگری یەکەمی پارتی پێشکەوتنخوازی نۆروێژ پێشوازییان لێکرا.

لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا پێر ساندبێرگ خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەم کۆبوونەوەیەو پێوەندیی نێوان خەڵکی کوردستان بە گشتیو حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی لەگەڵ پارتی پێشکەوتنخوازی نۆروێژ دەربڕیو پاشان هەیئەتی حیزب باسێکی تەسەلیان سەبارەت بە مەسەلەی کورد بە گشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی هێنایە گۆڕێ.

لەو دیدارەدا تیشک خرایە سەر پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بۆ کپکردنی ویستو داوا سیاسیو مەدەنییەکانی خەڵکو بە ئاماژە بە بارودۆخی نالەباری ژیانو بژیوی ژیانی خەڵک لە سۆنگەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیو داوا لەو حیزبە کرا پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانو کوردستان بە هیند وەربگرن.

لەو کۆبوونەوەیەدا پێر ساندبێرگ، جێگری یەکەمی پارتی پێشکەوتنخوازی ساندبێرگ، باسی لەوە کرد کە ئەوان وەک پارتی پێشکەوتنخوازی نۆروێژو شەخسی خۆی بە تایبەتی پشتگیری لە مافی ڕەوای کورد بە گشتیو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دەکەن.

شایانی باسە پێر ساندبێرگ و حیزبەکەی کە لە ئێستادا حیزبی دەسەڵاتداری نۆروێژن، زۆر ڕاشکاوانە پشتگیری کێشەی کورد دەکەنو ناوبراو پاش ڕووداوەکانی باشووری کوردستانو هێرشی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی داعش ڕاستەوخۆ لە پارلمانی نۆروێژ لە ڕێگای پێشکەش کردنی وتارێکدا داوای پڕ چەک کردنی هێزی پێشمەرگەی کردو و ڕاستەوخۆش وتی دەبێ پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان، وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بکرێ.

# مەترسیی داعش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**مستەفا مەعرووفی**

«دەوڵەتی ئیسلامی» کە بە داعش ناوی ڕۆیشتوە، نیگەرانییەکی زۆری بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە گشتی و ناوچە بە تایبەتی پێک هێناوە. ئەم گرووپە کە بە ناوی «دەوڵەتی ئیسلامی» بەشێکی بەرچاو لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای عێراق و ڕۆژهەڵات و باشووری سووریەی داگیر کردوە لە هەردوو وڵاتدا بەرەیەکی نزیک بە ٢٠٠٠ ک.م ی لە دژی کورد کردۆتەوە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ بزانین ڕێژیمی ئێران هەتا ئێستا لە بەرامبەر ئەم گرووپەدا هەڵوێستی چ بووە؟ ئەم گرووپە دەتوانێ هەڕەشە بێ بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟ ئەو مەترسیانە چەندە جیددین؟

**هەڵوێستی ڕێژیمی ئێران لە بەرامبەر داعشدا**

هەرچەند یەکێک لە سیاسەتەکانی گرووپی داعش دژایەتی لەگەڵ مەزهەبی شیعەیە، بەڵام هەتا ئێستا کردەوەیەکی تێرۆریستیی لە دژی شیعە یان ڕێژیمی ئێران ئەنجام نەداوە. جگە لە دەرکردنی سوپای عێراق لە ناوچەی سوننی نشینی عەرەب، شەڕی تەنیا لە دژی کورد لە ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بووە. هەر چەند ئەوە نەبۆتە هۆی ئەوەی ئێران لێی نیگەران نەبێ، هەڵوێسی ڕێژیمی ئێران لە چەند بواردا خۆی دەنوێنێ: ئێران بە ڕەسمی دژایەتیی خۆی لەبەرامبەر داعشدا ڕاگەیاندوە و تەنانەت ڕایگەیاندوە کە بە هەر نرخێک بووە شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە عێراق لە مەترسییەکانی داعش دەپارێزێ. هەروەها، هەر کات و لە هەرجێگایەک ئەمریکا دەستی بۆ هێرشێکی نیزامی بردبێ، تەنانەت بۆ سەر ڕێژیمی سەددامیش کە دوژمنی لەمێژینەی بوو، دژایەتیی خۆی ڕاگەاندوە و مەحکوومی کردوە، بەڵام دژی ئەو هێرشانە نیە کە ئێستا ئەمریکا بۆسەر پێگەکانی داعش ئەنجامیان دەدا. تەنانەت وەک دەگوترێ ئامادەی هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا لە دژی ئەم گرووپەشە. جگە لەمانەش قەت نەبووە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئەو بێحورمەتیی‌و سووکایەتییانەی هێندێک کەس بە تایبەتی چەند کاناڵێکی تەڤزیۆنی بە خێزانی پێغەمبەری ئیسلام و خولەفای ڕاشیدین دەکرێ وەدەنگ هاتبێ، بەڵام لەو ماوەیەدا خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئەم کارەی بە حەرام و نارەوا زانی، چونکە لە نفووزی داعش لە نێو سوننییەکانی ئێران نیگەرانە.

**ئایا داعش مەترسییە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟**

هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە شارەکانی سەقز، بانە، سنە و چەند ناوچەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەسانێک بە شەقامەکانی شار بە ئاڵا و دروشمی داعشەوە مانۆڕیان داوە. ئەمە لایەنی ئاشکراو و بەرچاوی حوزووری داعش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ڕێکخراوە نهێنی و شاراوەکەی جارێ بۆ کەس ڕوون نیە. ئەم ڕووداونە بەرهەمی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامین کە لە خوارەوە باسی هۆیەکانی دەکەین:

لەمێژە کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی ئاڵتێرناتیڤسازی بۆ بزووتنەوەی دێموکراتی و میللیی کورد بە یارمەتیدانی تاقم و گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان یان بە چاوپۆشی لە چالاکییەکانیان هەوڵ دەدا لە ڕادەی نفووزی هێزە ڕەسەنە کوردییەکان کەم بکاتەوە. بۆیە لە ١٥ ـ ٢٠ ساڵی ڕابردوو چەند گرووپ و تاقمی توندڕەوی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاک بوون. ئەمانە کە بە ڕواڵەت نەیاری کۆماری ئیسلامین لاوانی ناڕازی لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە. بۆ کۆماری ئیسلامییش وا باشترە ئەو گەنجانە بەرەو ئەوان بکشێن تا بەرەو هێزە سیاسییە دیموکرات‌و پێشکەوتن خوازەکان. ئەو کەسانەی لەو گرووپە توندڕەوانەدا چالاکن، زەمینەی ڕاکێشرانیان بۆ نێو داعش زۆر تێدا بەهێزە.

**کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی ئاڵتێرناتیڤسازی بۆ بزووتنەوەی دێموکراتی و میللیی کورد بە یارمەتیدانی تاقم و گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان یان بە چاوپۆشی لە چالاکییەکانیان هەوڵ دەدا لە ڕادەی نفووزی هێزە ڕەسەنە کوردییەکان کەم بکاتەوە. بۆیە لە ١٥ ـ ٢٠ ساڵی ڕابردوو چەند گرووپ و تاقمی توندڕەوی ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاک بوون. ئەمانە کە بە ڕواڵەت نەیاری کۆماری ئیسلامین لاوانی ناڕازی لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە. بۆ کۆماری ئیسلامییش وا باشترە ئەو گەنجانە بەرەو ئەوان بکشێن تا بەرەو هێزە سیاسییە دیموکراتو پێشکەوتن خوازەکان.**

سیاسەتی هەڵاواردن‌و فەرق و جیاوازی لە دژی ناوچە کورد نشینەکان، بە کردەوە کوردستانی کردوە بە یەکێک لە ناوچە هەژارەکانی ئێران، ئەم سیاسەتە ناوچەکانی بەلووچستانیشی کە سوننی نشینن تووشی ئەم دۆخە کردوە. بۆیە هەژاری لەو ناوچانەدا لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران زۆر زیاترە. بە پێی ئامارەکان دەرسەدی خەڵکی ژێرەوەی هێڵی هەژاری لە سەرانسەری ئێراندا لە سەرڕێیە، ڕێژەی هەژاری لە کوردستان لە چاو ئێران لەسەرتریشە. ئەزموونی ڕادیکالیزمی ئیسلامی لە وڵاتانی دەروبەر و ئێران ئەوە دەسەلمێنن کە ئیسلامی توندڕەوی سیاسی لەو ناوچە هەژارنشینانە خەڵکی لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوەو توورەیی و ناڕەزایەتیی ئەوان بە قازانجی خۆی دەقۆزێتەوە. داعشیش وەک هەر گرووپێکی توندڕەوی دیکەی ئیسلامی کەڵک لەو دۆخە وەردەگرێ.

سەرکوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە وای کردوە کە هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان دەرفەت و مەجالی ڕاکێشان و ڕێکخستنیان لە نێو خەڵکدا کەم بێتەوە و ئەو مەجال و دەرفەتە بۆ توندڕەوانی وەک داعش برەخسێ‌و ئەوان کەڵکی لێوەرگرن. هەر لە جێدا سەرهەڵدانی ڕادیکالیزمی ئیسلامی لە یەک سەدەی ڕابردوودا لە ئاکامی سیاسەتی دیکتاتۆرانەی ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر وڵاتانی ناوچەدا بوو کە هەر چەشنە حەرەکەتێکی ئازادیخوازانە و دیموکراتیکیان بە توندی سەرکوت دەکرد. ئەمەش دەرفەتی بۆ فکری توندڕەوانەی مەزهەبی پێک هێناو لە خەلەئی دیموکراسیدا بواری بۆ ئەوە ڕەخساند ناڕەزایەتییەکان لە شکڵی مەزهەبدا خۆیان بنوێنن. کۆماری ئیسلامی بۆخۆی ئاکامی سەرکوتی ئەحزابی دیموکرات‌و مۆدێرن لە سەردەمی ڕەزا شاو حەمەڕەزاشا لە ماوەی نزیک بە ٥٠ ساڵدا بوو. لە ئاکامی سەرکوتی ئەمانەدا بوو دەرفەت بۆ بناژۆیی ئیسلامی پێک هات و خومەینی و هاوفکرەکانی کەڵکیان لە ناڕەزایەتیی خەڵک لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی وەرگرت.

نەبوونی ئازادیی بیروڕا زەمینەی بۆ توندڕەویی مەزهەبی خۆش کردوە. دژکردەوەی خەڵکی ناڕازی‌و جیابیر لە بەرامبەر پاوانخوازییەکانی ڕێژیمی ئێراندا لە کاتێکدا کە فکری جیاجیا، بەرنامەی سیاسیی جۆراوجۆر، ئیدئۆلۆژیی جۆراوجۆر لە گۆڕێدا نیە، ئەوە دەبێ کە خەڵکی ناڕازی بکەونە نوختەی بەرامبەری کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی هەڵگری فکری توندڕەوانەی مەزهەبی لەسەر بنەمانی مەزهەبی شیعە، نوختەی بەرامبەری لە گرووپی توندڕەوی مەزهەبی لەسەر بنەمای مەزهەبی سوننیدا خۆی دەنوێنێ، ڕاست ئەوەی کە داعیش ئەمڕۆ ئاڵا هەڵگریەتی.

**کارییگەرییەکانی لەسەر دۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

ئەو زەمینەیەی بۆ چالاکیی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆش بووە، هەر ئەوەش بۆخۆی زەمینەی بۆ لایەنگری لە داعش خۆش کردوە. ئەگەر داعش لە عێراق و سووریە لە نێو نەچێ یان، کۆنترۆڵ نەکرێ، لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن، لەوانەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە خاوەن پێگەو لە ئاکامدا کێشەی مەزهەبی و تەنانەت تێکهەڵچوونی مەزهەبییش ڕوو بدا. ئاکامی ئەوەش دەبێتە هۆی وێرانی‌و دواکەوتووی زیاتری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە ئەگەرێکی وادا زیانێکی زۆر بە یەکپارچەی نەتەوەیی کورد دەگا؛ چونکە بەشێک لە کورد بە تایبەتی لە ناوچەی ئیلام و کرماشان لەسەر مەزهەبی شیعەن. لە کاتی قووڵبوونەوەی کێشەی مەزهەبیدا بیری توندڕەوانە بە دوای خاڵی هاوبەشدا ـ کە باری نەتەوەیی هەیە ـ ناگەڕێ بەڵکوو پێ لەسەر جیاوازییەکان دادەگرێ.

هەورووەها لە ئەگەرێکی وادا مەترسیی ئەوە هەیە بۆ ماوەیەک کێشەی سەرەکیی نەتەوەی کورد بکەوێتە ژێر کاریگەریی کێشە مەزهەبییەکانەوەو زیان بە ڕەوتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی میللی دیموکراتیکی کورد بگەیەنێ. کێشەی سەرەکی کورد لە ئێراندا کێشەی نەتەوایەتییە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەزهەب قەدەغە نیە، باس لە مافی نەتەوەیی‌و دیاریکردنی مافی چارەنووسی کورد و ئازادی‌و دێموکراسی قەدەغەن.

**ڕێگا چارە**

لە کاتێکدا نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی دەسەڵات و مافی خۆی نیە، پێگەو جێگەیکی زۆر لاوازی هەیە. ئەگەر داعش لە ناوچەدا زەبری کاریگەری لێنەدرێ ئەو مەترسیانەی لەسەرەوە باسمان کردن، زۆر جیددین. بەو حاڵەش پێویستە ڕاگەیاندنی ئەحزابی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خستنەڕووی مەترسییەکانی داعش‌و ڕوونکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە بارەی گەورەیی بەڵایەک بە ناوی داعشەوە چالاک بن. پێویستە ناوەندە ئایینییەکان، مزگەوتەکان و مامۆستایانی ئایینی و نیشتمناپەروەر خەڵک، بە تایبەتی لاوەکان لەوە ڕوون بکەنەوە کە داعش جگە لە زیانگەیاندن بە ئایین، ناتوانێ خزمەتێک بە ئایین بکا.

---

# ڕۆژهەڵات خۆی لە خۆیدا ببینێتەوە

## (کورتە سەرنجێک لە دڵگرانیی ڕۆژهەڵاتییەکان لە سیاسەتی باشوور)



**عەولا بەهرامی**

ئەمرۆژانە دڵگرانییەکی سەیر چالاکانی سیاسی‌و چالاکە ڕۆژهەڵاتییەکانی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان‌و دەکرێ بڵێین کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە. هەرچەند دڵگرانیی ڕۆژهەڵاتییەکان لە ڕێبەرانیی سیاسیی باشوور مێژوویەکی درێژی هەیەو، دڵگرانییەک لە بیر کراوەو یەکی دیکە جێگای گرتۆتەوە. بۆیە ئەم دڵگرانییەی ئەمجارەش جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوانی پێشوو نیە. ئەی کەواتە دەکرێ بڵێین بۆ دیسان؟

ئەم دڵگرانییە بە دوای نیگەرانی لە هەڕەشەیەک‌و کارەساتێکدا هات کە باشووری کوردستانی گرتەوە. ئەو نیگەرانییە ڕاست لە جێی خۆیدا بوو. بۆیە پێویست بوو ئەو شەپۆلی هاوپێوەندیی نەتەوەییە وەک ساڵان‌و دەیەکانی ڕابردوو، بگرە زۆر زۆر بە گوڕتریش وەڕێ بکەوێ. بەڵام ئەم دڵگرانییە بۆ؟ ئەم دڵگرانییە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە ڕێبەرانی باشووری کوردستان نەیانتوانیوە وڵامی ئەم شەپۆلی هەست‌و سۆزی کوردانەیە بدەنەوە. ئەوان لەگەڵ ئەوەی بەرگری لە خاکی باشوور دەکەن، بەکردەوە خەریکی کایەکردن لە نێو سیاسەتی ناوچەیی دان یان کەوتوونەتە نێو ئەو کایەیەوە. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی ڕۆژهەڵاتییەکان وڵامی ئەو هەستە پڕ جۆشە نەتەوەییەی خۆیان وەرنەگرنەوە. چونکە پێیان وابوو دەبێ بە بێ لەبەرچاوگیرانی هیچ چەشنە تێبینییەکی سیاسی لە شەڕی بەرگری لە باشووردا بەشدار کرابایەن‌و بەگشتی ڕێبەرانی باشوور وڵامێکی شیاویان بەو هاوپێوەندییە نەتەوەییەی ئەوان دابایەوە.

بە بڕاوی من ئەو دڵگرانییە ناکرێ بەتەواوی لە جێی خۆیدا بێ، یان دەکرێ لە جێی خۆیدا نەبێ. چونکە ئەو دڵگرانییە ڕاست لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە تاکی کورد هەر دەیەوێ بە چاوی هەست‌و سۆزەوە لە سیاسەت بڕوانێ. پاساوی ئەم تێگەیشتنە هەڵەیەش چەمکی نەتەوەیی بوونە. ڕاستە هەستی هاونەتەوەیی بوون لە ناخی هەر کوردێک دایە، بەڵام ئایا دەکرێ بەم هەستەوە لە نیشتمانێکدا لە نوێترین دابەشبوونی بۆ لانیکەم ٩٠ ساڵ لەوە پێش دەگەڕێتەوە سیاسەتیش بکرێ؟ وڵامێکی زۆر کورت بەم پرسیارە ئەوەیە، نا. چونکە بمانەوێ یان نا، لە مێژە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیان هەیە، هاوکێشە سیاسییەکانیان جیاوازەو تەنانەت تێگەیشتنی ڕێبەرە سیاسییەکانیشیان لە سیاسەت بەم پێیە کە پێڕەوی لە بەرژەوەندە سیاسییەکانیان دەکا، جیاوازە.

ئەگەر نەمهەوێ پاساو بۆ سیاسەتی هەڵەی ڕێبەران‌و هێزە سیاسییەکانی بەشێک لە بەشەکانی کوردستان دەرهەق بە بەرژەوەندییەکانی بەشەکانی دیکە بێنمەوە، کە ئەوەیان بابەتێکی جیاوازەو ئێستاش نمونەکانی بە زەقی دەبینرێن، دەبێ بڵێم بە کورتی ڕاستیی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان ئەوەیە کە کورد بەگشتی ناتوانێ خاوەنی یەک بەرژەوەندی سیاسیی هاوبەش بێ، تەنانەت ئەگەر سبەینێ کۆنگرەی نەتەوەییش دامەزرێنێ. ئەوەش هۆکارەکەی ڕاست بۆ دابەشبوونی کوردستان دەگەڕێتەوە. پێم وایە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی ڕاستەقینەو پڕ بە مانای وشە بە بێ خوڵقانی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕ کە پێگەی کورد زۆر بەهێز بکەن، خەیاڵێکی دوورە دەستە. لەم دۆخەی ئێستادا باشترین سیاسەتی نەتەوەیی بۆ ڕێبەرانی سیاسیی بەشەکانی کوردستان ئەوەیە زیان بە بەرژەوەندییەکانی بەشەکانی دیکە نەگەیەنن‌و نەکەونە نێو کایەی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە نکۆڵی لێنەکراوانە، کوردی ڕۆژهەڵاتی کودستان پێویستە بە دوور لە هەست‌و سۆزی کوردانە، جۆرێکی دیکە لە چاوەڕوانییە سیاسییەکانی لە پارچەکانی دیکە، بە تایبەت باشووری کوردستان بڕوانێ. لە باشووری کوردستان بە دروست یان نادروست بە پێی بەرژەوەندە سیاسییەکانی ئەم پارچەیەو تەنانەت بەرژەوەندی لایەنە سیاسییەکان سیاسەت کراوەو دەکرێ. ئەمەش ڕاستییەکە لەبەر دڵی کوردی ڕۆژهەڵات ناگۆڕدرێ.

نکۆڵی لەوە ناکرێ دەسکەوتەکانی باشووری کوردستان دەکرێ وەک دەسکەوتی هەموو کورد چاو لێبکرێن، بەڵام لە پلەی یەکەمدا دەسکەوتی باشوورن. هەروەک بەهێز بوون یان لاوازبوونی پێگەی سیاسیی باشوور لە پلەی یەکەمدا سوودو زیانەکانی بۆ خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان دەگەڕێتەوەو لە پلەکانی دووەم‌و سێیەمدا بۆ بەشەکانی دیکە. بە بۆچوونی من ئەوە کە چاوەڕوان بکرێ باشوور توانایی ئەوەی هەیە لە خۆی بۆ پارچەکانی دیکە مایە دابنێ، چاوەڕوانییەکی نابەجێیە. تەنیا چاوەڕوانیی بەجێ دەتوانێ ئەوە بێ باشوور بە قازانجی خۆی لە سەر حیسابی بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان مامەڵە نەکا. بەڵام باشووری کوردستان دەتوانێ لە دوو بواری ئابووری‌و فەرهەنگییەوە تارادەیەکی باش دەستئاوەڵا بێ‌و پارچەکانی دیکەو بەتایبەت ڕۆژهەڵات لە دەرەتان‌و پوتانسێلەکانی بەهرەمەند بکا.

**دەسکەوتەکانی باشووری کوردستان دەکرێ وەک دەسکەوتی هەموو کورد چاو لێبکرێن، بەڵام لە پلەی یەکەمدا دەسکەوتی باشوورن. هەروەک بەهێز بوون یان لاوازبوونی پێگەی سیاسیی باشوور لە پلەی یەکەمدا سوودو زیانەکانی بۆ خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان دەگەڕێتەوەو لە پلەکانی دووەم‌و سێیەمدا بۆ بەشەکانی دیکە. بە بۆچوونی من ئەوە کە چاوەڕوان بکرێ باشوور توانایی ئەوەی هەیە لە خۆی بۆ پارچەکانی دیکە مایە دابنێ، چاوەڕوانییەکی نابەجێیە. تەنیا چاوەڕوانیی بەجێ دەتوانێ ئەوە بێ باشوور بە قازانجی خۆی لە سەر حیسابی بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان مامەڵە نەکا**

کەواتە قاڵبوونەوەی ڕۆژهەڵاتییەکان لە ڕووداوەکانی بەشەکانی دیکە کوردستان جگە لە دروستبوونی ئەو جۆرە دڵگرانیانە، خەسارێکی دیکەشی لەم بەشەی کوردستان داوە کە ڕاست لە بەرژەوەندی دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران دایە. ئەویش بریتییە لە دروستکردنی هێندێک خاڵی تێرامان لە دەرەوەی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەبنە هۆی پەراوێزخرانی ڕووداوەکان‌و کەم بایەخبوونی تێکۆشانە سیاسی، مەدەنی‌و فەرهەنگییەکانی ئەم بەشەی کوردستان. ئەو بەشە لە کوردستان کە لە پێشدا دەبێ ڕۆژهەڵاتییەکان لە خەمی دابن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا مێژوویەکی درێژی لە خەباتی نەتەوەییدا هەیە، ئەمرۆکە خاوەنی پوتانسێکێکی بەهێزی سیاسی، مەدەنی‌و فەرهەنگییە. بەشداری سیاسییانەو ئامانجداری ڕۆژهەڵاتییەکان لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران‌و کوردستان‌داو هەوڵدان بۆ قۆزتنەوەی دەرفەتە هەر بچووکەکان‌و بەگشتی شکاندنی تابۆی پرسی کورد لە ئێران‌و گەشەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری کولتوری کاری مەدەنی بەشێک لەو کە دەکرێ دەسکەوتی گەورەتریان لە سەر بنیاد بنرێ.

ڕاستە ١٨ ساڵە خەباتی چەکداری لە پێشدا لە بەر پاراستنی دەسکەوتەکانی باشوور ڕاوەستاوەو دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران لەم ماوەیەدا بە تێچوویەکی ماددی‌و مرۆیی کەمترەوە ڕووبەڕووی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بۆتەوە. بەڵام ئەم ڕاستییە ئێستا زیاتر لە هەر کاتێک سەلماوەتەوە کە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بەستراوە بە یەک میتۆدی خەبات نیەو دەکرێ هاوکات لە چەند میتۆد کەڵک وەرگرێ.

لەم پێوەندییەدا خاڵێکی جێگای سەرنج ئەوەیە کە ئەگەر چاوەڕوانی لە خەڵکی ڕۆژهەڵات ئەوەیە بە چاوەڕوانییەکانیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بچنەوە، پێویستە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتیش بە جدی بیر لە ڕێگاکانی دەربازبوون لە «ئاچمەز»ی ئێران ـ باشوور بکەنەوەو لەسەر بنەمای پوتانسێل‌و فاکتۆرە بەرهەستەکانی ڕۆژهەڵات بیر لە هەستانەوە بکەنەوە.

### وتووێژی تایبەتیی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ شەهرام میری،

# گەورەکارناسی بوومەلەرزەناسیو پسپۆڕی تۆماری لەزرە لە دۆزینەوەی نەوت _ سەرچاوە ژێرزەوییەکان

**ئارەش لورستانی: دەکرێ لەسەر چۆنیەتی ڕوودانی بوومەلەرزەو پێوەندیی دەگەڵ جموجۆڵی توێیەکانی زەوی بدوێن؟**



**شەهرام میری:** لە ڕاستیدا بوومەلەرزە لەرینەوەیەکە بە درێژایی توێکڵی زەوی. دەکرێ زیادبوونی لەڕادەبەدەری بەردو توێژەکانی نێوەوەی زەوی بە هۆکاری ڕوودانی بوومەلەرزە بزانین، کە دەبنە هۆی گوشارێک، بەرد دەشکێنیو دوو پارچە بەردی شکاو لە قووڵایی زەوییەوە لە شوێنی شکانەوە بەرەو توێیەکانی سەروو هەڵدەکشێن، ئاستی شکانی بەرد کە جێگۆڕکێی دەگەڵە قەڵشت (گسل)ی پێ دەڵێن. پێوەندیی بوومەلەرزەو قەڵشت زیاتر دوو لایەنەیە، بەو واتایەی هەر ناوچەیەک زەوییەکەی قەڵشی زۆر بێ، بوومەلەرزەشی دەبێ کە ئەم بوومەلەرزەیەش خۆی قەڵشت لە زەوی دەخاو ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی پچڕانو قەڵشتو بەم جۆرە ئەگەری بوومەلەرزە لە ناوچەکەدا زۆر دەکا.

**ئارەش لورستانی: لە ئێران بوومەلەرزە بە چ شێوەیەکەو هۆکاری بوومەلەرزە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران چین؟**

**شەهرام میری:** ئێران وڵاتێکە زۆر بوومەلەرزە لێیدەدا، ئەگەر ئەو بوومەلەرزانەی ئەو چەند ساڵەی دوایی هاتوون لەسەر نەخشەی زەوی دیاری بکەین دوو پشتێنەی گەورە دەردەکەوێ کە شوێنی هاتنی بوومەلەرزەن، کە پشتێندەی دەوری زەریای ئارامو ئالپ _ هیمالیان، ئێران دەکەوێتە نێوەڕاستی پشتێنەی بوومەلەرزەی ئالپ _ هیمالیا، کە ئەم پشتێندە لە ڕۆژئاوای ئورووپاوە دەست پێدەکاو دوای تێپەڕین لە تورکیە، ئێران، ئەفغانستان تا تەبەتو ڕەنگە تا نزیکی بانووی بێرمەو ئەندۆنیزیو بکشێ. بانووی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەکەوێتە نێوان لاپەڕەکانی ئوراسیا (ئاسیاو ئورووپا) و هند ( هندو ئوسترالیا)و عەڕەبستان ( عەڕەبستانو ئەفریقا)و لەلایەن ئەم لاپەڕانەو جموجۆڵیانەوە گوشاری لەسەرەو، هەروەها لەبەر ئەوەی توێکڵی زەوی لە بانووی ئێران لاوازترە لە شوێنەکانی دراوسێی، لەم مەڵبەندە فۆرمەکان بە شێوەی جۆراجۆر دەگۆڕدرێنو، لە ئاکامدا ئەم گوشارانەو تێکشکانی توێیەکانی زەوی وزەیەکی زۆر لە قەڵشەکانی زەوی کۆ دەبێتەوە، کە لە پاشان دەبنە هۆی هاتنی بوومەلەرزەی گەورەو بچووک لە ناوچەکانی ئێران. شێوازی ئەم خزینو تێکشانو تەڤگەرەی توێکڵی زەوی لە بواری بوومەلەرزەوە دەکا بە سێ بەشی ( زاگرۆس، ناوەندی ئێران (لوت)، ئەلبورز).

**ئارەش لورستانی: دەکرێ بە گشتی بوومەلەرزەی ئەم دواییانەی ئیلامو خەساراتو زەرەرو زیانەکانی باس بکەن؟**

**شەهرام میری:** ڕێکەوتی ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٩٣ کاتژمێر ٧:٠٢:٠٥ بوومەلەرزەیەک بە پلەی ٦.٢ لە قووڵایی دە کیلۆمێتری زەوی ڕووی دا، کە چەقی ئەم بوومەلەرزەیە ٣ کیلۆمێتری مورموری (ئابدانان)، ٣٦ کیلۆمێتری موسیان و ٤١ کیلۆمێتری دێهلۆران لە پارێزگای ئیلام بوو. بوومەلەرزەکە لە پارێزگاکانی دیکەش وەک لۆرستانو خوزستان هەستی پێکرا، کە بە خۆشییەوە تا ئەو جێیەی من ئاگام لێیەتی زیانی گیانی نەبووەو تەنیا زیانی دارایی هەبووە. ٣٧٥ بریندار، ٨ گوندیش خراپ بوون.

**ئارەش لورستانی: هەڵکەوتەی جوگرافیاییو سترەکتۆری زەوی‌ناسی ناوچەی ئیلامو هۆکاری بوومەلەرزە لەم ناوچەیە چۆنە؟**

**شەهرام میری:** پارێزگای ئیلام دەکەوێتە ڕۆژئاوای داوێنی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس، ئەم پارێزگایە لەلای باشوورەوە دەگەڵ خوزستانو لەلای ڕۆژهەڵاتەوە دەگەڵ لۆرستانو لە باکوور دەگەڵ کرماشانو لە ڕۆژئاواوە دەگەڵ ئێراق دراوسێیە. بەرزو نزمییەکانی ئەم پارێزگایە دەگەڕێتەوە بۆ بنەنیشتەکانی قۆناغی یەکەم تا چوارەمی زەوی، بەڵام پێکهاتنیان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخەکانی دووەم و سێیەمی زەوی ناسی. لە بواری تەکنۆتنیکی بەشێکە لە ئەیالەتی لەرزینەوەی زاگرۆس، کە یەکێکە لە ئەکتیڤترین ناوچەکانی بەر بوولەرزەی بانووی ئێران.

پێویستە ئەوەش بڵێین قەڵشتی زاگرۆس لەم ناوچەیە زیاترین هەژانو بوومەلەرزەی هەیەو زۆربەی ئەو بوومەلەرزانەی ئەم سەردەمەی ئێستا بە درێژایی ئەم قەڵشتە ڕوویان داوە. چونکی ئیلام، خوزستان، بەندەر عەبباس، لۆرستانو کرماشانیش کەوتوونەتە سەر ئەم هێڵە، بەهۆی گوشاری هێڵی عەڕەبستان کە هۆکاری سەرەکی ئەم بوومەلەرزەیە بوو، بۆسەر هێڵی زاگرۆسو هێڵە لاوەکییەکانی دەوروبەری، دەبێتە هۆی هەژانو لەرزینی ئەم ناوچەیە. هێڵی زاگرۆس لە باکووری بەندەر عەبباسەوە تا پارێزگای سنە درێژەی هەیەو پاشان بەرەو باشووری کوردستان دەکێشێو دیسان دێتەوە سەردەشتو، لەوێشەوە دەگاتە باکووری کوردستانو تورکیە.

**ئارەش لورستانی: بوومەلەرزەکانی پێشتر لە ناوچەی ئیلام یان کوردستان چۆن بوون؟**

**شەهرام میری:** ئیلام لەسەر ئەم هێڵە لە بواری بوومەلەرزەوە ناوەندە، هەر بۆیە بەپێی زانیارییەکانی ٥٠٠ ساڵ لەمەوپێشەوە، بوومەلەرزەیەکی کاولکار لەم ناوچەیە ڕووی نەداوەو هیچ بەڵگەیەک نییە نیشاندەری کاولکاریو وێرانی بێ لە شارە مێژووییەکانی ئیلام، بەڵام لە مێژووی تەبەریدا بوومەلەرزەیەک لە ژێر ناوی بوومەلەرزە لە باکووری « کەبیر کوە» لە ساڵی ٢٥٨ی کۆچی مانگی ئاماژەی پێکراوە، کە بۆتە هۆی کوژرانی بە هەزاران کەسو کاولکارییەکی زۆر کە ئەویش هۆکارەکەی خزینی کێو لە داوێنی باکووری «کەبیر کوە» بووەو پێوەندیی بە بوولەرزەی کاولکاری سروشتی نەبووە.

**ئارەش لورستانی: بڵێی ئەم بوومەلەرزەیە بە هۆی تەقینەوە یان تاقیکردنەوەی چەکو تەقەمەنی سەربازییەوە نەبووبێ؟**

**شەهرام میری:** بوومەلەرزەیەکی ئەوها گەورە ناتوانێ بە هۆی تەقینەوە بێ، چونکە تەقینەوە ئاکامی لەرینەوەی دەسکردە، تەقینەوە جگە لە سەرچاوەی شەپۆلەوە، لە بواری وزەی دەرچووەوەو میتۆدی پێکهاتنی لەرینەوەکانیش دەگەڵ بوومەلەرزەیەک کە بە شێوەی سروشتی ڕوو دەدا، جیاوازە. واتە ڕێژەو خێرایی ئەم وزەیەی لە ڕێگەی لەرینەوە دەسکردەکانەوە دەردەچن دەگەڵ بوولەرزە بۆ پێکگرتنو هەڵسەنگاندن نابێ. بوولەرزە سروشتییەکان لە قووڵایی ٥ تا ١٥ کیلۆمێتری ڕوو دەدەنو ناوچەیەکی بەرین دەلەرزێننەوە، کەچی بەری لەرینەوەی دەسکرد کورتەو تەنیا دەوروبەری خۆی دەگرێتەوە، دیارە دەبێ بڵێین تەقینەوەش دەتوانێ ببێ بە هۆکاری بوومەلەرزە، بەڵام نەک زۆر بە هێز، واتە لە پێوەری ٣ تا ٤ کە هەموو کەس هەستی پێناکا، بەڵام سیستمە نوێیەکان دەتوانن ئەو بوومەلەرزانە دیاری بکەن کە هۆکاریان تەقینەوەیە. بە شیتەڵکاریو لێکدانەوەی سیگناڵی شەپۆلەکان، تا ڕادەیەک جۆری بوومەلەرزەو جۆری تەقینەوە لێک دیاری دەکرێن.

**ئارەش لورستانی: ئەگەری پاشلەرزەی دیکە لە ڕۆژئاوای وڵات، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە؟**

**شەهرام میری:** پاشلەرزەکان ڕەنگە چەندین کاتژمێر، ڕۆژو تەنانەت مانگیان پێبچێو زیاتریش دوای بوومەلەرزەی سەرەکیو لە دەوری ناوەندی هەمان بوومەلەرزەوە ڕوو دەدەن. لە دوای بوومەلەرزەی سەرەکی مورموری ئیلامەوە تا ئێستا نزیک بە ٣٠٠ پاشلەرزە تۆمار کراون کە گەورەترینیان نزیک پلەی ٥ پلە بووە. بە بڕوای من تا دوو سێ مانگی تریش پاشلەرزەکان درێژەیان دەبێ، کە دواتر پاشلەرزەکان خاوتر دەبنەوە، چونکی قەڵشتە لاوەکییەکان وردە وردە وزەیان دادەبەزێو پاشلەرزەکانیش دەبڕێن.



**ئارەش لورستانی: بۆچی لە ئێران هەمیشە هەست دەکرێ جۆرێک کەمتەرخەمی لە یارمەتی گەیاندن بە بوومەلەرزە لێدراوەکان هەیە؟**

**شەهرام میری:** دیارە کێشەی بنەڕەتی لەم ڕەوتەدا مودیرییەتی لاوازی قەیرانەکەیە، ئەگەرچی بەرپرسانی ئیلام ڕایانگەیاند لە بوومەلەرزەی مورموریدا بە وەخت، قەیرانەکە مودیرییەت کراوە هەر بۆیەش زیانی گیانی نەبووە، بەڵام دەبێ بڵێین نەبوونی زەرەرو زیانی گیان دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارەکانی زەوی‌ناسیو تۆپۆگرافیو پرۆسەو زەمانی ڕوودانی بوومەلەرزەکەش، لە بوومەلەرزەکانی دیکەی ئێراندا کەم کاریو کەمتەرخەمی بینراوە پێویستە بڵێین مودیرییەتی قەیران ٤ قۆناغە: ١_ پێشگیریو زانیاری پێدان، ٢_ ئامادەیی، ٣_ بەرەنگاریی، ٤_ چاککردنەوە، ئەم قۆناغانە تەواوکەری یەکترینو هەر چەشنە کەموکوڕییەک لەم قۆناغانەدا دەبێتە هۆی خاوی یارمەتی گەیاندنی بە وەختو دروست بۆ ئەو ناوچەیەی بوومەلەرزە لێی داوەو بە داخەوە لە زۆربەی بوومەلەرزە کاولکارەکانی پێشتردا ئەم کەموکوڕییانەمان دیوە.

## مودیرییەتی قەیران ٤ قۆناغە:

## ١_ پێشگیریو زانیاری پێدان، ٢_ ئامادەیی، ٣_ بەرەنگاریی، ٤_ چاککردنەوە، ئەم قۆناغانە تەواوکەری یەکترینو هەر چەشنە کەموکوڕییەک لەم قۆناغانەدا دەبێتە هۆی خاوی یارمەتی گەیاندنی بە وەختو دروست بۆ ئەو ناوچەیەی بوومەلەرزە لێی داوەو بە داخەوە لە زۆربەی بوومەلەرزە کاولکارەکانی پێشتردا ئەم کەموکوڕییانەمان دیوە.

**ئارەش لورستانی: وەک پسپۆڕێکی بوری بوومەلەرزە، پێشنیارتان بۆ بەرەنگاری بوومەلەرزە چییە؟**

**شەهرام میری:** بە بڕوای من گرینگی‌دان بە چۆنییەتی سازکردنی بیناو بە تایبەت ڕەچاوی قانوونە ستانداردەکانی بیناسازی دەتوانێ هۆکارێکی کەمکردنەوەی زەرەرو زیانەکانی بوومەلەرزە بن. بابەتێکی دیکە بەرگری لە کۆچ بۆ ئەو ناوچانەی مەترسیی هاتنی بوومەلەرزەیان لەسەرە. گرینگی‌دان بە نۆژنکردنەوەو قایمو پتەو سازکردنی ئاوەدانییەکان، زانیاریی پێدان لەسەر چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی بوومەلەرزە، پەرەپێدان بە ناوەندە لەش‌ساغییەکان. ڕەچاوی ئەم بابەتانە تا ڕادەیەکی زۆر زەرەرو زیانی بوومەلەرزە کەم دەکەنەوە.

**ئارەش لورستانی: لە کۆتاییدا ئەگەر بابەتێک ماوە باسی بکەن، فەرموون؟**

**شەهرام میری:** بەداخەوە ناکرێ ریسک و کاتو شوێنو پلەی بوومەلەرزەکان بەربێژیی بکەین، بەڵام بەپێی توێژینەوەکان لەسەر ئەکتیڤی هێڵو درزو قەڵشە ناسراوەکانو سترەکتۆژی زەویو تەکتۆنیکی و تاوتوێی تەکنیکە ژێئۆفیزیکی‌یەکان و پێشینەی هاتنی بوومەلەرزە لە ناوچەکەدا، دەتوانین بڵێین لە کام ناوچە ئەگەری ڕوودانی بوومەلەرزە هەیە. خاڵێکی دیکەش کە بووەتە هۆی شڵەژاندنی بیروڕای گشتی؛ بابەتی بەستنەوەی ئەم بوومەلەرزەیەی ئیلام بە بوومەلەرزەیەکی شیمانەیی کاولکارە لە تاران، کە دەبێ بڵێین هیچ جۆرە هاوچەشنییەک لە نێوان ئەم دووەدا نییە چونکە ئەیالەتی لەرزەی پێکهاتەی زەویی تارانو ئیلام بە تەواوەتی لێکجیان.

**وەرگێڕان: ئاڵەشین**

# دوالیزمی کەلامیی سەرکۆمار



حەسەن شێخانی

١)ڕۆژی شەممە ٨ی خەرمانان ڕوحانی لە وەڵامی پرسیاری هەواڵنێری ڕۆژنامەی کەیهان، کە خامنەیی فیتنەی بە هێڵی سووری سیستم داناوە و، ئامۆژگاری کردووە وەزیرەکان سنووربەندی لەگەڵ فیتنە بکەن‌و بە بەڵێنیەکەیان لە ڕەوتی وەرگرتنی دەنگی متمانەی مەجلیس وەفادار بن، ئێوە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامۆژگارییە چ بەرنامەیەکتان هەیە؟ وێڕای پێداگری لەسەر ئەوەی کە ئامۆژگارییەکانی خامنەیی لەبەر چاو دەگرین‌و بە تەواوی پراکتیزەی دەکەین، گوتی: پێوانەی ئێمە یاسایە، ئەگەر کەسانێک بە پێی یاساو لە دادگا مەحکووم کرابن و لە مافە کۆمەڵایەتییەکان بێ‌بەش کرابن، ئەوە لە هیچ بەرپرسایەتییەکدا کەڵکیان لێ‌وەرناگرین، لە غەیری ئەوەدا لە سەر بنەمای وەهمو بێ حوکمی دادگا، کەس وەلا نانێین. ئەم وەڵامە بە دوو شێوەی جیاواز لێکدرایەوە، لە لایەک بەرەی دەوڵەت بە پۆزەتیڤی زانی‌و پێشوازی لێ‌کرد، لە لایەکی دیکە ئوسوولگرا توندڕەو و نەریتییەکان بە ئالاهەڵگریی ڕۆژنامەی کەیهان و ڕسالەت١، ئەم قسەیان بردە ژێر پرسیارو ئەوەیان هێنایە ئارا کە ئەگەر تاوان ئاشکرا بێ، پێویستی بە بڕیاری دادگا نییە، تەنیا ئەو تاوانانەی ڕوون و ئاشکرا نین، دەبێ دادگا لێی بکۆڵێتەوەو حوکمیان لەسەر بدا. قسەکەیان ئەوەیە کە «فیتنەگێڕان» تاوانەکەیان ئاشکرایە، ئەوان ویستوویانە سیستم بڕووخێنن، تابوری پێنجەمی ئەمریکاو ئیسرائیل بوون‌و بێ ڕێزیان بە ڕۆژی عاشورا کردووە و ...، کە واتە پێویستییان بە بڕیاری دادگا نییەو دەبێ بێ حوکمی دادگا بۆ هیچ بەرپرسایەتییەک کەڵکیان لێ‌وەرنەگیرێ. ئەوان بۆ پشت ڕاست کردنەوەی بۆچوونەکەیان نموونە لە هەڵوێستو کرداری خومەینی دێننەوە؛ محەممەد حەسەن ڕەحیمیان لە ژمارەی سێ شەممەی ١١ی خەرمانانی ڕۆژنامەی کەیهان‌دا دەڵێ: خومەینی بە بێ حوکمی دادگا هەر چەشنە دانی بەرپرسایەتییەکی بە «نهضت آزادی» لێبڕوانە قەدەغە کرد و «بەرەی میللی»شی بە هەڵگەراوە لە دین ڕاگەیاند.

لە وەڵامی ئەم قسانە دا نعمەت ئەحمەدی یاساناس و پارێزەر لە میانەی وتارێک دا کە لە ڕۆژنامەی «شرق»ی ڕۆژی دووشەممە ١٠ی خەرمانان دا لە ژێر سەردێڕی «سەفسەتەی تاوانی ئاشکرا» بڵاوبۆتەوە، دەڵێ: کەسێک تاوانبارە کە حوکمی نیهایی لە لایەن دادگاوە بۆ دەرچووبێ‌و ئەمەش دوای ئەوەی هەموو قۆناغە یاساییەکانی لە لایەن دادگاوە تێپەڕ کردبێ، تازە ئەگەر تێپەڕینی زەمان نەیگرێتەوە، چونکە ئەگەر کەسێک مەحکوومیش کرابێ بەڵام بەدوای نەکەوتبن یان بۆیان دەستبەسەر نەکرابێ، داوی ماوەیەک کە یاسا دیاری کردووە، ئەوە تێپەڕینی زەمان دەیگرێتەوە و ئەو حوکمە ئیتر جێبەجێ ناکرێ. لە درێژەی وتارەکەی‌دا نعمەت ئەحمەدی دەڵێ: چەمکی تاوانی ئاشکرا پێوەندی بە ئەرکی پۆلیسەوە هەیە، پۆلیس جێبەجێکاری دەسەڵاتی قەزاییە، بە پێی فەرمانی نووسراوی بەرپرسی قەزایی دەجووڵێتەوەو بۆخۆی بڕیار نادا تەنیا بابەتەکە دەنێرێتەوە بۆ دەسەڵاتی قەزایی. لە حاڵەتێکدا کە تاوان ئاشکرا بێ، بۆ نموونە دوو نەفەر لە شەقام بەشەڕ بێن، بە بێ فەرمانی نووسراو دەتوانێ دەستبەسەریان بکا و بیانگرێ ... کە واتە ئەوەی ڕەوتی ڕاستیی (بەتایبەت) توندڕەو دەیلێ لە سەفسەتەیەک زیاتر نییە.

بە پێی زۆر نیشانە، بە تایبەت قسەکانی خامنەیی لە دیداری ڕۆژی چوارشەممە ٥ی خەرمانان لەگەڵ کابینەی دەوڵەت دا، کە بە شێوەیەکی ئاماژەکیی ڕەخنەی لە «انتصابات»ی وەزارەتی علوم گرت، دەردەکەوێ کە بۆچوونی ئەسوولگەراکان لە بۆچوونی خامنەیی نزیکتر بێ.

٢)ڕووحانی لە «کۆبوونەوەی ڕۆژی جیهانیی مزگەوت» دا لە مەر ئەو باسانەی سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی نەسلی سێیەمی تەلەفون، لە ئێران دا لە ئارا دان، دەڵێ: لە دنیای ئەمڕۆدا بە بێ کەڵک وەرگرتن لە ئینتێرنێت، ناتوانرێ خوێندکاریش بکرێ، چ بگا بەوەی کە زانا و بیرمەند پەروەردە بکەین. مەگەر دەتوانرێ ئامرازە نوێیەکان لە دنیای ئەمڕۆدا وەلا بنرێن. ئەگەر ئەمرۆش لە خزمەتگوزارییەکانی نەسلە پێشکەوتوەکانی تەلەفون کەڵک وەرنەگرین، سبەی هەر ناچار دەبین بەکاریان بێنین. ناتوانین دەرگاکانمان بەڕووی دنیادا داخەین ...

دیارە لەم پرسە و هەندێک پرسی دیکەش دا کە ڕووحانی هێناونیە ئارا، بە پێی بیرکردنەوەو بەدگومانی خامنەیی بە نیسبەت پێداویستییو تێکنۆلۆژی مۆدێرن، مەودایەک لە نێوان بیرو بۆچوونەکانی ڕووحانی‌و خامنەیی‌دا دەبینرێ.

پرسیار ئەوەیە لە ململانێی ئەم بۆچوونانەدا، کامەیان ڕەنگی پراکتیک بە خۆیەوە دەگرێ؟

**ئەلف:** خامنەیی ئازادیی کردەیی سەرکۆمار تا ڕادەیەک دەپەژرێنێ، بەڵام هەروەک نیشانی داوە سەرکۆمارێک کە زۆر سەربەخۆ بجووڵێتەوە، تەحەممولی ناکاو بە دەسەڵاتو ئامرازانەی لە بەردەستی دان، ڕێگەی لێ‌دەگرێ.

**ب:** لە ئێران‌دا زۆر شۆرای بەرز هەن(شۆرای بەرزی مەجازی، شۆرای بەرزی فەرهەنگی، شۆرای بەرزی ئاسایشی نەتەوەیی‌و ...)، کە لە سەرووی دەوڵەت‌دا جێ دەگرن‌و دەست و پێوەندەکانی خامنەیی تێیاندا باڵا دەستن، لە پرسە پێوەندیدارەکان‌دا ژێدەری بڕیارن‌و بڕیارەکانیان لە لایەن دەوڵەتیشەوە جێبەجێ دەکرێن.

**ج:** ڕووحانی کە ئەو شتانەی سەرەوە دەڵێ، لە هەمان کات‌دا پێداگریش دەکا کە قسەو ئامۆژگاری خامنەیی لە سەر چاو دادەنێین و بە تەواوی پراکتیزەی دەکەین، یان دەڵێ قسەی خامنەیی یەکلاکەرەوەیە و، وەک قسەی پێغەمبەر چاوی لێ‌دەکەین. واتە هەم جیاوازیی بۆچوونی لەگەڵ خامنەیی لە هەندێک بواردا دەخاتەروو، هەمیش دەڵێ قسەی خامنەیی بۆ ئێمە حوججەتە.

بە سەرنجدان بەو خاڵانەی ئاماژەیان پێ‌کرا، لەو بوارانەی کە گرینگو هەستیارن، ئەوە قسەی خامنەیی‌یە کە ڕەنگی کردەیی بە خۆی دەگرێ‌و بۆچوونی جیاوازیی ڕووحانی ئاستی قسە تێ‌ناپەڕێنێ. وەک دەردەکەوێ ڕووحانی لە دوالیزمێک کەڵک وەردەگرێ، لە ڕاستی‌دا ڕووحانی لە لایەک هەندێک جار بە توندیش نیشان دەدا کە جیاوازیی بۆچوونی لەگەڵ وەلی فەقیە هەیە، لە لایەکی دیکەش دەڵێ کە خامنەیی شتێکی گوت، ئیتر دەبڕێتەوە. ڕووحانی بەم پێداگرییەی کە لە سەر یەکلاکەرەوە بوونی قسەی خامنەیی دەیکا، جیاوازیی بۆچوونەکانی لە گەڵ وی کاڵ دەکاتەوە. هەڵبەت دەبێ ئەم خاڵەش لەبەرچاو بگرین کە ڕووحانی کاتێک دەتوانێ(لە پرۆژەیەک یان پرۆژەکانی‌دا) سەرکەوتوو بێ کە لانی کەم خامنەیی لە دژی نەبێ.

لە کۆتایی‌دا ماوەتەوە بڵێین کە لەوانەیە حەق بە سەروتار نووسی ڕۆژنامەی کەیهان، محەممەد ئیمانی بێ٢، کە دەڵێ: ئەگەر ڕووحانی پێی وایە قسەی خامنەیی وەک قسەی پێغەمبەرەو دەبێ پێڕەوی لێ‌بکرێ، پێویستیی ئەم قسەیە ئەوەیە کە خامنەیی دەڵێ نەرمی نواندن لە هەمبەر ئەمریکا بێ‌فایدەیەو ئەمریکا جێی متمانە نییە؛ کە خامنەیی لە بەشی فەرهەنگی‌دا نیگەرانە؛ کە خامنەیی دەڵێ دەبێ لەگەڵ فیتنە سنووربەندی بکرێ؛ دەبێ ڕووحانی ئەم قسانە بە تەواوی لەبەرچاو بگرێ‌و پێش ئەوەی کە مەجلیس بێتە نێو پرسەکە، دەبێ ڕوحانی گوێی وەزیرەکانی بگرێ و پێیان بڵێ کە نابێ لە کەسانی سەر بە فیتنە کەڵک وەربگری، دەبێ وەزارەتی ئیرشاد پێش بە بەڕەلایی لە سینما و چاپ و هونەر دا بگرێ ... بە واتەیەک دەڵێ ڕووحانی هەم لە ناڵ دەدا هەم لەبزمار.

> **ڕووحانی لە لایەک هەندێک جار بە توندیش نیشان دەدا کە جیاوازیی بۆچوونی لەگەڵ وەلی فەقیە هەیە، لە لایەکی دیکەش دەڵێ کە خامنەیی شتێکی گوت، ئیتر دەبڕێتەوە. روحانی بەم پێداگرییەی کە لە سەر یەکلاکەرەوە بوونی قسەی خامنەیی دەیکا، جیاوازیی بۆچوونەکانی لە گەڵ وی کاڵ دەکاتەوە. هەڵبەت دەبێ ئەم خاڵەش لەبەرچاو بگرین کە ڕووحانی کاتێک دەتوانێ(لە پرۆژەیەک یان پرۆژەکانی دا) سەرکەوتوو بێ کە لانی کەم خامنەیی لە دژی نەبێ.**

**پەراوێز**

**١)سەروتاری کەیهان، ڕۆژی یەکشەممە ٩ی خەرمانان لە ژێر ناوی: به قول شما كدام دولت، هەروەها سەروتاری ڕسالەت، ڕۆژی دووشەممە ١٠ خەرمانان لە ژێر ناوی: خط قرمز فتنه**

**٢)سەروتاری کەیهان، ڕۆژی سێ شەممە ١١ی خەرمانان لە ژێر ناوی: الزامات سخن درست رئيس جمهور**

— — — — — — — — — — — — — — — —

# زانکۆ وەک شوێنی فێربوون



ڕێبوار مەعروف‌زادە

لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٣ بە دەنگی ئەرێنی ١٤٥ نوێنەری پارلمانی ئێران، ڕەزا فەرەجی دانا، وەزیری زانست و توێژینەوەی دەوڵەتی ڕووحانی لەسەر کار لابردرا. زۆربەی نوێنەرانی پارلمان گەڕاندنەوەی ئاژاوەگێران بۆ زانکۆکان، واتە ئەوانەی لە نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٨٨ بەشدار بوون، بە هۆکاری سەرەکی ستاندنەوەی بەرپرسیارەتی لە فەرەجی دانا دەزانی. ڕووحانیش هەر لە دوای ئەو هەلوێستەی نوێنەرانی پارلمانی ئێران ڕایگەیاند کە ڕێگەی فەرەجی دانا درێژەی دەبێ‌و محەممەدعەلی نەجەفی، کە خۆی پێشتر هەر لەو پارلمانە وەک پالێوراوی وەزارەتی پەروەردە دەنگی نەهێناوە، بە بەرپرسی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەستنیشان کرد. ئەستاندنەوەی بەرپرسیارەتی فەرەجی دانا یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی جیددی دەوڵەتی ڕووحانی و پارلمانی ئێران بوو بەڵام بێ گومان دوایین ڕووبەڕوبوونەوە نابێ. هەر بۆیە گرینگە بزانین بۆ وەزیری خوێندنی باڵا لابردرا و لە گرینگی پێگەی زانکۆکان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێ‌بگەین.

### هۆکارەکانی لابردنی فەرەجی دانا

١. هێنانەوە کەسانی سەر بە بەرەی فیتنە (ئاژاوەگێڕان) بۆ نێو زانکۆکان: روحانی سەرەتا دکتور جەعفەر میلی مونفەرێدی وەک وەزیر بە پارلمانی ئێران ناساند بەڵام ئەو دەنگی پێویستی نەهێناوە. لە کاتی دەنگدان بە میلی مەنفەرێد ١٦٢ نوێنەر دەنگی نەرێنی و ١٠٥ نوێنەریش دەنگی ئەرێنیان پێدا. بە واتایەکی ڕیفورمخوازان ئێستا لە پارلمان کەمینەن و کۆنەپارێزان زۆرینە پێکدێنن. ئەو نوێنەرانە میلی مونفەرێدیان بەوە تاوانبار دەکرد کە کاتێک لە زانکۆی ئەمیرکەبیر بووە پشتگیری لە خوێندکارانی سەر بە فیتنە کردوە. ڕووحانی لە دوای دەنگنەهێنانەوەی میلی مونفەرێد، دوکتور جەعفەر توفیقی وەک سەرپەرەست دیاری کرد کە ئەویش وەک لایەنگری بەرەی فیتنە لەقەلەم دەدرێ. هەرچەند فەرەجی دانا بە هۆی ئەوەی کەسێکی سیاسی نەبوو، سەرەتا توانی متمانەی پارلمان بە دەست بێنێ بەڵام جەخت کردنی ئەو لەسەر گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی بۆ بەڕیوەبەری زانکۆکان و دوورکەوتنەوە لە ئیدئۆلۆژیک کردنی زانکۆکان ، باسکردنی ٣ هەزار بۆرسیەی نایاسایی لە دەورانی ئەحمەدی نژاد، ڕێگەدان بە گەڕانەوە و درێژەدان بە خوێندنی خوێندکارانی ئەستێرەدار هەموو هۆگارگەلێک بوون کە ١٤٥ نوێنەری پارلمان لە دژی ئەو دەنگ بدەن.

٢. دیاریکردنی سەرۆکو بەرپرسی زانکۆکان بە بێ پرسکردنی بە وەزارەتی ئیتلاعات و شوورای ئینقلاب: گۆڕینی سەرۆکی زانکۆی تاران و لابردنی فەرهاد ڕەهبەر کە بووە مەیەی خۆشحاڵی خوێندکارانی ئەو زانکۆیە، دانانی دوکتور محەممەد ڕەعایایی وەک بەرپرسی زانکۆی چەمرانی ئەهواز کە کاتی خۆی لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٨٨ خۆی ڕاگەیاندراوی نارەزایەتی خوێندەوە، گەڕاندنەوە دوکتور ڕەحیم حوبی نەقی بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی ورمێ کە پێشتر لە دەورانی ڕیفورمخوازان‌دا لە ساڵی ١٣٧٨-١٣٨٠ سەرۆکی زانکۆی ورمێ بوو و ... جۆرێک لە ڕەوتی زالبوونی ڕیفورمخوازان و لابردنی هێژمونی کۆنەپارێزان بە سەر فەزای زانکۆکانی لێکەوتۆتەوە. کاتی خۆی کە دەوڵەتی ڕووحانی پێکهات ئەو دەوڵەتە ڕێکەوتنێک نافەرمی بوو لە نێوان خامنەیی، ڕەفسەنجانی و خاتەمی. بە واتایەکی هەر یەک لەو وەزیرەکان نزیک لە یەکێک لەو ڕەوتانە بوون. مەحموودی عەلەوی، وەزیری ئیتلاعات، بەشی ڕێبەری بوو لە دەوڵەتی ڕووحانی. تەنانەت لە سەردەمی ئەحمەدی نژادیش وەزارەتی ئیتلاعات بەشی ڕێبەر بوو و سەرۆک کۆمار نەیتوانی حەیدەر موسلحی لە کابینەی خۆی لابەرێ. کەمرەنگبوونەوی دەسەڵاتی وەزارەتی ئیتلاعات لە زانکۆکان ڕێک بە واتای کەمرەنبوونەوە دەسەڵاتی ڕێبەر لە زانکۆکان و هەر بەو پێیەش لە سەرجەم ولات دایە.

٣. ڕیسواکردنی دەولەتی ئەحمەدی نژاد ڕیسواکردنی نیزامە: ئاشکراکردنی ٣ هەزار بۆرسییەی نایاسایی و ناپێویست لە سەردەمی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد کە تەنانەت دە کەس لە پارڵمانتارانی ئێستا پارڵمانی ئێرانیش دەگرێتەوە، لە ڕوانگەی ڕێبەرەوە خەسار بە کۆی کۆماری ئیسلامی دەگەیەنێ. فەرەجی دانا وتی کەسانێک بۆرسیە کراون کە مەرجی ئاکادێمیکی پێویستیان نەبووە و تەنانەت کەسانێک بۆ وەرگرتنی دوکتورای زمانی فارسی بۆ دەرەوەی وڵات بەرێ کراون. خامنەیی لە دانیشتنی لەگەڵ کابینەی ڕووحانی باسی ئەوەی کرد کە کەموکۆرییەکانی دەورانی ئەحمەدی نژاد پێویستە چاک بکرێتەوە بەڵام ئەو گرفتانە نابێ باس بکرێن و ڕای گشتیان لێ ئاگادار بکرێتەوە.

٤. لابردنی فەرەجی دانا خۆئامادەکردنی کۆنەپارێزان و ڕیفورمخوازان بۆ هەڵبژاردنی پارڵمانی خۆلی دەیەمە کە لە ڕەشەمەی ١٣٩٤ بەڕێوە دەچێ. کۆنەپارێزان ئێستا زۆرینەی پارڵمان واتە نزیک بە ١٤٥ نوێنەریان هەیە و ڕیفورمخوازانیش کەمینەیەکی ١٠٥ کەسیان هەیە. دەوڵەتی ڕووحانی ئەگەر بیهەوێ بەهێزی زیاتربەردەوام بێ دەبێ هەوڵ بدا لە خۆلی دەیەمی پارڵمان زۆرینە بێ بۆ ئەوەی پارڵمان چارەنووسی فەرەجی دانا تووشی وەزیرانی دیکەی ڕووحانی نەکا. کێشەی ڕووحانی ئەوەیە دەبێ کارێک بکا کە کاندیدەکانی ڕیفورمخوازان بتوانن لە لایەن شورای نیگابان، کە سەر بە ڕێبەرییە، ڕێگەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانیان پێ بدرێ. هەر بۆیە دەوڵەتی ڕووحانی لە لایەک هەوڵ دەدا گرینگی بە دەنگی خەڵک بدا و لە لایەکی دیکە هەوڵ بدا لە گەڵ سیستمی کۆماری ئیسلامی و چاوەدێری خامنەیی چەشنێک لە سازان دروست بکا.

### گرینگی پێگەی زانکۆکان

کاتی خۆی لە سەردەمی شادا مزگەوتەکان تاکە شوێنێک بوون کە ڕێژەیەک لە ئازادی، پۆتانسیەلی کۆبوونەوە و کانالیزەکردنی نارەزایەتیەکانیان هەبوو. ئەمرۆ زانکۆکان بە هۆی هەبوونی ڕێژەیەک لە ئازادی‌و دەرەتانی دیالۆگ، بە هۆی ئەوەی هەبوونی هەزاران گەنج و هێزی مرۆیی، بە هۆی هەبوونی توانای عەقلی‌و زانستی بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ... ئێران ڕۆلێکی هاوشێوە لەگەڵ مزگەوتەکان لە سەردەمی شایان دا هەیە. بەڵام ئەوە گرینگە کە وەک کورد چ جۆر ڕوانینێکمان بۆ کەڵک وەرگرتن لە زانکۆکان و توانای کۆمەڵگەڵگەی خوێندکاری هەبێ.

زانکۆ شوێنی سیاسەت فێربوونە نەک سیاسەت کردن. زانکۆ شوێنی ئەوەی کە

ل ٨



# کورد و ئیسلام و بیری ئیخوان لە کوردستان

## (وتووێژێک لەگەڵ حەکیم کاکەوەیس)

بەشی یەکەم

ئا: مادح ئەحمەدی

**بەڕێزتان لەمەڕ ئیسلام و کورد و هەندی ڕای تایبەتتان هەیە. بۆ وێنە باسی ئەوە دەکەن کە کورد تەنیا نەتەوەیەکە کە ڕوو ڕاستانە خزمەتی ئیسلامی کردوە و بۆ بەرژەوەندیی خۆی سوودی لە ئیسلام وەرنەگرتوە. کەچی عەرەب ئیسلام بۆ بەرژەوەندیی خۆی بە کار دێنێ. شیعە بە هەمان شێوە کەڵکی لێ وەردەگرێ. ئەم ڕوانگەیە بەرهەمی چ جۆرە خوێندنەوەو تێگەیشتنێکە بۆ پێوەندیی نێوان کوردو ئیسلام؟**

**حەکیم کاکەوەیس:** خوێندنەوەی مێژوو ئەوەمان پێ دەڵێ. مێژووی خۆمان ئەوە دەڵێ. سەلاحەددینی ئەییوبی کورد بوو و دیتوانی کارێ بکا ئێستاش کورد حەساوە بوایە، بەڵام نەیکرد. پیاوانی ئایین لەو مەسەلەیەدا بیانووی ئەوە دەهێننەوە کە ئەو سەردەمە هەستی نەتەوایەتی نەبوو. بەڵام ئەم بیانووە ڕاست نیە و ناڕاستیی ئەوەش بەشی ئەوە دەکا گلەیی لە سەلاحەددین بکەین. هەستی قەومایەتی هەبووە، بەڵام ئەگەر ئێستا ئەو هەستە لە ناو کورددا نەبێ، گلەیی چی لە سەلاحەددین بکەین؟! ئەگەر ئێستا سەرکردەی کورد هەستی نەتەوایەتی نەبێ سەلاحەددین چۆن هەیبووبێ؟ بەڵام قەومەکانیتر هەستی نەتەوایەتییان بووە. عومەری کوڕی خەتتاب کە بە دادپەروەری بەناوبانگەو پتر لە پێنج سەد ساڵ پێش سەلاحەددین بووە، ئەوپەڕی قەومی بووە. ئەوە کورد بووە کە هەستی نەتەوایەتی نەبووەو ئێستاش، بە داخەوە نییەتی!

هەر ئەوە بەسە بڵێین عومەر ژنە دیلە عەرەبە ناموسوڵمانەکانی ئازاد دەکرد و دەیوت: فیهن عز العرب! بەڵام ژنی ناعەرەبی موسوڵمانی ئازاد نەدەکرد. هەر ئەوە بەسە کە حەسەن عەلەوی باسی دەکا و عومەر یەکەم عەشرەتی عەرەبی لە بەسرا نیشتجێ کرد و لەوەوە عێراق بوو بە خاکی عەرەب. ئەدی ئەبو لوئلوئە قەومی نەبووە کە عومەری لە تۆڵەی ژنە ئێرانی کوشت؟ نەخێر، ئەوە تەنیا کورد بوو ئەو هەستەی نەبوو و ئێستاش هەر کوردە ئەو هەستەی نییە دەنا چ نهێنییەک لەوەدایە دوای یەکەم جەنگی جیهانی، چەندین دەوڵەت دروست بوون‌و خاکی کەس دابەش نەکرا هی کورد نەبێ؟! کورد خۆی هی دابەشکردن بوو دەنا دەبوو ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن تورکیا دابەش کرابا، چونکە قەومێکی دۆڕاوی جەنگ بوون. ئێمە مێژوو دەنووسین و دەخوێنینەوە بەڵام لێکدانەوە و شیکردنەوەی مێژووییمان نییە. مامۆستا کەمال مەزهەر باسی شێخ مەحموود و حەمە سلێمان دەکا، بەڵام لەبەر ئەوەی شیکردنەوەی بۆ هەڵوێستی حەمە سلێمان نییە، لێی پاشگەز دەبێتەوە! حەمەی سلێمان، خیانەتی کرد بەڵام کەس نازانێ بۆ چی کردی؟! کێشەی عەشرەتی بوو یا چی؟

**لە شوێنێکدا دەڵێی «لە ئیسلامدا باوەڕدار لە یەک کونەوە دوو جار پێوەی نادرێ... کورد قەت سوودی لەمە وەرنەگرتوە». ئەمە بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

**حەکیم کاکەوەیس:** ئەوە فەرموودەیەکی بەرزی پەیامبەری ئیسلامە. ئەی ئەگەر ئێمە موسوڵمانین بۆچی سوودمان لەو فەرموودەیە وەرنەگرتوە؟! هەر ئەمە بەسە بۆ ئەوەی بڵێین چی لە زەرەری خۆمانە وەریدەگرین‌و چی لە قازانجی خۆمانە وەلای دەنێین. ئەگەر پەیڕەوی ئەو حەدیسەمان بکردایە، لە یەک جار زیاتر گفتوگۆمان لەگەڵ بەعس‌دا نەدەکرد! لە یەک جار زیاتر تورکیا دەستی نەدەبڕین!

**کورد بە چ شێوەیەک دەتوانێ ئیسلام بە قازانجی مافە ڕەواکانی بە کار بێنێ؟**

**حەکیم کاکەوەیس:** ئیسلام، دەقی هەیە لە سوودی کورددا بێ‌و ڕێمان بدا داوای مافی ڕەوای خۆمان بکەین. بەڵام کە لایەنە ئیسلامییەکان ئەو دەقانە بەکار ناهێنن، ئیتر من دەستیان لێ دەشۆم و هیوام پێیان نامێنێ. نەک هەر ئەوە، وەک بۆمبێکی چێندراوی سعوودیە لێیان دەڕوانم‌و دەشزانم سعوودییە کێ دەیبزوێنێ و هاوکاری کێیە. ئێ ئاخر کاک مەلا، کە دەق هەیە پشتم بگرێ، بۆچی لێمی دەشاریتەوە؟! ئەم کاک مەلایانە، دەق دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی گەنجی کورد بۆ غەزا لە دژی کوردی ڕۆژاوا هان بدەن، بەڵام لە ئاستی ئەو دەقانەدا کوێرن کە مافی چارەنووس بە کورد دەدا. بە ڕاستی کارێکیان کردوە جێی گومان بن‌و هیوادارم ژیانی «شێخ مەعشووق خەزنەوی» بخوێننەوە تا بزانن موسوڵمانی ڕاست چۆنە.

**بەڕێزتان زۆر جار باسی ئەوە دەکەن کە «مەلاکانی کورد کار بۆ ئەوە دەکەن لە ڕێگەی دینەوە کورد موالی‌و بچووکی عەرەب بێ‌و بیانووشی بۆ دێننەوە». ئەمە بۆ چی ئەگەڕێتەوە؟**

**حەکیم کاکەوەیس:** لە ڕاستی‌دا، ئیسلام وەک دینێک بە سەردەمێکی زۆر چارەنووسسازدا تێدەپەڕێ و مەلاکان خستوویانەتە بوارێکەوە، مەترسی پاشەکشە و تێکشکانی لە سەر بێ. ئیسلام ئایینێکی تەڵقینییە... مەلا قسە دەکا و خەڵک دەڵێن: «ئامین». مەلایەکی گەورە و زانای وەک قەرەزاوی، ئەگەر ویژدانی خۆی بفرۆشێ، دەتوانێ ئایینەکە تەفروتونا بکا. فەتوای جیهادی نیکاح‌و پشتگیریی کوردکوژەکانی سووریا وایان کردوە خەڵکێکی زۆر دژی ئیسلام بوەستنەوە. ئەو کارەساتانەی کە داعش دەیخولقێنێ، وای کردوە کە خەڵکێکی زۆر دژی ئەم جۆرە لە ئیسلام بوەستنەوە.

جا تۆ بۆ خۆت هەر بڵێ، «خوا دەیپارێزێ». ئەو کارە سووکانەی جیهادییەکان دژی کورد دەیکەن، تەنیا ڕۆحی کۆیلە دەستەمۆ دەکەن.

**دەکرێ بێژین ئیسلامی وەک دینێک بە نیسبەت کوردەوە ڕۆڵی داگیرکەری گێڕاوە؟**

**حەکیم کاکەوەیس:** نا، بە هیچ جۆرێ ڕۆڵی داگیرکەری نەگێڕاوە، بەڵام خۆمان کردوومانەتە کەرەسەی کۆیلایەتی‌و ژێردەستەیی خۆمان. من دڵنیام لە سەرەتای هاتنی لەشکری عەرەبدا بۆ کوردستان زوڵمی زۆر کراوە و ئەوانەی بە شمشێرەوە بە دیار سەرمانەوە دەوەستان و دەیانقیژاند: اسلم تسلم! خۆیان تازە لە شەوەزەنگی بتپەرستییەوە هاتوونەتە دەرێ و هێچیان لە ئیسلام نەزانیوەو هێندەی کوردیش خواپەرست نەبوونە... خۆ ئاشکرایە قورئان لە سەردەمی عوسماندا کۆ کرایەوە و کورد لە سەردەمی عومەردا، کە پێش سەردەمی عوسمان بوو، کرا بە موسوڵمان. واتە ئیسلام وەک ئایینێک هێشتا جێگیر نەببوو هاتنە سەرمان و کەوتنە کوشتنی خەڵک و تاڵانوبڕۆ و تاڵانکردنی ئافرەتی کورد. کێشەکە لەوەدایە کوردی وابەستە بە ئیسلامەوە ناتوانێ بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو سەربازانەی هاتنە کوردستان، سەربار بوون... کاریان کوشتن‌و بڕین‌و تاڵانکردن بوو. کێشە ئەوەیە ئەو سەربازانەیان بە لاوە پیرۆز و پاکژ و بێ هەڵەن. ئەوە ئیسلام نییە ئەوەی بە سەر کورددا سەپاندوە، بەڵکە کورد خۆیەتی وای داناوە. عومەری کوڕی خەتاب گلەیی لە خالیدی کوڕی وەلید دەکاو بە ژنباز و پیاوکوژ ناوی دەبا، بەڵام کورد زاتی ئەوە ناکا قسەکانی عومەریش بڵێتەوە!



ئەگەر ئیسلام بە هەق بزانین پێویستە هەقگۆو ڕاستگۆ بین. هەندێ لە ئیسلامییەکان وای بۆ دەچن کە کورد بە ئارەزووی خۆی بووەتە موسوڵمان. بەڵام بیر لەوە ناکەنەوە عەرەب خۆیان بە چ شەڕەشەقێ بوون بە موسوڵمان! بیر لەوە ناکەنەوە کە محەممەد، درووودی خوای لێ بێ، چەند شەڕی لە دژی خزمەکانی خۆی کرد تا سەرکەوتنی بە دەست هێنا! چ عەقڵێک قەبووڵ دەکا مامی بتپەرستی پێغەمبەر دژی ئیسلام بێ، بەڵام میرێکی کورد کە خوای ناسیوەو ئاگری پێ پیرۆز بووە، لە شاخەکانی کوردستان بە کەیفی خۆی بووبێتە موسوڵمان؟!

بە باوەڕی من، ئیسلام چەکێکە و لەو گۆڕە کەوتوە و هەر کەسێ پێویستی بێ دەستی دەداتێ. هەموو میللەتان، عەرەب و فارس تورک، کە نزیکمانن، دەستیان دایە ئەو چەکە و سوودیان لێ بینی، کەچی کورد یا دەستی بۆی نەبروە، یا بۆ ئەوەی هەڵگرتووە خۆی پێ بکوژێ. با لە بیرمان نەچێ کورد بۆ باوەڕی ئیسلام چۆن بووە و چۆنە، بۆ مارکسیش هەمان شێوە بوو. ئێستاش بۆ نیچە و فیختە و برێخت هەمان شتە. دەبێ دەستی تەسلیمبوون بەرز بکەینەوە و بڵێین: هەڵە لە ئیسلام نییە، بەڵکو لە خۆمانە! کە باسی خەتەنەکردنی کچ لە قورئان‌دا نییە، بۆچی لە ئەفریقاوە، بە سەر سکەی ئیسلام‌دا خۆمان هێناومانە؟! کێ پێی گوتین ئەوە بکەین؟!

**هەندێ لایەن لە کوردستان باوەڕیان بە حکوومەتی ئیسلامی هەیە. واتە تێکەڵ کردنی دین‌و سیاسەت. ئایا ئەمە مەترسیی نییە بۆ سەر داهاتووی کورد؟**

حەکیم کاکەوەیس: ئەگەر شێخ مەعشووق خەزنەوییەک هەبێ حوکمی هەموو کوردستان بە ناوی ئیسلامەوە بکا، من ڕازیم، چونکە ئەو شەهیدە گەورەیە کوردستانی بوو. بەڵام پیاوی سعوودیە یا تورکیا یا ئێران، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ کوردێک کە پیاوی ئیسرائیل یا ئەمەریکا بێ یا پیاوی سۆڤیەتی جاران بووبێ. مەسەلەکە ئەوەیە: تۆ کوردستانیت یان نا؟! دەتەوێ نەتەوەکەت کە پەنجا ملیۆن مرۆڤی زیندووە، ئازاد بێ یان نا! جیاوازی لە نێوان کۆمۆنستێک‌و ئیسلامییەک‌دا نابینم کە ئەویان کورد بخاتە پەراوێزی دەوڵەتێکی ئیشتراکییەوەو ئەمیان بیخاتە پەراوێزی سوڵتان ئۆردوغانەوە. بەڵام چۆن حیزبێکی مەسیحی مافی سیاسەتکردنی هەیە، ئەگەر کوردی ئیسلامی کوردستانی بێ، مافی کاری سیاسی هەیە. کێشەکە ئیسلامیبوون نییە بەڵکو گرێدانی کوردە بە دەوڵەتێکی وەک سعوودییەوە لە کاتێک‌دا لە هەموو مێژوودا نەمانبیست سعوودییە یەک هەڵوێستی ئەرێنی بەرانبەر کورد هەبووبێ.

**لە دوو ـ سێ ساڵی ڕابردوودا وڵاتانی عەرەبی تووشی گۆڕانکاری هاتن. لەم ڕووەشەوە بیری «اخوان المسلمین» بەشێوەیەکی بەرچاو هاتەکایەو دەوری بینی‌و ئێستاش دەور دەبینێ. ئەم گۆڕانکارییانە چۆن دەبینی؟**

**حەکیم کاکەوەیس:** هەموو جیهان لە گۆڕانکاریی دایە. ئەمەریکا دەیەوێ جەمسەرێک، بۆ نەفرەتکردن، بەرانبەری هەبێ و ئەوەشی لە ئیسلامی توندڕەودا دۆزییەوە و دەکرێ بڵێم، بە هاوکاریی سعوودییە، هەر بە خولقاندن خولقاندی. ئەمەریکا نەیارێکی ئابووریی بەهێزی لە ڕۆژهەڵاتی باشووری ئاسیاش لێ پەیدا بووە. سەرجەمی گۆی زەوی، دەڵێی لە بەرەژاندایە بۆ لەدایکبوونی دەوڵەتی نوێ‌و زیندووبوونەوەی قەومی مەیلەومردوو و مردنی قەومی تری تا ئێستا بەهێز و زیندوو. ئێستا لە میسر و لە هەموو باکووری ئەفریقیا دیاردەی دژە عەرەب، لە قاڵبی قیپتی و ئەمازیغی پەیدا بووە و دیانەوێ عەرەبایەتی بگەڕێننەوە نیوەدوورگەی عەرەبی. پێم وایە سایکس پیکۆیەکی‌تر، بە شێوەیەکی‌تر بەڕێوەیە. ئەمجارەیان دنیا چۆن دابەش دەکرێ؟ دیارە لە بەرژەوەندیی ئەمەریکا و ئیسرائیل دەبێ. سیاسەتمەدارێکی ئەمەریکی گوتوویەتی: دەبێ میسرییەکان لە ئیسرائیل بپارێنەوە تا بچن حوکمیان بکەن... چۆن کاتی خۆی لە میسر دەرکران، ئێستا دەبێ بگەڕێنەوە!

کاتێ قەززافی ڕووخا، مرۆڤ تێگەیشت ئەو میللەتە، هەر پێویستی بە کەسێکی وەک قەززافی دەبێ تا ڕێی پیشان بداو ئاڕاستەی دیاری بکا. ئەو میللەتە ناتوانێ خۆی بە ئاسایی بەڕێوەبەرێ. میسریش بە هەمان شێوە. ڕاستە دوای لابردنی حوسنی موبارەک، ئیخوانییەکان زۆرینەی دەنگیان هێنا، بەڵام ئەوەی لە ماوەی ئەو ساڵەدا کردیان کاری کردەیی نەبوو! ئەگەر ئیخوان لە هەموو شوێنێ ئاوها وڵات بەڕێوە بەرێ، بەڕێوەی نەبا باشترە!

من پێم وایە پیلانێکی گەورە لە ئیسلام وەک ئایین لە ئارادایە. بیهێنە پێش چاوی خۆت، سێ کەس گوللەباران بکەن لە سەر ئەوەی نوێژ نازانن. دیارە ئەو سێ کەسە موسوڵمان نەبوون دەنا دەیانزانی نوێژی بەیانی سێ ڕکات و چوار نییە. هەر وا بە خوێنساردی کوژران! ئەی ئەو (تەساموح)ەی باسیان دەکرد چی لێ هات؟ ئەی چۆن هەتا ئێستا کوردی ئێزدی و ئەهلی هەق لە ناو کورددا ماون؟!

**پێت وایە بیری «اخوان المسلمین» بتوانێ سەردەمێکی نوێ دەست پێ بکا و دەسەڵات لە ناوچەکەدا بگرێتە دەستەوە؟**

**حەکیم کاکەوەیس:** باوەڕ دەکەم قەتارەکە جێی هێشتبن. دۆستی هەرە نزیکی ئیخوان تورکیایە بەڵام ئاگایان لەوە نییە کورد ببێ بە ئەسحابەش لای تورک بێ کەڵکە! لە هیچ حیزبێکی دینی و نادینی‌دا تورک قەبووڵ ناکا کورد لەگەڵی‌دا یەکسان بێ. کوردی ئیخوانیش لەگەڵیان‌دا یەکسان نییە. ئەگەر ئیخوانی کورد بتوانن دڵی تورکیامان بۆ نەرم بکەن، من دەستخۆشییان لێ دەکەم. بەڵام لێشاوی نەوت و دۆلار دڵیان نەرم نەکا بە دوو بیسمیللاش دڵیان نەرم نابێ. ئیخوانی عەرەبیش هەر وا... سەیرە! هیچ قەومێک وەک کورد بە هۆی بیروباوەڕەوە دەست لە مافی (هەندێ جار) ناڕەوای خۆشی هەڵناگرێ!! ئەوان دەستبەرداری داگیرکاری و زۆرداری خۆیان نابن کەچی ئێمە ئازادیی خۆمان دەکەینە قوربانیان، هەر لەبەر ئەوەی ئیخوانین!

**لە کوردستانیش لایەنگری بیری «اخوان المسلمین» هەیە. ئەم لایەنگریە چۆن دەبینی. پێت وایە لایەنگرانی ئیخوان ئەوەندەی بۆ ئیخوان المسلمین دڵسۆز بن، ئەوەندەش بۆ نەتەوەکەیان دڵسۆز بن؟**

**حەکیم کاکەوەیس:** ئەگەر ئەو دڵسۆزییەی بۆ ئیخوان هەیانە بۆ کورد هەیانبوایە، ئێستا کورد لە بارێکی تردا دەبوو. ئیسلامی بەرگری لە میللەتی خۆی بکا و کۆمۆنیست بەرگری لێ بکا و دیموکرات بیکا، کەواتە کێشەمان نییە. بەڵام هەموو ئەوانە میللەتی خۆیان خستووەتە پەراوێزی بەرژەوەندیی میللەتانی ترەوە و کە لە نێوان خۆیان‌دا گفتوگۆ دەکەن یا ڕێککەوتن مۆر دەکەن، بە ڕاستی، وەک نوێنەرانی تورکیاو ئێران‌و سعوودیە و... دادەنیشن‌و قسە دەکەن نەک وەک خەمخۆرانی کورد. ئا لەم بارودۆخەدا هەست و بیری نەتەوایەتی لە هەوا پێویستترن بەڵام دیسان لە لایەن حیزبەکانەوە، یا گرنگی پێ نادرێ یا پیلانیشی لێ‌دەکرێ و وەک تلیاک قاچاخ دەکرێ!

**ئیسلام چەکێکە و لەو گۆڕە کەوتوە و هەر کەسێ پێویستی بێ دەستی دەداتێ. هەموو میللەتان، عەرەب و فارس تورک، کە نزیکمانن، دەستیان دایە ئەو چەکە و سوودیان لێ بینی، کەچی کورد یا دەستی بۆی نەبروە، یا بۆ ئەوەی هەڵگرتووە خۆی پێ بکوژێ. با لە بیرمان نەچێ کورد بۆ باوەڕی ئیسلام چۆن بووە و چۆنە، بۆ مارکسیش هەمان شێوە بوو. ئێستاش بۆ نیچە و فیختە و برێخت هەمان شتە. دەبێ دەستی تەسلیمبوون بەرز بکەینەوە و بڵێین: هەڵە لە ئیسلام نییە، بەڵکو لە خۆمانە! کە باسی خەتەنەکردنی کچ لە قورئان‌دا نییە، بۆچی لە ئەفریقاوە، بە سەر سکەی ئیسلام‌دا خۆمان هێناومانە؟! کێ پێی گوتین ئەوە بکەین؟!**

**پڕۆفایل: «حەکیم عەبدوڵڵا کاکەوەیس» ساڵی ١٩٤٩لە گوندی حەساری گەورەی نزیک شاری کەرکووک لە دایک بووە. ساڵی ١٩٥٧ کە یەکەم قوتابخانە لە گوندی «دارەمان» (شەش کیلۆمەتر زیاتر لە حەسارەوە دوورە) دەکرێتەوە، خوێندنی سەرەتایی دەست پێ دەکا. قۆناغی ئامادەیی لە کەرکووک تەواو کردووە و ساڵی ١٩٧٣ بەشی بیرکاری لە کۆلێژی زانستی زانکۆی سلێمانی تەواو دەکا. دوای زانکۆ تا کۆتایی شۆڕشی ئەیلوول پێشمەرگە بووە. هاوینی ١٩٧٥ لە بەغدا وەک فەرمانبەر، پرۆگرام سازی کۆمپیوتەر لە وەزارەتی پلاندانان دامەزراوە و تا ساڵی ١٩٨٠ بەردەوام بووە. ئەوجا لە زاخۆ کراوەتە سەربازی یەدەگ. دوای ماوەیەک، کە شەڕی عێراق – ئێران دەست پێ دەکا، بەو بۆنەوە کە داوای لێ دەکەن ببێتە بەعسی لەوێ هەڵدێ. ساڵی ١٩٨٤ دوای پەتپەتێیەکی زۆر خۆی دەگەێنێتە وڵاتی سوید و لەوێ دەگیرسێتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٠وە بە هۆی نەخۆشی دڵەوە خانەنشین کراوە. ئێستا لە گوندی حەساری گەورە نیشتەجێیە و ڕۆژانە ژیانی بە خوێندنەوە و نووسین و وەرگێڕان دەباتە سەر. حەکیم کاکەوەیس یەکێک لەو کەسانەیە کە لە مەڕ پێوەندیی نێوان ئیسلام و کورد کۆمەڵێک سەرنجی تایبەتی هەیە. بۆیە لەم دیدارەدا هەوڵمان داوە لە چوارچێوەی چەند پرسیارێک ڕای ناوبرا لەمەڕ ئیسلام و کورد، بیری ئیخوان لە کوردستان و داعش وەربگرین.**

# تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران



ڕەحمان پیرۆتی

تێرۆریسم، «بەکارهێنانی بەرنامەبۆداڕێژراوی توندوتیژی، یان هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی وەکوو کەرەستەیەکی مەشروع بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجی سیاسی، مەزهەبی، ئیدئۆلۆژیکو هتد. لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ترسو بە پێشێلکردنی هەموو نۆرم و پرەنسیپە یاسایی و ئەخلاقییەکانە». ئەوە دەکرێ تاریفێکی مەنتقی بێ، بەڵام بەو هۆیە کە چەمکی تێرۆریسم، بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی لێڕوانینو گۆشەنیگای لایەنە نەیارەکان و شێوازی دەستەبەرکرانی ئامانجەکان، تا ئێستا پێناسەیەکی گشتگیر بۆ تێرۆریسم بوونی نییە و زۆر جار لەگەڵ تاریفی «توندوتیژی سیاسی» و «تاوانی سیاسی» تێکەڵ بووە.

تێرۆریسم شێوازی جۆراوجۆرو مەیدانێکی مەفهومی ڕەهای هەیە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کە دەوڵەتەکان خاوەن دەسەڵاتو سەرچاوەی ماڵی، هێزی سەربازی ڕێکخراو، پشتیوانی دیپلۆماتیکو دەزگای میدیاو ڕاگەیاندنی کاریگەرن، «تیرۆریسمی دەوڵەتی» بە سەرەکیترین و مەترسیدارترین شێوازی تیرۆریسم دادەنرێ. تیرۆریسمی دەوڵەتی، واتا کەڵکوەرگرتنی دەوڵەت لە ستراتێژییەکی تایبەت بۆ بڵاوکردنەوەی توندوتیژیو ترس و تۆقاندن بە مەبەستی بەرەوپێشبردنو ئاراستەکردنی ئەو سیاسەتانەی کە بە شێوە یاساییو ئاسایی تێیاندا سەرکەوتوو نەبووە.

ستراتێژی تیرۆریسمی دەوڵەتی، بە گوێرەی بۆچوونەکانی «ویلیام دی پێردیۆ»، نووسەرو بیرمەندی سیاسی، بە گشتی دەرەنجامی ئەو شێوە کردەوانەی ژێرەوەیە:

١. چالاکییە سیاسییەکانی یەک دەوڵەت بەرامبەر بە خەڵکەکەی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی توندوتیژیو ترس، کە بۆی هەیە بە شێوەی کۆنترۆڵی ڕاگەیاندنەکانو ڕۆژنامەو میدیاکان، ئەشکەنجەو ئازار، دادگایی کردنی نادادپەروەرانە، موهەندیسی کردنی خۆپێشاندانو ڕێپێوانەکان، و لەسێدارەدانی خێرا و بەپەلە و بەربڵاو ئەنجام بدرێن.

٢. هێرشی چەکداری هێزی نیزامی یەک دەوڵەت بۆ سەر ئامانجەکانی دەوڵەتێکی دیکە کە لەو ناوەدا ژیانو گیانی خەڵکی مەدەنی بکەوێتە مەترسییەوە.

٣. حەولدان بۆ لەناوبردنو حەزف کردنی بەرپرسانو دیپلۆماتکارانی وڵاتانی دیکە؛ واتا سازماندانی شاخەو جوخەی تیرۆر لە سەرتاسەری وڵاتانی جیهان.

٤. داگیرکردنی نیزامی یەک وڵات، چ بە شێوەی ڕاستەوخۆو چ لە ڕێگەی دامەزراندنی پێگەی عەمەلیاتی.

٥. چالاکی نهێنیو شاراوەی یەک دەوڵەت بۆ لەسەر کار ڕاگرتن یا لەدەسەڵات خستنی دەوڵەتێکی دیکە.

٦. بەکارهێنانی دەستوپێوەندەکانو گروپە نیزامییەکان لە وڵاتانی دیکە، بۆ لە دەسەڵات خستنی حکوومەتی ئەو وڵاتانەو دواتر کۆنترۆڵکردن و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات.

٧. پشتیوانیو پشتگیری لەو دەوڵەتانەی کە مافی بڕیاردانی خەڵک ڕەد دەکەنەوە و سەرەڕۆیانە و لە ڕێگەی قۆرخکردنی دەسەڵات و دامەزراندنی دیکتاتۆری حوکمی وڵات دەکەن.

٨. فرۆشتن نایاسایی و ڕاگواستنی چەکوچۆڵ و تەسلیحات بۆ بڵاوکردنەوەی شەڕە ناوچەیی و هەرێمییەکان، و تێکدانی حەولە ئاشتیخوازەکان بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی سیاسی و کۆتایی هێنان بە کێشەکە.

٩. پەرەپێدان یان ئەنجامدانی تاقیکاری ئەتۆمی، کە لەوانەیە کوشتاری بەکۆمەڵ و ڕەشەکوژی و تێکچوونی ژینگەی لێدەکەوێتەوە.

ئەگەر بۆچوونەکانی پێردیۆ بە پێوەری هەڵسەنگاندنی تیرۆریسمی دەوڵەتی دابنێین، بەشێک لە زلهێزەکانی جیهان و دەسەڵاتە ناوچەیی و هەرێمییەکان دەکەونە ناو لیستی وڵاتانی تیرۆریستییەوە. یەکێک لەو وڵاتانەی کە بەردەوام پێگەی شیاوی خۆی لە ریزی وڵاتانی تیرۆریستی و پشتیوانانی تیرۆر لە سەرتاسەری جیهان پاراستووە، کۆماری ئیسلامی ئێرانە. سیاسەتی ورد و کەلانی کۆماری ئیسلامی وەکوو حکومەتێکی دیکتاتۆڕی ئیدئۆلۆژیک، داخراو و زێدەخواز هەم لە ئاستی ناوخۆیی و هەم لە ئاستی دەرەوە، بە پێوەرەکانی پێردیۆ، خاوەن کارنامەیەکی دەوڵەمەند لە تێرۆریسمی دەوڵەتییە.

لە ناوخۆی وڵات، کۆماری ئیسلامی بە پێداگری لەسەر بیری ڕادیکاڵیسمی مەزهەبی و سەپاندنی سیستمێکی حکوومەتی پاشکەوتوو، بە کەڵکوەرگرتن لە تیرۆر و هەڕەشە و بۆمبارانی تەبلیغاتی، و بەو شێوە لە مەیدان بەدەرکردنی لایەن و حیزبە سیاسییەکان و قۆرخ کردنی دەسەڵات و بڵاوکردنەوەی ترسو نیگەرانی بناغەکانی حکوومەتی خۆی پتەو کرد کە لە ئاکامدا بە ڕەشەکوژیو کۆمەڵکوژییەکانی شار و گوندەکانی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی وەکوو تەوریز و تورکمەن سەحراو و ئەهواز گەیشت کە تێیدا بە هەزاران کەس بوونە قوربانی ماشێنی تیرۆر و کوشتاری کۆماری ئیسلامی. ڕەوتێک کە لە چوار دەیەی تەمەنیدا درێژەی هەبووە: لە دەیەی یەکەم؛ بە شەڕفرۆشی ناوخۆیی و دەرەکی، کوشتاری بە کۆمەڵی بەندکراوانی سیاسی، و ڕێکخستن و سازماندەیی کردنی گروپی خۆسەر و ڕێکخراوی سەرکوتکەری هاوتەریبی وەزارەتی ئیتلاعات؛ بە مەبەستی هەڕەشەلێکردن لە نەیارانو ڕەخنەگران، ڕفاندن و ئەشکەنجەکردنی سیاسەتمەداران و ڕووناکبیران، هێرش کردنە سەر ڕاگەیەندنەکانو ڕۆژنامەکان. لە دەیەی دووەم، بە درێژەپێدان بە میلیتایزەکردنی کوردستان، ڕەشەکوژی زەنجیرەییو کوشتاری دەیان چالاکی سیاسیو نووسەر و ڕەخنەگری حکوومەتی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، و سەرکوتی بێرەحمانە و دڕندانەی نارەزایەتیە ناوخۆییەکانی ئێران بۆ نموونە سەرکوتی بزوتنەوەی خوێندکاری لە ١٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨. دەیەی سێیەمی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بە بەرپەرچدانەوەی توندوتیژانەی بزووتنەوەی سەرتاسەری خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٣٨٤،یان سەرکوتی بەبڵاوی نارەزایەتیەکانی پاش داسەپاندنەوەی ئەحمەدی نژاد و موهەندیسی هەڵبژاردنەکان لە ساڵی ١٣٨٨، ڕەوتی کپکردنی دەنگی نارەزایەتیو یەکڕەنگو یەکدەست کردنی سیاسی وڵات، درێژەی کێشا. لە دەیەی چوارەم، بە هێرش کردنی بەردەوام بۆ سەر باڵوێزخانەی وڵاتان، بۆ نموونە باڵوێزخانەی بریتانیا لە ساڵی ١٣٩٢، و درێژەکێشانی لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی چالاکانی سیاسیو مافخواز بەتایبەت چالاکانی کوردو هەروەها کۆمەڵکوژی بە کۆمەڵی ١٦ بەندکراوی بەلوچ، بە تۆڵەی چالاکییە نیزامییەکانی گروپی «جەیشولعەدل» و بە بارمتەگیرانی سەربازانی ئێران لە سەر سنوورەکانی ئێرانو پاکستان؛ ماشێنی تێرۆرو سەرکوتی کۆماری ئیسلامی پردەسکەوتتر بوو. جگە لەوە بێبەش کردنی کۆمەڵانی خەڵک لە مافە ئەساسییەکانیان، مۆڵەت نەدان بە کۆبوونەوە و ڕێکخستنی سێمینار، داخستنی ڕۆژنامە و گۆڤارە ناوچەییەکان، بێبەش کردنی خەڵک لە خوێندن بە زمانی زگماکی خۆیان، هەموو تێکڕا وەکوو یەکێک لە لایەنەکانی تێرۆریسمی کوێر و شاراوەی کۆماری ئیسلامی لەئەژمار دێن.

کۆماری ئیسلامی، تێرۆریسمی دەرەوەی سنوورەکانی خۆی هەم بەدژی نەیارانی سیاسیو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بنکە و بارەگاکانیان و هەم بە دژی ڕکەبەرانی ناوچەیی خۆی لە چوارچێوەی ستراتێژی دامەزراندنی کەوانەی شیعەو بەدەستەوەگرتنی ڕێبەری جیهانی ئیسلام؛ و بە دژی بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزی جیهان بۆ وەدەستهێنانی پوان و مافی دەنگدان لە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی بەرنامەبۆداڕێژراو ئەنجام دەدا. جگە لەوە، کۆماری ئیسلامی بە هەستکردن بە ئاستەنگەکانی شەڕی باو و کردەوەی ڕاستەوخۆ، لەگەڵ زۆربەی گروپە تێرۆریستیەکانی سەرتاسەری جیهان پێوەندی و هاوکاری دامەزراندووە و تۆڕێکی تێرۆریستی جیهانی دروست کردووە. سپای پاسدارانو بەتایبەتی سپای قودس، حیزبوڵڵای لوبنان، حەماس، ڕێکخراوی بەدر و لایەنە شیعەکانی دیکەی عێراق، لەشکری مێهدی، حیزبوڵڵای بەحرەین، حیزبوڵڵای کوەیت، حیزبوڵڵای حیجاز، گروپی «ئەلحوسی» یەمەن و دەیان ڕێکخراوی دیکە بەشێکی ئەم تۆڕە پێکدەهێنن.

کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی پشتیوانی هەمەلایەنە لە هەر یەک لە ئەندامانی ئەو تۆڕە و هەر لایەنێکی ئامادەی دیکە، لە ڕاستیدا چەشنێک «شەڕی نیابەتی» بۆ هەڕەشەلێکردن لە نەیارەکان و کێشەنانەوە و تێکدانی سەقامگیری سیاسی و ئابووری لەو وڵاتانەی تێیاندا خاوەن بەرژەوەندییە بەڕێوە دەبا، تا هاوکات لەگەڵ لاواز کردنی نەیارەکانی، حەولی بەرەوپێشبردنو دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی بدات. نموونە دیارەکانی تێرۆریسمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بریتین لە:

١. بە بارمتەگرتنی سەربازانی ئەمریکایی لە ساڵی ١٣٦٤ لە بەیروت لە لایەن حیزبوڵڵای لوبنان، کە دواتر لە بەرامبەر وەرگرتنی چەکو تەسلیحات لە ئەمریکا لە چوارچێوی پرۆژەی «ئێران-کۆنترا» ئازاد کران.



Ali Akbar Hashemi Bahramie Rafsanjani Presidente de Iran (1989-1997)

Ali Fallahijan Ministro de Informacion y Seguridad de Iran (1989-1997)

Ali Akbar Velayati Ministro de Relaciones Exteriores de Iran (1981-1997)

Mohsen Rezai Comandante de la Guardia Revolucionaria (Pasdarans) (1981-1997)

AFP

٢. ئەنجامدانی تەقینەوە لە پێگەی هێزەکانی ئەمریکا لە «زەهران» لە عەرەبستانی سعودی و دواتر لە لوبنان.

٣. تیرۆری ڕێبەرانی کورد؛ بۆ نموونە تیرۆری دکتۆر قاسملوو لە ڤییەن، تیرۆری دکتۆر شەرەفکەندی لە ئاڵمان و ڕێبەران و چالاکانی دیکەی بزووتنەوەی کورد. لە هەمان کاتدا، تیرۆری سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە باشووری کوردستان، ئێراق و تورکیە.

٤. تێرۆری ڕێبەرانی ئێرانی و نووسەران و ڕووناکبیرانی ڕەخنەگر: وەکوو تیرۆری دکتۆر شاپور بەختیار لە پاریس، یان تێرۆری دکتۆر کازم ڕەجەوی لە ژنێڤ.

٥. تێرۆرکردنی دیپلۆماتکارانو بەرپرسانی عەرەبستانی سعودی لە دەیەکانی ١٣٦٠ و ١٣٧٠ کە چەندین جار تێیدا سەرکەوتوو بووە.

٦. تەقاندنەوەی فرۆکەیەکی هێڵی هەوایی عەرەبستانی سعودی لە ساڵی ١٣٦٨ لە «لاهور» لە پاکستان کە وەکوو تۆڵەی حەجی خوێناوی ساڵی ١٣٦٦ کە تێیدا ٤٠٠ ئێرانی کوژران، ئەژمار کرا.

٧. تەقاندنەوەی بنکەی «هاوکاری یەهودییەکان» لە ئارژانتین لە ساڵی ١٩٩٤، کە کوژرانی ٨٥ کەسی لێکەوتەوە.

٨. پلانداڕشتن بۆ تیرۆری دیپلۆماتکارانو تەقاندنەوەی باڵوێزخانەی ئیسرائیل لە ساڵی ١٣٨٩ لە باکو لە ئازەربایجان، و لە ساڵی ١٣٩١ لە «دێهلی نوێ» لە هێندوستان و دواتر لە تایلەند و گورجیستان.

٩. ئاشکرابوونی ناردنی چەکوچۆڵ و تەسلیحات بۆ نیجێریە، یەمەن و سومالی و دەستبەسەرکرانی ئەندامانی سپای قودس لەو وڵاتانە.

١٠. حەولی تێرۆر کردنی باڵوێزی عەرەبستانی سعودی،«عادل ئەلجەبیر»، لە واشێنگتۆن لە ساڵی ١٣٩٠؛ کە دەوڵەتی ئەمریکا بە فەرمی سپای قودسی وەکوو پلاندارێژی ئەو عەمەلیاتە ڕاگەیاند و «مەنسوور ئەرباب سیر» وەکوو بەڕێوەبەری تێرۆر، دەستبەسەر کرا.

بەو خاڵانەی سەرەوە ئەگەر تێرۆریسمی بەرنامەبۆداڕێژراو لە عێراق، سووریە، بەحرەین، یەمەن، لوبنانو فەلەستین کە بە شێوەی ڕاهێنانی گروپی چەکدارو سەرەڕۆ و ئەنجامدانی عەمەلیاتی بەربڵاوی تێرۆر و کوشتار شێوازمەند بە مەبەستی حەزفو سڕینەوەی نەیارانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیو یان لەدەسەڵات لادانی حکوومەتەکانی هاوشێوەی یەمەنو بەحرەین زیاد بکەین، تێرۆریسمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی باشتر دەردەکەوێ. بەڵام بە هەمووی ئەوانەشەوە، بە پێدانی ئیمتیازی ئابووری و یارمەتیدانی وڵاتی زلهێز لە هەندێ پرسی ناوچەییو هەرێمی، کۆماری ئیسلامی تا ڕادەیەکی باش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ڕازی کردووە. نموونەی هەرە دیاریش ڕازی کردنی دەوڵەتی ئۆتریش بوو بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و دەربازکردنی ئەنجامدەرانی تێرۆری دکتۆر قاسملو.

بەڵام هەمیشەش کۆماری ئیسلامی دەرباز نەبووە. بۆ نموونە لە تێرۆری دکتۆر شەرەفکەندیو پەروەندەی میکۆنۆس لە ئاستی باڵادا، تێکڕای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی مەحکووم کران و دواتر زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی، باڵوێزەکانی خۆیان لە ئێران بۆ ماوەی چەند مانگ کشاندەوە و پێوەندی دیپلۆماتیکیان لەگەڵ تاران هەڵپەسارد. هاوشێوەی ئەو حوکمە بۆ پەروەندەی تەقاندنەوەی بنکەی هاوکاری یەهودییەکان درا و بەرپرسانی پلەبەرزی کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵای لوبنان وەکوو پلانداڕێژ و بەڕێوەبەری ئەو کردەوە تێرۆریستییە ڕاگەیەندران. جگە لەوە، ئەندامانی سپای قودس و هێزەکانی ئەندام لە تۆڕی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە دەیان پەروەندەی دیکە لە وڵاتانی وەکوو ئەمریکا،ئازەربایجان، تورکیە، تایلەند و هێندوستان حوکم دراون. لە تازەترین نموونەشدا، کۆماری ئیسلامی لە ٢١ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٩٣ لە لایەن دادگای نیۆیۆرک، کە بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانە تێرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامیو بەتایبەت تەقاندنەوەی پێگەی هێزەکانی ئەمریکا لە بەیروت، لە ساڵی ١٣٨٠ بەولاوە پێکهاتبوو، بە دانی ٢ میلیارد دۆلار قەرەبوو بۆ بنەماڵەی قوربانیانی ئەو کردەوە تێرۆریستییە مەحکووم کرا و دواتر بە بڕیاری دادگا بەشێک لە دارایی و موڵکەکانی ئێران لە ئەمریکا دەستیان بەسەر داگیرا.

تێرۆریسم، چەمکێکە کە بە تەواوێتی لە ناو ساختاری کۆماری ئیسلامیدا ڕیشەی داکوتاوە و سەرەڕای ئەوەی کە لە ماوەی نزیک بە چوار دەیەی ڕابردوو دەسەڵاتی بەڕێوەبەری و سیاسی لەناو بازنەی توندڕەو، ڕیفۆرمخواز، کۆنەپارێز و محافزەکاردا ئاڵوگۆڕ کراوە، بەڵام گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە ستراتێژی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی وەدینەهاتووە. لە حاڵێکدا، تیرۆریسمی کۆماری ئیسلامی بە سەرتاسەری جیهاندا بڵاو بۆتەوە و لە زۆربەی ڕاپۆرتە ئەمنی و دژەتیرۆریستییەکان وەکوو «هەڕەشەیەکی جیددی» بۆ سەر ئاسایش و ئەمنییەتی ناوچە و جیهان ئەژمار دەکرێ، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و بەڕێوەبەرانی دەزگای دیپلۆماسی ئەو وڵاتە بە بەکارهێنانی دژەتاکتیک و بۆمبارانی مەسمومی تەبلیغاتی، و پێشکێش-کردنی پوانی ئابووری و نیزامی و قایلکردنی هاوپەیمانان و نەیارەکانیان لە حەولی پاکانەکردن بۆ خۆیان و شێواندنی ڕاستییەکانن؛ ڕەوتێک کە تەنیا مزگێنیدەری شەڕ و کێشە و تێچووی ئینسانی زیاتر بۆ نەتەوەکانی ئێران و وڵاتانی ناوچەیە.

سەرچاوەکان:
فەرهەنگی زانستی سیاسی، ئەحمەد شەبانی
. «فصلنامەی راهبرد»، مرکز مطالعات راهبردی

## درێژەی: زانکۆ وەک شوێنی فێربوون

هێزی مرۆیی وڵاتێک بە شێوەیەکی سیستماتیک لەگەڵ زانست ئاشنا بێ و هێزی بۆروکراسی، بەڕێوەبەر و چالاکی ئەو وڵاتە پەروەردە بکا. زانکۆ شوێنی ئەوەیە کە گەنجی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کورستان باشتر لە بایەخگەلێکی وەک ئازادی بەیان و نووسین، مافی مرۆڤ، دێموکراسی، ئابووری سەقامگیر و ... تێبگا. شوێنێکە بۆ ئەوەی کە کەسانی کارامەتر لە بواری ئاکادێمیک لە بەشی جۆراوجۆر بۆ وڵات دروست بکرێ. شوێنی ئەوەیە کە خوێندکارێک لە نووسینی گۆڤارێکدا بەشداری بکا و دواتر ببێ بە ڕۆژنامەنووسو نووسەر. کوردەکان بەشێک لە هێزی مرۆیی ئێران پێکدێنن‌و لە بەشێک لە جۆغرافیای ئێران نیشتەجێن. ئەوان ناتوانن ئالترناتیو بن بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە پانتایی ئێران. کەوایە باشترین کار ئەوەیە بایەخ بدەن بە دەرەتانە بچووکەکانیش‌و هەوڵی بەهێزکردنی هێزی مرۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن.

بە واتایەکی دیکە کێشەی کورد نابێ کێشەی رووخان بێ و نابێ بەو ڕوانینە تەماشای زانکۆ و ڕێکخراوە مەدەنییەکان، هەڵبژاردن و ... بکا. بەداخەوە ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی سەر بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیانتوانیوە بە وەدەست خستنی زانیاری لە باردوخی زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یارمەتیدەری گرتنەبەری سیاسەتێکی واقعیتر لە لایەن حیزبەکان دەرهەق بە زانکۆکان بن. ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی کورد تەنانەت نەیانتوانیوە ڕاپۆرتێک لە سەر بارۆدوخی زانکۆکان لە یەکساڵەی دەوڵەتی ڕووحانی ئامادە بکەن. ڕاپۆرتێک کە سەرجەم تیشک بخاتە سەر ئاڵوگۆڕەکانی بەڕیوەبەری، ڕێکخراو و گۆڤارە خوێندکارییەکانی زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە مەیدانێکی واقعیدا و نەک لە مەیدانێکی ئیدئۆلۆژیکدا نیشان بدا کە جیاوازی بارودوخی زانکۆکان لە سەردەمی ڕووحانی و ئەحمەدی نژاددا چییە.

### ئاکام گیری

دەوڵەتی ڕووحانی دەیهەوێ لە هەڵبژاردنی پارلمانی ڕەشەمەی ١٣٩٤ سەربکەوێ و هەر بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی بە ڕاگرتنی دەنگدەرانی دەبێ و زانکۆکاکان لە ڕاگرتنی و ڕاگرتنی ئەو دەنگانە ڕۆلێکی گرینگ دەگێڕن. کوردیش بە جێگەی ئەوەی کێشەیەکی ئیدئۆلۆژیک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکا باشترە کێشەی بەهێزترکردنی هێزی مرۆیی کورد و بەهێزترکردنی پێگەی ڕۆژهەڵاتی کورستان لە ئێران دا بکا. بەجێگەی ئەوە بێ کێشەی ئەوە بکا سەرۆکی زانکۆکانی رازیی کرماشان، کوردستان، ورمێ و ئیلام کێیە و دەبێ چ بکا. گرینگ ئەوەیە کورد لە ئێران یارمەتی سیاسەتێک بدا کە دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕێکی باشتر لە زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە دەبێتە هۆی گەشەی زیاتری ئابووری، ئیداری و مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرچاوەکان:
١. مجلس رضا فرجی دانا، وزیر علوم دولت روحانی را برکنار کرد. سیات دویچە ولە فارسی
٢. وبسایت دانشگاەهای تهران، امیرکبیر، شهید چمران اهواز، اصفهان، رازی کرمانشاه، ارومیە و کردستان
٣. فیلمی کە در جلسە استیضاح وزیر علوم پخش شد https://www.youtube.com/watch?v=lcUoX٦jH٥٣Q

# حیزبی توودەی ئێران و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران دا (١٣٥٧ ـ ١٣٦١)

### بەشی چوارەم و کۆتایی



د. کامران ئەمین ئاوە
و:سیروان مووساپوور

«لبیک»وتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پەیامی ئیمام بۆ خەڵکی کوردستان، پێکهێنانی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بۆ وتوویژ لەگەڵ هەیئەتی نێردراوی دەوڵەت، پێشنیاری گەڵاڵەی جۆراوجۆر لەلایەن هەیئەت و دواتر گەڵاڵەی ٦ ماددەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ناردنی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ دیتنی خومەینی و بنیسەدر و هێندێکی دیکە لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو هەوڵانە بوون کە بۆ چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد دران. هەوڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ پشتیوانیی حیزبی توودەی ئێران و هەروەها دانی گەڵاڵەی جۆراوجۆر بۆ وێنە پێشنیارگەلێک بۆ تەکمیلی گەڵاڵەی «خودگەردانیی کوردستان» بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی مەسەلەی کورد ڕووبەڕوو بۆوە. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سەرنجدان بە شوناسی سیاسی و ئایدۆلۆژیکی خۆیان نە «بالقوه» و نە «بالفعل» توانایی چارەسەری ئەم مەسەلەیان نەبوو و باوەڕیان بە مافە سیاسییەکانی گەلانی ئێران نەبوو. ئەوان زیاتر لە فکری بەدەستهێنانی کاتی زیاتر بۆ پێکهێنانی دووبەرەکی و لاوازکردنی هێزە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵە و هێرشی دووبارە بۆ کوردستان لە کاتی گونجاودا بوون. ئیددیعای بنی سەدر، سەرۆک کۆماری ئەوکاتی ئێران، لە بانەمەڕی ئەو ساڵەدا لەسەر ڕازیبوونی دەوڵەت و ڕێبەرایەتیی شۆڕش لەگەڵ گەڵاڵەی شەش ماددەیی (پێشنیاری حیزبی دێموکراتی کوردستان) لە هێندێک گۆڕانکاریی ناسراو و ئاشکرا تێنەپەڕی. بنی سەدر لە وتارەکەی خۆیدا ڕاگەیاندنی ئەم گەڵاڵەیەی بە دانانی چەک لەلایەن کوردەکانەوە بەستەوە. حیزبی توودەی ئێران لە زۆربەی ژمارەکانی «نامه مردم» دا خوازیاری کۆتایی هێنان بە «شەڕی براکوژی» لە کوردستان بە بڵاوکردنەوەی گەڵاڵەی دەسکاریکراوی شەش ماددەیی لەلایەن دەوڵەت بوو، کارێک کە هەرگیز دەوڵەت جێبەجێی نەکرد. بە سەرنجدان بە هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەپێوەندیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، حیزبی توودەی ئێران ئەمجارە زیاتر نووکی هێرشەکانی خۆی لە پێوەندیی لەگەڵ تێکهەڵچوونە نوێیەکانی کوردستان لە بانەمەڕی ٥٩ بۆ لای کۆمەڵە ڕادەگرت، ئەوانی بە هاندەری دەسپێکردنەوە و پەرەسەندنی شەڕ دەزانی [١٩] و سەرەڕای ئاماژەگەلێک کە لە «نامه مردم»دا بۆ ڕۆڵی پاڵنەرە شەڕ هەڵایسێنەرەکانی هەر دوو لای دەکرد، کۆمەڵەی وەک فاکتەری سەرەکی و» گروهەکی شەڕفرۆش و دژە شۆڕش» دەناساند کە بە پێڕەوی کردن لە «ئامانجە شەیتانییەکان»ی ئیمپریالیزمی ئەمریکا ئاگری شەڕی لە کوردستان بەرپا کردووە». [٢٠]

هاوکات ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران ـ لقی کوردستان ـ و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامی هاوبەشی خۆیان لە سێهەمی جۆزەردانی ٥٩ بۆ «گەلی قارەمانی ئێران و هێزە پێشکەوتنخوازەکان» وێڕای ئاماژە بە ئاگری شەڕی داسەپاو لە کوردستان و ڕۆڵی سەرەکی بەڕێوبەرە شەڕهەڵایسێنەرەکان لە دەسەڵاتدا، بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانی هێزە دژە ئیمپریالیستەکانی وڵاتەکەمان و پێشگرتن لە شەڕی براکوژی لە کوردستان داوایان لە بەنی سەدر کرد بیروڕا ڕیفۆمخوازییەکەی دەوڵەت سەبارەت بە شەش بنەمای خودموختاریی پێشنیارکراو لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕاگەیاندنی ئاگربەست و هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووریی لەسەر کوردستان بۆ کرانەوەی کەشوهەوای پێویست بۆ چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کوردستان» بە ڕەسمی ڕابگەیەنێ. حیزبی توودەی ئێران وێڕای بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامە لە ژمارە ٢٤٦ی «نامه مردم» لە ٨ی جۆزەردانی ٥٩دا، لەسەر داوای غەنی بلووریان ڕایگەیاند»لە تاوتوێکردنی ڕیشە و بکەرەکانی سەرلەنوێ هەڵایسانەوەی شەڕی براکووژی لە کوردستان بۆچوونی حیزبی توودەی ئێران لەگەڵ بۆچوونە ڕاگەیاندراوەکانی نێو پەیامە باسکراوەکە وەکیەک نییە». حیزبی توودەی ئێران لەڕاستیدا بە شێوەی «دایی جان ناپلیۆن»انە بەردەوام بەدوای شوێن پێی پیلانی ئیمپریالیزم و دەسوپێوەندەکانی سەر بە ئەو لە مەسەلەکانی کوردستاندا دەگەڕا.

بێشک لە کاتی شەڕە نێوخۆییەکاندا، دەستوپێوەندەکانی سەر بە ڕێژیمی ڕووخاوی شا دەیانتوانی و دەیانویست لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن، بەڵام بوونی وەها کەسانێک زۆر کەم بوو، نەیدەتوانی هۆکاری سەرەکی ئەم ڕووداوانە و نیشاندەری ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان بێ. ئاوڕدانەوەیەکی دووبارە لە پێشهاتەکانی کوردستان دەری دەخا کە سەرەڕای هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دواتریش ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران ـ ڕێکخستنی کوردستان ـ و داواکاریی و هەوڵە بەردەوامەکانی حیزبی توودەی ئێران بۆ ڕاگەیاندنی فەرمیی گەڵاڵەی شەش ماددەیی دەسکاریکراو، هەرگیز حاکمییەتی ئێران ئامادەی ڕاگەیاندنی ئەو گەڵاڵەیە نەبوو، درێژەی بە هێرش و کوشتارەکانی لە کوردستان دا. کارێک کە لە کۆتاییدا بوو بە هۆی درێژەکێشانی شەڕ لە کوردستان و کارەسات وماڵوێرانییەکانی دواتر. لەڕاستیدا ئەمە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بوون کە سەرەڕای دەربڕینە درۆیینەکانی خۆیان خەریکی ئاڵۆزکردن و کێشە سازکردن بۆ کوردستان و سەرکوت و کوشتاری جیابیران بوون. بۆ دەسەڵاتداریتیی بناژۆخوازی ئیسلامیی ئێران بوونی هێزە دێموکرات و جیابیرەکان لە کوردستان و تەشەنەسەندنی ئەم داواکارییە بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران نەیدەتوانی شتێکی دڵخواز بێ. چونکە پێکهێنانی حکوومەتە خودموختار یان خۆبەڕێوەبەرەکان، کۆمەڵگە بەرەو دوورکەوتنەوە لە ناوەند و بە کردەوە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی فیدراڵ پاڵ پێوەدەنێ کە ئەمەش دژایەتی لەگەڵ بیرو بۆچوونە ناوەندگەراو دەسەڵاتخوازانەکەی ڕێبەرانی ئیسلامی، کە ئامادەی قبووڵکردنی هێزە جیابیرەکان نەبوون، هەبوو. لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەر چەشنە داخوازیی خودموختاری سەقامگیریی کۆمەڵگەو یەکپارچەیی ئێران و یەکگرتوویی ئوممەتی ئیسلامی تووشی مەترسی دەکرد. کەواتە تەنیا ڕێگەی چارەسەری وەها کێشەگەلێک، فریودان، پیلانو فێڵاکردن، پێکهێنانی ناکۆکیو دووبەرەکی لەنێو هێزە جیابیرەکانی کۆمەڵگە و سەرکوتی هەرچەشنە هاوارێکی ئازادیخوازانە لە وڵاتدا بوو، کردەوەیەک کە کۆماری ئیسلامی هەرگیز لە بەکارهێنانیدا تەنەخی نەکردووە.

درێژەکێشانی شەڕ لە کوردستان، هێرش و کوشتاری خەڵک لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ئیسلامی، بێمتمانەیی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بە دەوڵەت، بوو بە هۆی توندتربوونی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسیو پێکهاتنی «حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ پێڕەوانی کۆنگرەی چوارەم» بە پشتیوانیی حیزبی توودەی ئێران لە ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٥٩. ئەم جیابونەوەیە لە سەردەمێکدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کەڵکی لە تەواوی شێوازە نامرۆییەکان بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی کورد وەردەگرت، بوو بەهۆی لاوازیی ئەم بزووتنەوەیەو لەتبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانیو بە لاڕێدابردنی بەشێکی گەورە لە هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد و لە کۆتاییدا سەرکوتی خودی ئەوان لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە. [٢١] ئەم جیابوونەوەیە لەگەڵ خۆشحاڵیی حیزبی توودەی ئێرانو لە سەرەوەشیدا دوکتۆر کیانووری ڕووبەڕوو بۆوە. دوای ئەم جیابوونەوەیە هەڵسوکەوتەکانی دوژمندارانەی حیزبی توودەی ئێران لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر توندتر بۆوەو گەیشتە لوتکە، بە شێوەیەک کە «نامه مردم» بووبە ئۆرگانی ڕاگەیاندنی هێرشو بوختانو تۆمەت بۆ هەڵبەستنی ناڕەوا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. حیزبی توودەی ئێران لە بڵاوکراوەکانیدا وەک «لاتولووت» و «بەکرێگیراوانی بەعس»، «باندی قاسملوو»، « جیرەخۆرانی ناتۆ» و کۆمەڵەی سیاساختە» ناوی دوکتۆر قاسملوو و هەزاران پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆمەڵەی دێنا کە لە بەرامبەر هێرشەکانی هێزە چەکدارو سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەرگرییان لە ئازادییو مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی خۆیان دەکرد. پێوەری هەموو ئەم تۆمەتانەش قورس بوونی پێگەو ئیعتباری حیزبی توودەی ئێران بوو. لێرەدا بە پشت بەستن بە «نامه مردم» ئاماژە بە چەند نموونەیەک لەو تۆمەتانە دەکەین:

ـ قاسملوو لەمێژە لەپێوەندیی لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکا، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ناتۆو بەعسی ئێراق کار بەم پیلانە شومەی دەکا. هۆلەند بە نوێنەرایەتی ناتۆ و بوودجەکەی ٩ میلیۆن دۆلاری بۆ «ئازادیی گەلی کورد» و «دەستەبەربوونی مافەکانی» لە ئیختیار ئەو ناوە. [٢٢] وەها ئیددیعایەک هیچکات نە لەلایەن حیزبی توودەی ئێران و نە لەلایەن دامەزراوە نێوخۆییو دەرەکییەکان نەسەلمێنرا. سەرنجڕاکێش ئەوە کە، دەوڵەتی ئەمریکا بەهۆی هەڵوێستە چەپەکانی دوکتۆر قاسملوو تا پێش تیرۆرکردنی ناوبراو بە دەستی دەسوپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرگیز ئامادە نەبوو ویزای سەفەر بۆ ئەمریکا بدا بە دوکتۆر قاسملوو.

ـ لە کۆتاییەکانی پووشپەڕی (نزیکەی ٢٨ی مانگی پووشپەڕ) قاسملوو لە شوێنێک بەناوی «قەلادزێ« دیالۆگ و چاوپێکەوتنی لەگەڵ «بەختیاری خائین» هەبووە... بێشک قاسملوو ئەم بەکرێگیراوەی بەعسی عێراق، ناتۆ و ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە ڕەزیلانە درۆ لەگەڵ گەلی کورد دەکاو خەنجەری جینایەت لە پشتەسەرییەوە تیژ دەکا، چارەنووسێکی باشتر لە بەختیار و محەمەدڕەزا و ... نابێ. [٢٣]

ـ بەپێی زانیارییەک کە بە دەستمان گەیشتووە، لە ڕێکەوتی ٢٥ ـ ٢٠ی بانەمەڕی ٥٩ لە نزیک گوندێک بەناوی هەڵەبجە لە عێراق، لە پەنا ناوچەیەکی سەربازی لە خانوویەکی لە بتوون دروستکراو، شێخ عوسمانی نەقشبەندی، نوێنەری قاسملوو، سدیق کەمانگەر نوێنەری کۆمەڵە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئووەیسیو پالیزبان و ئەشرەف کردووە. [٢٤]

ناکۆکیی سیاسیی حیزبی توودەی ئێران لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵە، ئاڵۆزبوونی بارودۆخی کوردە توودەییەکان لە کوردستان، گرتنو زیندانی کردنی ئەوان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵە لەلایەک [٢٥] و بەرتەسکبوونەوەی مەیدانی چالاکییە ئاشکراکانی حیزبی توودەی ئێران ـ تەشکیلاتی کوردستان ـ و گیرانی ئەندامانی لەلایەن هێزە ئەمنییەتیەکانی کۆماری ئیسلامی، قەدەغەکرانی بڵاوبوونەوەی «نامه مردم» و ... لێکەوتەوە. کوردە توودەییەکان سەرەڕای برواو ئیمانیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانو چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد لە ئێران، بە سەرنجدان بە سیاسەتەکانی حیزبی توودەی ئێرانو بەرگری لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەرچی زیاتر لە کۆمەڵگەدا گۆشەگیربوون، حاڵەتی «مریشکی بووک و سەرەخۆشی»یان بەخۆوە گرتبوو.

درێژەدانی سیاسەتی داکۆکی لە کۆماری ئیسلامی لەلایەن حیزب تا کاتی هێرشی سپای پاسداران بۆ سەر ڕێبەرایەتییەکەی لە ڕێبەندانی ١٣٦١ نە تەنیا کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران دانا، بەڵکو خەسارێکی جیددیی بە ئیعتبارو پرستیژی مێژوویی ئەو حیزبە گەیاندو بەکردەوە بوو بەهۆی شکستی سیاسەتەکانی، گرتن، ئەشکەنجەو ئیعدامی بەشێکی زۆر لە ڕێبەرایەتی، کادر و ئەندام و لایەنگرەکانی. ژیانی سیاسی بەپێچەوانەی خۆشبینییە گومانـاوییەکانی ڕێبەرایەتی حیزبی توودەی ئێران سەبارەت بە ڕێبەریی « لێبڕاو و پڕ لە زانایی و لێزانیی ئیمام خومەینی « لەسەریەک نادروستبوونی سیاسەتەکانی ئەوانی نیشان دەدا. [٢٦]

ڕێبەریی حیزبی توودەی ئێران لە ساڵی ٦١ بەسەرنجدان بە ڕاپۆرتگەلێک کە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە پێی دەگەیشت و سەرەڕای ئەزموونی چوار ساڵ سەرکوت و خنکاندنی دەنگی هێزە جیابیرەکان لە ئێرانو دانانی بە «ئەگەری سووڕان بۆ ڕاست» لە دەسەڵاتداریتیی کۆماری ئیسلامی، هێرشی هێزە ئەمنییەکان بۆ سەر حیزب و لە ئاکامدا ڕاوەدوونانو گرتنی کادرو ئەندامانی، هەروا گەشبینانە لە چاوەڕوانی جێبەجێبوونی «یاسای حیزبەکان» لە ئێران مایەوە، بەکردەوە ئەندامانی حیزبی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسیو دەسپێکی چالاکیی نهێنی ئامادە نەکردبوو، کەئەمە بوو بەهۆی دروستبوونی خەیاڵاتو گومان لەنێو ئەندامانی حیزب لە پێوەندیی لەگەڵ داهاتووی ڕوونی سیاسەتەکانی حیزبی توودەی ئێران دەرهەق بە کۆماری ئیسلامی.

بە شکستی سیاسەتی «یەکگرتنو ڕەخنەگرتن» و هێرشی هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دوو قۆناغدا (ڕێبەندانی ٦١ و بانەمەڕی ٦٢) بۆ سەر ڕێکخراوە حیزبییەکانی لە سەرانسەری ئێران و دەسپێکردنی گرتنو ڕاوەدوونانی ئەندامانی، کادرەکانی حیزبی توودەی ئێران لە ئێران بەگشتیو لە کوردستان بەتایبەتی، دەبووایە بەدوای سەرپەنایەکدا بگەڕێن بۆ ئەوەی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە تا ماوەیەک لەوەپێش بە بەشێک لە هێزە دروستو وەفادارەکانی شۆڕش دەهاتنە ئەژمار، تووشی گرتن، ئەشکەنجەو ئیعدام نەبنەوە. [٢٧] لە وەها بارودۆخێکی هەستیاردا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگەی «ڕادیۆ دەنگی کوردستان» ئامادەیی خۆی بۆ یارمەتیدانی توودەییەکان ڕاگەیاند. ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزب لەگەڵ بنەماڵەکانیان بە هیممەتی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ شوێنە هێمنەکانی کوردستانی عێراق گوێزرانەوە.

بەشێکی زۆر لە ئەندامو کادرەکانی حیزبی توودەی ئێران ـ تەشکیلاتی کوردستان ـ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ پێڕەوانی کۆنگرەی چوارەم ـ و ڕێکخراوی فیداییانی گەلی ئێران زۆرینە (ئەکسەرییەت) ـ تەشکیلاتی کوردستان ـ لەگەڵ هێرشی هێزەکانی سپای پاسدارانو بە هەڵوشاوە ڕاگەیاندنی حیزبی توودەی ئێرانو پێکهێنانی شانۆی تەلەویزیۆنیی بەشێک لە ڕێبەرانی حیزبی توودەی ئێران کە لەژێر ئەشکەنجە نامرۆییەکاندا ناچار بە پەشیمانیو ڕەتکردنەوەی حیزبو دنیابینیی مارکسیزم کرابوون، ڕەوانەی کوردستانی ئێراق بوون، لە مەقەڕەکانی حیزبی کۆمونیستی عێراق جێگیربوون. ئەوان زیاتر لە چوار ساڵ لە دژوارترین بارودۆخدا بە هیوای ڕێکخستنەوەی نوێو ئەگەری دەسپێکردنەوەی خەباتی چەکدارانە لە کوردستان لە چاوەڕوانیی بڕیارەکانی ڕێبەرایەتیی حیزبی توودەی ئێراندا مانەوە. بایەخ نەدانی ڕێبەرانی حیزب بە چارەنووسی ئەم کەسانە، بێکاریگەر بوونی ڕێبەرایەتی کە تێکەڵ بە قووڵبوونەوەی ناکۆکییە نێوخۆییەکان و جیابوونەوە بەردەوامو بێزارکەرەکان لە حیزبی توودەی ئێراندا بوو، بەرەبەرە بوو بە هۆی گەڕانەوەی ئەو کەسانە بۆ ئێران، چوون بۆ یەکێتی سۆڤیەت یان وڵاتانی ئوروپایی. سەرەنجام نزیک بە تەواوی کادرو ئەندامەکانی ڕێکخراوی ئەیالەتی حیزبی توودەی ئێران ـ تەشکیلاتی کوردستان ـ لە دەرەوەی وڵات بە دەرکردنی ڕاگەیاندراوێک لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٦٩ بە فەرمی ڕەخنەیان لە هەڵوێستەکانی ئەو حیزبە لەپێوەندیی لەگەڵ ئێرانو کوردستان گرت، ڕیزی خۆیان لە حیزبی توودەی ئێران جیا کردەوە. لە بەشێک لەو ڕاگەیاندراوەدا کە ڕوو بە خەڵکی بەشەڕەفی ئێرانو نەتەوەی خەباتگێڕی کورد بوو، هاتووە:

« ئێمە ئەندامانی حیزبی توودەی ئێران، چ پێڕەوانی پێشووی کۆنگرەی چوار و چ ئەندامانی کوردی ڕێکخراوەکانی حیزبی لە کوردستاندا، کە لە سیستمێکی بوروکراتیکو بە دوور لە ڕاستەقینەکانی نوێی ژیان دەژیان و لەژێر کارتێکەردنی سیاسەتو کردەوەە هەڵاوییەکانی حیزبی توودەی ئێراندا بووین، چ بە تێکرایی و چ بە تاک تاک، بە نۆرەی خۆمان، خۆ بە هاوبەش و بەرپرسی هەڵەکانی حیزب لە مەڕ مەسەلەی گشتی شۆڕشی ئێران و بەتایبەتی مەسەلەی کورد دەزانین.» [٢٨] بە دەرکردنی ئەم ڕاگەیاندراوە نەمران غەنی بلووریانو محەمەدئەمین سیراجیش کە لە ئەندامانی ڕێبەرابەتی حیزبی توودەی ئێران بوون، بە دەرکردنی ڕاگەیاندراوێک پشتیوانییان لەم حەرەکەتە نارەزایەتییە کرد و لە حیزبی توودەی ئێران هاتنەدەر. [٢٩] بەم شێوەیە زۆربەی کادرو ئەندامانی ڕێکخراوی ئەیالەتی حیزبی توودەی ئێران ـ کوردستان کە بەزۆری لە دوای شۆڕشی ٥٧ بە باوەڕ بە سۆسیالیزمو هیوادار بە چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد چووبوونە نێو حیزبی توودەی ئێران، وێڕای ڕەخنەگرتنی ئاشکرا لە هەڵوێستەکانی ڕابردوو، بۆ هەمیشە ماڵئاواییان لە حیزبی توودەی ئێران و ڕێبازە سیاسییەکەی کرد.

*سەرچاوەو ڕوونکردنەوەکان:*

*١٩. پرسش و پاسخ ٩ (١٩).*
*٢٠. نامه مردم شماره ٢١١، ٢٦ فروردین ٥٩*
*٢١. نامه مردم شماره ٢٢٥، ١٤ اردیبهشت ٥٩*
*٢٢. نامه مردم شماره ٢٢٨، ١٧ اردیبهشت ٥٩.*
*٢٣. سەبارەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ پێڕەوانی کۆنگرەی چواریش سەرەڕای پشتیوانی ئەوان لە ئینقلاب، پێش بە چالاکییەکانیان لە کوردستان گیرا، ئەندامانیان تووشی ئازار و ڕاوەدونان و تەنانەت گیران و ئیعدام بوونەوە. نەمر ناسر خۆشکەلام ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ پێڕەوانی کۆنگرەی چوار بوو کە لە ساڵی ٦١ گیرا و لە ٤ی بانەمەڕی ٦٢ لە شاری بانە گوللەباران کرا.*
*٢٤. نامه مردم شماره ٢٧٨، ١٨ تیر ١٣٥٩*
*٢٥. نامه مردم شماره ٣٠٥، ٢٠ مرداد ٥٩*
*٢٦. نامه مردم شماره ٣١٥، ٢ شهریور ٥٩*
*٢٧. بەپێی وتەی حیزبی توودەی ئێران نەمر مستەفا شاروێرانی و ناسرهاشمی لە ئەندامانی تەشکیلاتی کوردستانی حیزب لەلایەن کۆمەڵە تیرۆر کران.*
*٢٨. ئیحسان تەبەری لە «کوره آزمون تاریخ» ڕوو بە هێندێک لە کۆمەڵە بە ئیستلاح چەپەکان بە لێبڕاوییەوە دەڵێ:» ژیانی سیاسی نیشانی داوە کە بەپێچەوانەی ڕەشبینی هێندێک لە کۆڕ و کۆمەڵە بە ئیستلاح چەپەکان کە پێیان وابوو ئێمە لەژێر ڕێبەرایەتی نوێنەرانی وردە بورژوازییەکی دواکەوتوو داین و هەربۆیە تەنیا بەرەو فاشیزم دەڕۆین (!) بەپێچەوانەی کەسانێک کە لەلایەنی چەپەوە پێشبینیی ئێمەیان لەبارەی لایەنە پێشکەوتووەکانی ڕێبازی سیاسی ئیمام نەدەبینی، ڕووداوەکان بە هەموو هەورازو نشێوییەکانیانەوە، لەسەریەک دروستیی پێشبینییەکانی ئێمەیان دەرخستو ئێستا هیوادارین کە هەر ئەم پێش بینی کردنە دروستانە لە ساڵی داهاتووش نیشان بدا. نوشتەهای فلسفی اجتماعی، جلد دوم ص ٢٨٨، چاپ دوم ١٣٨٥، انتشارات حزب توده ایران.*
*٢٩. دوای هێرشی سەرانسەریی هێزە ئەمنییەکان بۆ سەر حیزبی تووده ئێران و گرتنی ئەندامانی تەشکیلاتی کوردستان، نەمران حەسەن قزڵجی، عەلی گەلاوێژ، ڕەزا شەڵتوکی، مورتەزا باباخانی، کەسرا ئەکبەری کوردستان، حەمید موسس غەفاری، تاهیر ئیمامی پوور و یاروەیسی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون.*
*٣٠. لێکدابڕان، پێداچوونەوەیەک بە سەرچۆنێتی پێکاتنی پێڕەوانی کۆنگرەی چوار، حوسێن بەخشی، لاپەڕەی ٩١ـ ٩٠*
*٣١. سەرچاوەی پێشوو.*

# چەمکەکانی دەسەڵات و زەبروزەنگ لە فەلسەفەی سیاسیی "هانا ئارێنت"

ن: بەهرام محیی

و:مادح ئەحمەدی

"هانا ئارێنت"(Hannah Arendt) بیرمەندی ئەڵمانی، ساڵی 1906 لە شاری "هانۆفێر"ی ئەو وڵاتەدا لە دایک بوو. لە ژێر ڕێنوێنی مامۆستاکانی (مارتین هایدگر و کارۆل یاسپرس)دا لە زانستگاکانی "ماربۆرگ" و "فرایبۆرگ"دا فێری فەلسەفە بوو و گەیشتە پلەی دکتۆرا. دوای ئەوەی فاشیزم لە ئەڵمانیا سەری هەڵدا، سەردەمی چاودێری کردن و ئاوارەیی دەستی پێ کرد و ئەم دۆخە بووە هۆی ئەوەی هانا ئارێنت لە وڵاتەکەی دوور بکەوێتەوە. سەرەتا چووە پاریس و دواتر لەوێوە بەرەوە ئەمریکا کۆچی کرد. لە زۆربەی زانستگاکانی ئەمریکا سەرقاڵی وتنەوەی فەلسەفە بووە و کۆمەڵێک بەرهەمی پڕ بایەخی لە بواری فەلسەفی ـ سیاسی دا ئافراند. لە ناو کتێبە گرنگەکانی‌دا دەتوانین ئاماژە بە "توخمەکان و ئاخێزگەکانی دەسەڵاتی تەواو"، "هەقیقەت و درۆ لە سیاسەتدا"، "لەمەڕ شۆڕش" و "دەسەڵات و زەبروزەنگ" بکەین. ئارێنت ساڵی 1975 لە شاری نیۆیۆرک بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ئارێنت لە بەناوبانگترین بەرهەمی فەلسەفیی ـ سیاسی خۆیدا کە دەکاتە "دەسەڵات و زەبروزەنگ"، بە وردبینییەکی بێ وێنەوە، ئەم دوو دیاردەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا شی دەکاتەوە. خۆی هۆکاری ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ناڕوونی چەمکەکانی "دەسەڵات" و بە تایبەتی "زەبروزەنگ" دەگەڕێنێتەوە کە ناوەرۆکەیان لە فەلسەفەی سیاسیی هاوچەرخدا لە ناڕوونیدا ماوەتەوە. ئارێنت دووپاتی دەکردوەتەوە کە لە لێکدانەوە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان‌دا بابەتی زەبروزەنگ، بەدەگمەن وەک دیاردەیەکی سەربەخۆ باسی لێ کراوە. ئارێنت پێ وایە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە وەک یەک چاو لە دیاردەکانی دەسەڵات و زەبرووزەنگ دەکرێ و هەروەها لە سەر ئەو باوەڕەیە کە دەسەڵات و زەبرووزەنگ دوو چەمکی تەواو لێک جیاوازن و تەنانەت لە بەرابەر یەکتری‌دا وەستاون.

ئارێنت نووسیویەتی:" کاتێک بە وردی سەرنجی ئەو هەموو نووسراوە دەدەم کە لەمەڕ دیاردەی دەسەڵات نووسراون، خێرا بەو ئەنجام دەگەم کە ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی بابەتی زەبرووزەنگ ڕچاو نەکرێ، چونکە سەرجەم خاوەن ڕایان لە چەپەوە بۆ ڕاست کۆکن لە سەر ئەوەی دەسەڵات و زەبرووزەنگ دوو چەمکی هاوتان. یان بە واتایەکی دیکە زەبرووزەنگ بێجگە لە دیارترین شێوەی دەرکەوتنی دەسەڵات، شتێکی دیکە نییە"(١)

ئارێنت بۆ پتەو کردنی گریمانەکەی خۆی، ئاماژە بە وتەیەکی "رایت میلز" دەکا کە لە زانستیی سیاسی‌دا خاوەن ڕا بووە. وتەکەی ڕایت ئەوەیە:" سیاسەت بریتییە لە شەڕ لە پێناوی وەدەست هێنانی دەسەڵاتدا و ئەوپەڕی دەسەڵاتیش بێجگە لە بەڕێوەبردنی زەبرووزەنگ، شتێکی دیکە نییە". ئارێنت ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە ئەم بۆچوونەی "میلز" لە ڕاستی‌دا درێژکراوەی "ماکس وێبر" و پێناسە بە ناوبانگەکەیتیی لەمەڕ دەوڵەت. وێبر ئاوا پێناسەی دەوڵەت دەکا: "دەوڵەت واتە پێوەندییە دەسەڵاتخوازانەکانی مرۆڤەکان لە سەر مرۆڤەکان کە لە سەر بنەمای ئامرازی ڕەوای (یان لە ڕەواڵەت‌دا ڕەوان) توندوتیژاوی دانراوە". ئارێنت هەروەها دەێژێ کە ماکس وێبریش لەم بوارەدا ڕێک بۆچوونەکەی "ترۆتسکی" پشت ڕاست دەکاتەوە کە لە وتووێژەکانی ئاشتیی "برست لیتۆفسک"دا وتبووی:" کۆڵەکەی هەر دەوڵەتێک زەبرووزەنگە".

بە باوەڕی هانا ئارێنت، ئەم لێکچوونە هزرییە لەمەڕ کێشەی زەبرووزەنگ سەرسووڕ هێنەرە. چونکە وەک یەک چاو لێ‌کردنی دەسەڵاتی سیاسی و زەبرووزەنگی ڕێکخراوی دەوڵەتیی، تەنیا کاتێک وایە کە مرۆڤ وەک ماکس وێبر پێ وابێ کە:" دەوڵەت، ئامرازی سەرکوتە و لە دەستی توێژی دەسەڵاتداردایە". بەڵام سەیرتر ئەوەیە کە ئەم تێگەیشتنە لە نێوان زۆربەی ئەو خاوەنڕایانەی کە باوەڕیان بە مارکسیسزم نەبوو و لە نێوان ئەوانەش‌دا کە پێیان وایە دەوڵەت تەنیا بریتیی نییە لە بنیاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگا، دەردەکەوت. ئارێنت لەم بوارەدا باسی کۆمەڵێک نموونەی سەرنج ڕاکێش دەکا. بۆ وێنە "بێرتراند دوژوونێل" پێ وایە شەڕ کردەوەیەکە کە "بۆ سروشتی دەوڵەت دەگەڕێتەوە". ماکس وێبر زیاتر چووەتە پێش و باسی ئەوە دەکا کە "پێوەری تایبەتی دەوڵەت، ئەوەیە کە دەسەڵاتی تەواوی بۆ بەڕێوەبردنی زەبروزەنگی ڕەوای فیزیکی هەیە". لێرەدایە کە هانا ئارێنت دەپرسی:" کەواتە ئایا کۆتایی زەبرووزەنگی سەربازی کۆتایی دەوڵەتە؟ و ئایا کۆتایی هاتنی شەڕی سەربازی نێوان دەوڵەتەکان، واتای کۆتایی هاتنی ئەو دەوڵەتانە ناگەیەنێ؟"(٢)

سەردەمێک "ڤۆڵتێر" بۆ پێناسەی چەمکی دەسەڵات وتبووی:" دەسەڵات واتا ناچارکردنی ئەوانی دی بۆ ئەنجامدانی کارێکی کە من پێم خۆشە" و ماکس وێبر بەم شێوەیە ئەم پێناسەیە تەواو دەکا کە: "دەسەڵات واتە ئەو دەرەتانانەی کە سەرەڕای خۆڕاگری ئەوانی دی بتوانی لە چوارچێوەی پێوەندییەکی کۆمەڵایەتیدا ئیرادەی خۆت بسەپێنی" و دیسان ژوونێل وتبووی:" بێ بڕیاردان و جێبەجێ کردنی بڕیار، دەسەڵات مانایەکی نییە". ئێستا بە بۆچوونی هانا ئارێنت ئەرگەر پێمان وابێ سروشتی دەسەڵات لە کاریگەریی بڕیار دایە، لە ڕووی لۆژیکییەوە دەبێ وەک "ماو تسی تۆنگ" (Mao Tse Tung) بەو ئاکامە بگەین کە:" بە هێزترین دەسەڵات لە لوولە تفەنگەوە دێتە دەرێ". لێرەدایە کە ئارێنت لێمان دەپرسێ کە :" کەواتە لە نێوان بڕیاری پۆلیسێک و تاونکارێکی چەکداردا، چ جیاوازییەک هەیە؟".

هانا ئارێنت دوای ئەوەی بە دواداچوونی قووڵ بۆ دیاردەکانی دەسەڵات و زەبرووزەنگ دەکات بەو ئەنجامە دەگا کە :" سەرەڕای ئەوەی ئاستی زانستیی سیاسی ئەمڕۆ بەرز بووەتەوە، زمانی زانستیی ئێمە سەرقاڵی جیاکردنەوەی کۆمەڵێک چەمکی بنەڕەتی وەک "دەسەڵات"، "گوشار"، "هێز"، "ئۆتۆریتە" و "زەبرووزەنگ" لە یەکدی نابێ کە هەموویان کۆمەڵێک دیاردەی جیاوازن".(٣) ئەوەی لەم بوارەدا هانا ئارێنت بە چاوی ڕەخنەوە سەیری دەکا ئەوەیە کە تەنانەت ئەم ناڕوونییە لە چەمکەکاندا، لە تیۆرییە سیاسییەکانیش‌دا دەبینرێ، ئەگینا تێکەڵ کردنی واتاکان و بە کارهێنانی ئەم چەمکانە لە باتی یەکتری لە زمانی ڕۆژانەدا کارێک نییە کە پێشتر نەکرا بێ.

دواتر هانا ئارێنت خۆی بە دابەشکاری ئەم چەمکە کلیدییانەوە سەرقاڵ دەکا و بە وردی هەر کامیان ڕوون دەکاتەوە. لە ڕوانگە ئارێنتەوە:

"دەسەڵات" (Macht) لێهاتوویییەکی مرۆییە، نە تەنیا بۆ جێبەجێ کردنی کارێک، بەڵکوو بۆ ڕێککەوتنی نێوان مرۆڤەکان و هەنگاوی هاوبەش لە نێوانیان‌دا. بە پێی ئەم پێناسەیە، هیچ کاتێک ناتوانین بێژین دەسەڵات هی یەک کەسە، چونکە دەسەڵات بەردەوام سروشتێکی کۆمەڵایەتیی هەیە و لە دەستی کۆمەڵێک لە مرۆڤەکان‌دایە. مادام ئەو گرووپە یەکگرتوویە، دەسەڵاتەکەشیان بەردەوامە. بۆ وێنە کاتێک دەێژین فلان کەسە دەسەڵاتی هەیە، واتە ئەو لە لایەن گرووپێکەوە ئەو بەرپرسیارییەتییەی خراوەتە ئەستۆ، تا لە لایەن گرووپەکەوە کارێک بکا و بە بێ پشتگیری ئەو گرووپە، دەسەڵاتی ئەویش مانایەکی نییە. بۆیە ئەگەر لە زمانی ئاسایی ڕۆژانەدا باسی کەسایەتییەکی بەدەسەڵات دەکەین، زیاتر مەبەستمان کەسایەتییەکی زۆردارە، نەک کەسایەتییەکی بەدەسەڵات، چونکە:

"زۆر"(Strke) بە پێچەوانەی دەسەڵات هەمیشە تایبەتمەندییەکی تاکییە و دەتوانرێ بە چۆنایەتییەکی هاوشێوەوە لە تاک یان شمەکی دیکەدا تاقی بکرێتەوە. زۆری تاک هیچ کاتێک توانای خۆڕاگری لە بەرابەر دەسەڵاتی کۆیەکدا نییە.

"هێز"(Kraft) کە زۆرتر وەک زۆر چاوی لێ‌دەکرێ، لە ڕوانگەی ئارێنتەوە دەچێتە خانەی تایبەتمەندییەکانی سروشت (هێزی سروشتی) ـەوە.

هانا ئارێنت "ئۆتۆریتە" (Autoritt) لە ڕوانگەی واتاییەوە، بە دژوارترین چەمک دەزانێ و پێ وایە لە چاو چەمکەکانی دیکە ئەگەری ئەوە کە خراپ بەکار بهێنرێ زیاترە. بە باوەڕی ئارێنت، ئۆتۆریتە هەم دەتوانێ بچێتە خانەی تایبەتمەندی تاکەوە و هەم دەتوانێ بچێتە خانەی تایبەتمەندی دامەزراوەیەکەوە. بۆ وێنە ئۆتۆریتەی تاک دەتوانرێ لە پێوەندییەکانی نێوان دایک و باوک لەگەڵ منداڵەکانیان، یان پێوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی خۆی دەربخا. ئۆتۆریتە وەک دامەزراوەیەک دەتوانین لە هیرارکییەتی دامەزراوە ئایینییەکان (وەک کلیسای کاتۆلیک)، یان لە پێکهاتەیەکی سەربازییدا بینین.

تایبەتمەندی ئۆتۆریتە ئەوەیە کە دەبێ بێ ئەملا و ئەو لا لە لایەن ئەو کەسانەوە کە چاوەڕوانی گوێڕایەڵیان لێ دەکرێ، بە فەرمی بناسرێ. دەسەڵات پێویستی بە زۆر و یان وەدەست هێنانی ڕەزامەندی نییە. بۆ وێنە، ئەگەر باوکێک لە کوڕەکەی بدا، یان بۆ ڕازی کردنی هەوڵ بدا بەڵگەی بۆ بێنێتەوە، لە هەر دوو حاڵەتەکەدا ئۆتۆریتەی خۆی بەکار نەهێناوە. هەڵسوکەوتی وەها باوکێک لە خاڵی یەکەم‌دا دیکتاتۆر ئاسایە و لە خاڵی دووەمیشدا دیموکرات ئاسایە و هەر دوو مێتۆدەکە ئۆتۆریتە پێشێل دەکەن. ئارێنت پێ وایە، دابین کردن و بەردەوامی ئۆتۆریتە، پێویستی بەوەیە کە بە بێ ئەملا و ئەو لا ڕێز لە تاکێک، یان دامەزراوەیەک بگیردرێ. بەم پێیە مەترسیدارترین شێوەی دوژمنایەتی لەگەڵ ئۆتۆریتە، دژایەتی کردنی نییە، بەڵکوو لە بەرچاو نەگرتن و بایەخ پێنەدانە بە ئۆتۆریتە.

لە ئاکامدا چەمکی "زەبرووزەنگ"(Gewalt) دایە کە ئارێنت پێ وایە بەکارهێنانی پێویستی بە ئامراز هەیە. ڕەنگە بتوانین بێژین کە نزیکترین چەمکە لە زەبرووزەنگ، چەمکی زۆرە. چونکە ئامرازەکانی بەکارهێنانی زەبرووزەنگ وەک ئامرازەکانی دیکە لە خزمەتی ئەوە دایە کە زۆری بەکارهێنەرەکەی زیاد بکەی. لە ئاکامدا، ئامرازەکانی بەکارهێنانی زەبرووزەنگ شتێک بێجگە ئامرازگەلێک بۆ بەکارهێنانی زۆر نییە. بۆ وێنە، کەسێک دەتوانێ بە ڕەشاشە دەستییەکەی گرووپێکی تا ڕادەیەک گەورە گرفتار بکا و ئەگەر لە باتی ڕەشاش، ئامرازێکی جەنگیی دیکەی وەک بۆمبی ئەتۆمی لە بەرچاو بگرین، دەتوانێ ملیۆنان خەڵکی پێ بترسێنی و لەگەڵیان بە زمانی زۆر قسە بکا و بەم جۆرە زەبرووزەنگ بەکار بێنێ.(٤)

هانا ئارێنت لە تێزەکەی‌دا دوای ئەوەی ئەو چەمکانە ڕوون دەکاتەوە، دەچێتە قووڵایی دوو چەمکی دەسەڵات و زەبرووزەنگەوە و لێکیان جیا دەکاتەوە. هەر وەک باس کرا، لای زۆربەی بیردۆزان تێکەڵاوی واتایی لەمەڕ دوو چەمکی دەسەڵات و زەبرووزەنگ دەبینرێ و زۆربەیان لەگەڵ ئەوە کۆکن کە زەبرووزەنگ بێجگە لە دیارترین شێوەی دەرکەوتنی دەسەڵات، شتێکی دیکە نییە. بەڵام لای هانا ئارێنت ئەم دوو چەمکە جیاوازییەکی بنچینەییان هەیە:" یەکێک لە جیاوازییە چارەنووس سازەکانی نێوان زەبرووزەنگ و دەسەڵات ئەوەیە کە دەسەڵات بەردەوام گرێدراوی ژمارەیە، لە کاتێک‌دا زەبرووزەنگ تا ئاستێکی دیاری کراو جیایە لە ژمارە، چونکە پشت ئەستوورە بە ئامراز".(٥)

ئارێنت ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە ئەگەر توندڕەوانترین حاڵەتی هەر دوو چەمکەکە ڕچاو بکەین، جیاوازییەکانی نێوانیان زیاتر ڕوون دەبنەوە: توندڕەوانەترین حاڵەتی دەسەڵات دەتوانێ دۆخی "هەمووان لە بەرابەر یەک کەس"دا بێ و توندڕەوانەترین شێوەی دەرکەوتنی زەبرووزەنگیش لە پێکهاتەی "یەک کەس لە بەرامبەر هەمووان"دا خۆی دەنوێنێ و دووەمییەکەیان هیچ کات بە بێ ئامراز و کەلوپەلی بەڕێوەبردنی زەبرووزەنگ نایێتە دی. دیارە وەها نموونەیەک زیاتر تایبەتمەندییەکی سمبولیکی هەیە و وەک خۆی لێکدانەوەیەکی ڕوونمان لەمەڕ جیاوازییەکانی ناوەرۆکیی دەسەڵات و زەبرووزەنگ بە دەستەوە نادات. هانا ئارنێت بە لێکدانەوەی پێوەندییەکانی نێوان "ئامانج و ئامراز" تیشک دەخاتە سەر ئەم ناڕوونییە:" زەبرووزەنگ سروشتێکی ئامراز ئاسای هەیە و وەک هەموو ئامراز و کەلوپەلەکان، بەردەوام پێویستی بە ئامانجێکە بۆ ئەوەی ڕێنوێنی بکا و بەکارهێنانیشی پاساو بدا. ئەوەی بۆ پاساودانی پێویستی بە شتی دیکەیە، دیوێکی کردەیی هەیە، بەڵام قەت دیاری کەر نەبووە".(٦)

بە پێی ئەم وتەی هانا ئارێنت بەو ئەنجامە دەگەین کە ناتوانین بە دیاردەی زەبرووزەنگ باسی ناوەرۆکی دەسەڵات بکەین. بە پێچەوانەی دەسەڵات، زەبرووزەنگ سروشتێکی کاولکاریی هەیە نەک سروشتێکی ئاوەدانکەر. ئەو ئامانجەی کە لە ڕێگای زەبرووزەنگەوە وەدی دێ، پێویستی بە کۆمەڵێک ئامرازە کە سروشتێکی وێرانکەر، ترسێنەر و زۆردارانەیان هەیە. بەڵام بە نیسبەت دەسەڵاتەوە بابەتەکە وا نییە. دەسەڵات، تایبەتمەندی تاک نییە و تەنیا کاتێک دروست دەبێ کە مرۆڤەکان یەکبگرن. دەسەڵات بەردەوام پێویستی بە کەشێکی پڕ لە ئاشتی و متمانەی دوو لایەنە هەیە، لە کاتێک‌دا ئەو کەشەی کە لە ڕێگای ئامرازەکانی زەبرووزەنگەوە پێکدێ، پڕە لە ترس و دڵە ڕاوکێ و بێ متمانەیی. هانا ئارێنت، بەم جۆرە باسی ئەو جیاوازییە دەکا:" لە قامووسی سیاسی‌دا ئەگەر بێژین دەسەڵات و زەبرووزەنگ جیاوازن، تەنیا ئەمە تەواو نییە، بەڵکوو دەبێ بوترێ دەسەڵات و زەبرووزەنگ خاڵی بەرامبەری یەکترن. لە شوێنێک کە یەکیان بە تەواوەتی زاڵ بێ، ئەوی دیکەیان بوونی نییە. زەبرووزەنگ کاتێک بەکار دێ کە دەسەڵات بکەوێتە مەترسییەوە. ئەگەر چارەنووسی دەسەڵات ببەستینەوە بە زەبرووزەنگەوە، بەشێوەی هاوکات لە ئەنجامدا دەسەڵات کۆتایی دێ و نامێنێ. بەم پێیە بێ گومان ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە خاڵی بەرامبەری زەبرووزەنگ، ناتوندوتیژییە و بێ گومان قسە کردن لەمەڕ "دەسەڵاتی "بێ زەبرووزەنگ" مانایەکی نییە ... . زەبرووزەنگ دەتوانێ دەسەڵات لە ناو ببات، بەڵام هیچ کات ناتوانێ دەسەڵات پێک بێنێ. ئەوەی لە لوولەی تفەنگەوە دێتە دەرێ، دەتوانێ بڕیارێکی کاریگەر بێ کە پێویستی بە ملکەچی بوونی بێ ئەملا و ئەولا هەیە، بەڵام لە لوولەی تفەنگەوە قەت دەسەڵات نایێتە دەرە".(٧)

بە ئاماژە بەو ڕاڤەگەلەی کە لە سەرەوە باسیان کرا، دەتوانین بێژین دەسەڵات لە هزری سیاسیی هانا ئارێنتدا، جەوهەرێکی کۆمەڵایەتیی هەیە کە بەرهەمی هاوپێوەندی و یەکگرتوویی خۆویستانەی هێزە مرۆییەکانە. توخمە پێکهێنەرەکانی دەسەڵات، خەڵک و ئیرادە و هەنگاویی هاوبەشیی خەڵکە. تاک، یان تەنانەت گرووپێکی ناسەرکەوتوو و پرش و بڵاو، دەسەڵاتیان نییە. چونکە سەرچاوەی سەرهەڵدان و بزووتنی دەسەڵات، بۆ پێوەندی و هاتوچووی ئازادانەی مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکتری و ڕێککەوتن و هەنگاوی هاوبەشی نێوانیان دەگەڕێتەوە.

لە لای ئەمەش‌دا، هانا ئارێنت لە کتێبی "دەسەڵات و زەبرووزەنگ"دا باسی یەکێک لە پێویستییەکانی دەسەڵات کە ئەویش بریتییە لە "ڕەوایی" دەکا و دەنووسێ:" دەسەڵات پێویستی بەوە نییە خۆی پاساو بدا، چونکە بابەتێکە کە لە خۆیدا و لە سروشتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌دا هەیە. بەڵام دەسەڵات پێویستی بە ڕەوایی هەیە. دیارە ڕەوایی دەسەڵات لە سەر بنەمای ئەو ئامانج و ئامرازانە نییە کە گرووپێکی کۆمەڵایەتی بەکاری دێنن، بەڵکوو بەرهەمی سەرچاوەی دەسەڵاتە کە بە پێکهێنانی گرووپێک دروست دەبێ. لە کاتێک‌دا ئەو ئامانجەی پاساوی ئامراز دەدا، بابەتێکە کە پێوەندی بە داهاتووەوە هەیە، دەسەڵات بۆ ڕەوایی بەخشین بە خۆی پشت بە ڕابردوو دەبەستێ. دەتوانین زەبرووزەنگ پاساو بدەین، بەڵام قەت ناتوانین ڕەوایی پێ بدەین".(٨)

هانا ئارێنت لە بەشێکی دیکەی تێزەکەی‌دا باسی بابەتی "لە خۆ نامۆیی دەسەڵاتی دەوڵەتی" دەکا. بە باوەڕی ئارێنت ئەم شتە کاتێک ڕوو دەدا کە دەوڵەتی یاسایی، وەک دامەزراوەیەک کە بەڕێوەبەری ویستی خەڵکە، لە هێڵی ئەرکە سەرەکییەکانی لا بدا و کارگێڕانی دەوڵەت بو پاراستنی دەسەڵاتە بێ پشتیوانەکەیان، وردە وردە زەبرووزەنگ لە باتی دەسەڵات بەکار بێنن. ئارێنت دەێژێ:" ئەوەی دەسەڵات دەبەخشێ بە دامەزراوەکان و یاساکانی وڵاتێک، پشتیوانی خەڵکە کە لە ڕاستی دا بۆ خۆی درێژەی پەیمانێکی سەرەتاییە کە ئەم دامەزراوە و یاساگەلەی پێک هێناوە. لە دەوڵەتێکی یاسایی دا کە خاوەن نوێنەرانی پارلەمان بێ، خەڵک دەسەڵاتداری ڕاستەقینەن و زاڵن بەسەر ئەو کەسانەدا کە لە حکوومەتدان. سەرجەم ئەو دامەزراوە سیاسیانەی کە سەرچاوە و چۆڕاوەی دەسەڵاتن، لەگەڵ ئەوەی پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵک لە دەست بدەن، بەرەو ڕچان و لە ناو چوون دەچن".(٩).

بە واتایەکی دیکە، کاتێک دامەزراوەیەکی بەڕێوەبەری، بگرە سەرکردایەتی حیزبێک یان دەسەڵاتێک بێ، چی دیکە لە لایەن ئەو کەسانەوە کە دەنگیان پێیان داوە متمانەیان پێ نەکرێ، بە شێوەی یاسایی دەسەڵاتی خۆیان لە دەست دەدەن. ئەم دەسەڵاتە لە دەست ڕۆیشتووە بە هیچ ئامرازێکی دیکە ناتوانرێ قەرەبوو بکرێتەوە، مەرگەر ئەوە کە بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەی سەرەکی دەسەڵات کە دەکات خەڵک و دووبارە هەوڵ بدەی کە متمانەیان بە دەست بێنیتەوە. لە ڕاستیدا ئەمەش بنەمایەکی سەرەکی سەرجەم سیستمە دیموکراتیکەکانە: ژیانەوەی دەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردن و دەنگی خەڵکەوە. لە ڕوانگەی هانا ئارێنتەوە ئێستا ئەگەر حکوومەتێک ملکەچی هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک نەبێ، بۆ پاراستی پێگەی خۆی ناچارە پەنا بباتە بەر ئامرازی دیکە و لە ڕاستی‌دا زەبرووزەنگ وەک جێگرەوەی دەسەڵاتە لە دەسچووەکەی بەکار بێنێ. لە کاتی سەرهەڵدانی وەها ڕووداوێک‌دا، یەکەم هەنگاو بۆ ئەوەی بە تەواوەتی دەسەڵات لە ناو ببرێ هەڵدەگیردرێ. هەنگاوی دواتر کە دەکاتە سنووربەندی کردنی ئازادی، گرتنی ڕووناکبیران و داخستنی ژیانی ئاشتیانەی کۆمەڵایەتییە، بێ دەربازبوون بە دوای هەنگاوی یەکەم‌دا دەست پێ دەکا. بەم جۆرە سەرجەم کۆمەڵگا دەکەوێتە ناو کێچەڵێ قەیرانێکی قووڵەوە و بە تەواوەتی ماناوە شەڕی زەبرووزەنگ دژی دەسەڵات و خراپ گۆڕان و ناو خاڵی کردنی سەرجەم دامەزراوەکانی دەسەڵات دەست پێ دەکا. بە وتەی ئارێنت لە وەها دۆخێکدا:" دەتوانرێ زەبرووزەنگ بکرێ بە جێگرەوەی دەسەڵات و تەنانەت سەرکەوتنێکی بەرچاویش بە دەست بێنێ، بەڵام تێچووی ئەم جۆرە سەرکەوتنە زۆرە، چونکە لەم حاڵەتەدا، نەتەنیا خەڵک ڕووبەڕووی تێچووێکی قورس دەبنەوە، بەڵکوو دەسەڵاتدارنیش لە سەرمایەی مەعنەوی دەسەڵاتەکەیان تێچوو دەدەن و لە ڕاستی‌دا هەر دوو لا دۆڕاون... . ئەوەی لە دوای دامەزراوەی دەسەڵات دەمێنێتەوە، جگە لە بەڕێوەبردنی توندوتیژی شتێکی دیکە نییە."(١٠)

قووڵایی ڕوانینی هانا ئارێنت لەمەڕ پرۆسەی "لە خۆ نامۆیی دەسەڵات" و ئاکامەکانی ئەوەیە کە پێ وایە لە ئاکامی ئەم پرۆسەیەدا حکوومەتی زەبرووزەنگ دەگوێزرێتەوە بۆ حکوومەتی تیرۆر و ترس و لە درێژەدا ڕوونی دەکاتەوە کە :" توخمی وێرانکەر سەرکەوتنی زەبرووزەنگ لە بەرابەر دەسەڵاتەوە، لە هیچ شوێنێک‌دا بە قەدەر حکوومەتی تیرۆر بە ڕوونی خۆی دەرناخا. دیارە تیرۆر هەمان زەبرووزەنگ نییە، چونکە حکوومەتی تیرۆر کاتێک دەبێتە جێگرەوەی حکوومەتی زەبرووزەنگ کە دووەمییەکەیان(حکوومەتی زەبرووزەنگ) دوای ڕووخانی هەموو دامەزراوەکانی دەسەڵات، پاشەکشە ناکا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، کۆنترۆڵی چەقی دەزگای دەوڵەتیی بە دەستەوە دەگرێ."(١١).

بەم پێیە لە ڕوانگەی هانا ئارێنتەوە، قەت دەوڵەتێک نەبووە کە بتوانێ بە تەواوەتی پشت ئەستوور بێ بە ئامرازەکانی زەبرووزەنگەوە. چونکە تەنانەت حکوومەت توتالیتێرەکانیش (کە گرنگترین ئامرازی دەسەڵاتدارییان زیندان، تیرۆری پۆلیسی و ئەشکەنجەیە) پێویستی بە بناغەی دەسەڵاتێک هەیە. لە وەها حاڵەتێکیش‌دا ئەم حکوومەتە لە پۆلیسی نهێنی و بەکرێگیراوە هەواڵگرییەکانی پێک دێ.

هانا ئارێنت پێ وایە ژیانی مرۆڤ لە ژێر کاریگەریی ڕووداوە سیاسییەکان دایە و ناوەندیی هەموو ئەو ڕووداوانەش دەسەڵاتی سیاسییە. لەم ڕووەوە، ڕاڤەی دەسەڵاتیی سیاسی، دەبێتە بابەتی توێژینەوەی ئارێنت. بە باوەڕی ئارێنت، دەسەڵاتی سیاسی دیاردەیەکە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤەکان و پێوەندییە ئازادانە و خۆویستانەکانی نێوانیان. کاتێک دەسەڵاتی سیاسی بەرهەمی ئیرادەی خەڵک بێ، زیندووە و دەمێنێتەوە، بەڵام هەر ئان ئەگەری ئەوە هەیە ئەم حکوومەت بکەوێتە دەستی گرووپێکی سەرکوتکەر و پاوانخواز و بسڕدرێتەوە و لە ناو بچێ.

---

(1 Hannah Arendt, Macht und Gewalt, Mnchen 1987, S. 36
(2 H. Arendt, a.a.O., S. 37
(3 H. Arendt, a.a.O., S. 44
(4 H. Arendt, a.a.O.; S. ٤٥-47
(5 H. Arendt, a.a.O., S. 50
(6 H. Arendt, a.a.O., S. 52
(7 H. Arendt, a.a.O., S. 54
(8 H. Arendt, a.a.O., S. 53
(9 H. Arendt, a.a.O., S. 57
(10 H. Arendt, a.a.O., S. 55
(11 H. Arendt, a.a.O., S. 51

# چیرۆک‌و چیرۆک نووسیی کوردی



**عەلی لەیلاخ**

باس کردن لەسەر مێژووی چیرۆک بۆ خۆی باسیکی دوورودرێژەو پێویستی بە دەیان بابەت هەیە. هەربۆیە لەم بابەتەدا بەخیرایی ئاورێکی لێ‌دەدەینەوەو زیاتر خودی چیرۆک‌و قەوارە جیاجیاکانی دەخەینە روو. بۆ باشتر ناسینی ئەم لقە ئەدەبییە سەرەتا پێناسەو مانای چیرۆک شی‌دەکەینەوە کە بە چ نووسراوەیەک دەگوترێ چیرۆک ؟یان چیرۆک چیە؟

چیرۆک بە زمانی سادە گێڕانەوەو ڕەوایەت کردنی بەسەرهاتەکانە. ئەو ڕووداوانەی کە ڕۆژانە لە دەوروبەرمان روو دەدەن‌و کەس نیە ڕووداوی خۆش‌و ناخۆشی نەدیبێت، بەڵام هەموو کەسێک ناتوانێ ئە ڕووداوانە بە سیحری قەڵەم‌و وشە برازێنیتەوەو بیخاتە بەر دیدەی خەڵکانی دیکە. ئەوکەسانەی کە توانای تۆمارکردنی ڕووداوەکانیان هەیەو بە هەستی ئەدەبی‌و زەوقی هونەریی دەیانرازنەوە هونەرمەندی چیرۆک نووسن.

«چیرۆک باس کردن لە ململانێی دوو هێزی دژ بەیەکن بۆ مەبەستێکی دیاری کراو» ئامانجی سەرەکیی‌و بنەڕەتی چیرۆک پەرەپێدان بە ئیخلاقیات و بەرزراگرتنی ئاستی مرۆڤایەتییەو بانگەشە کردنێکە بۆ جیهانی دوور لە تاریکی‌و پەستی. چیرۆک زۆر جار پڵتۆکێکی هونەرمەندانەیە لەسەر هەستی خەواڵوو و رۆحی نوستووی کۆمەڵگا و زۆرجار دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ دیتنی ویژدانە ون بووەکان. بەڵام چونکە تێکڵاوە بە جوانی‌و داڕشتنی هونەریی، نەتەنیا کەس لەم ڕووبەڕووبوونەوە نیگران نابێت، بەڵکوو چێژی لێ‌وەردەگرێ. ئەمە گەورەترین و بەهێزترین جیاوازییە لە نێوان هونەری چیرۆک لەگەڵ نەسیحەت‌و «موعظە»ی وشک‌و بێ کاریگەر. هەبوونی قارەمان‌و ئاکتەری ئەرینی‌و نەرینی، ململانی لە نێوان خێروشەڕ، دەنگدانەوەی ژیانی ئاسایی‌وخۆ دیتنەوەی خوێنەر لە نێو چیرۆکەکان وای کردووە کە ئەم ژانرە هونەرییە هەر لەمێژە ببێتە هاودەمی مرۆڤ‌ولەگەڵ ئاڵوگۆرەکانی ژیان ئاڵوگۆری بەسەردا بێت.

لە ڕابردوودا کە مرۆڤە سەرەتاییەکان شەوان بەدەور ئاگرێکەوە دادەنیشتن‌و باسی ڕووداوەکانی رۆژیان دەکرد وەکوو(شەڕ وڕاوکردن و..)دەتوانین بڵێین؛ ئەوە دەسپێکی هونەری چیرۆکەو ئەوکەسەی کە بەباشترین شێوە دەیگێڕاوە رەنگە بناغەی یەکەم چیرۆکی دامەرزاندبێ. جێگەی باسە کە لە هیچ سەردەمێک ئینسانەکان لە چیرۆک بێ نیاز نەبوون. چونکە چیرۆک ئەزموونی ژیانەو بۆ پەندو ئەزموون وەرگرتن ئاوێنەیەکی باڵانوێنە. لەروانگەیەکی دیکەوەکاریگەریی چیرۆک بەسەر پەروەردەی منداڵان‌و بیرو زەینی ئەوان لە ئاستێکی بەرزدایە. هەر لەمێژە دایکان و باوکان بە گێرانەوەی چیرۆکە کۆنەکان منداڵانیان دەبردەوە نێو دنیای خەیاڵاویی‌و ئەوانیش دەبوون بە کاراکتەرە باشەکان‌و خۆیانیان بۆ داهاتووێکی مەزن ئامادە دەکرد، ئێستاکەش لە بواری پەروەردەی منداڵان‌دا چیرۆک دەورونەقشی سەرەکیی هەیە لە داڕشتنی کەسایەتییان‌دا.

**شێوە جۆراوجۆرەکانی چیرۆک؛**

**١- حەکایەت**

«ڕاز»؛ لە وشەدا بە مانای گێرانەوەی بەسەرهاتەکانەو ،نووسراوێکە کە ناوەرۆکیی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی دوورو هەڵقولاوی دابونەریت وخورافاتەکانە و لە راستی‌دا دەنگدانەوەی کلتووری فۆلکلۆریکە.

**-چیرۆکی درێژ؛** داستانێکی بەربڵاوە و کاراکتەرەکانی بە پێی رەوتی ڕووداوەکە دەچنە پێش کە ڕیشەیان لە واقعیەتێکی کۆمەڵایەتی‌دا هەیە.

**-رۆمان؛** کە لەوشەی «رۆمانس»ەو هاتووە و چیرۆکێکی درێژە و پڕە لە دژواری فیکریی و باس لە ڕاستییەکان وئەزموونەکانی ژیانی مرۆڤ ئەکات بەگوتەی رەخنەگران؛ ئاوێنەیەکە لەو ڕووداوانەی کە هەموو ڕۆژێک لە تەنیشتماندا ڕوو دەدا.

**-کورتە چیرۆک؛** وەک باسمان کرد چیرۆک لە گەڵ ڕەوتی کاروانی مرۆڤ ڕا هاتووەو گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە، هەر بەو جۆرە کە بە هۆی سەرقاڵی مرۆڤی سەردەم بە ژیان و نەبوونی کاتی پێویست بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان‌و چیرۆکی درێژی چەند بەرگی. بەرەبەرە کورتە چیرۆکیش وەکوو کورتە شێعر هاتە ئاراوە. تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەمەیە کە خاوەنی یەک کاراکتەری سەرەکییەوە ڕووداوەکان لە دەوری ئەودا دەخولێنەوە لە (٥٠٠تا١٥٠٠) وشەدا دەنووسرێت و نموونەی زۆر کورتریش هەیە کە «مینی ماڵی»پێ دەگوترێ ،کە زۆر کورت و ساکار هەڵگری پەیامێکی تایبەتە.(ئادگارئالێن پوو، چخۆف، بورخس..) لە ناودارترین کورتە چیرۆکنووسانی جیهانی ئەدەبیاتن.

ئەمە کورتەیەک بوو لە قەوارە جیاجیاکانی ئەم بەرهە هونەریی‌و ئەدەبییە کە لەمێژە ئەدەب‌و هونەری گەلانی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. تەنانەت دوای هاتنە ئارای هونەری سینەماش، بوو بە هەوینی دەیان‌وسەدان شانۆنامەوفیلمنامەو




ئێستاش شانۆنامە نووسی وفیلم نامە نووسی بەشێکی تایبەتە لە ئەدەبیاتی چیرۆک.

ئەدەبی کوردی ئەگەرچی دێرتر لە گەلانی دیکە بەشێوەی نووسراوە هاتە مەیدانی هونەرو ئەدەبیاتەوە، بەڵام چونکە خاوەنی ژێرخانێکی دەوڵەمەندە لە باری فۆلکلۆرەوەو خاوەنی مێژوویەکی دوورو درێژە و چیرۆک بە شێوەی نەزیلەوحەقایەت وڕازە»پیشێنەیەکی کۆنی هەیەو مێژوونووسی ناودار «واسیلی نیکیتین»لە کتێبی کوردوکوردستان بە سەرچاوەی حەکایاتی «بین النهرین» هەتا«ماوارالنهر» ناوی دەبات.

ئەم کەونارایی چیرۆکە لە لای گەلی کورد بووتە هۆکارێک کە چیرۆک نووسانی کورد بەم خزێنە زیرێنە کتێبخانەی خۆیان برازێنینێنەوە، ئەمە لە لایەک‌و لەلایەکتر مێژووی پڕاوپڕ لە تراژدیاوکۆسپ‌و مەینەتی کوردیش دەیان‌و سەدان سوژەی چیرۆکی خولقاندووە تەنانەت بۆ فارسی نووسانی کورد وەکوو (برایم یوونسی ،مەنسووری یاقوتی..)

«حەسەن قزڵجی»(١٢٩٤-١٣٦٣) ڕوژنامەنووس‌و نووسەری سەردەمی کۆماری کوردستان لە ئەوەڵین داهێنەرانی کورتە چیرۆکی کوردییە کە لە ژێر کاریگەریی نووسەرانی رووس بە دیدێکی ریئالیستیەوە بە نووسینی چەندین کورتە چیرۆک خەمی چینی چەوساوەی خستە بەرباس کە بەناوبانگترینیان «پێکەنینی گەدا»یە. بەدوای ئەوەیش بەرە بەرە چیرۆکی کوردی هەرچەند بەلاوازی دەستی پێ‌کرد، بەڵام هەلومەرجی نالەباری گەلی کورد بەگشتی بە تایبەتی کۆچی زۆرەملی قەڵەمبەدەستان بەرەو هەندارن رەوتی «مەنفا»ی لە ئەدەبی کوردی دامەرزندو دەیان قەڵەمی بەتواناو شاکاری ئەدەبی لێکەوتەوە کەسانێکی وەکوو «بەختیارعەلی‌و شێرزاد حەسەن وفەرهاد پیربال و..

لە «مەنفا»و تاراوگە کە هەستی ناسیونالیزم‌و بیری نۆستالژیای گەشە دەکات، لەمێژە بۆتە بەستێنێک بۆ بەهەرمە هونەرییەکان. بۆ نموونە «شێرزادحەسەن» لە چیرۆکی «لۆزان» لە ئەوپەری دەروەست بوون و مەینەتبارییەوە باسی پەیماننامەی ڕەشی «لۆزان»دەکات‌و لە دەقێکی ڕۆمانسیی لەت لەت کردنی نیشتمانەکەی بە تراژدیاترین شێوە دەخاتە بەر دیدەی خوێنەران.

ئەمە هەمان ڕەمزی هونەری چیرۆکە،کە هەم چێژی لێ وەردەگری‌و هەمیش هەڵگری پەیام‌وهاوارێکە کە لە گەرووی قەڵەم‌و بە دەنگی وشە دێتە گۆ.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو شوێنی یەکەم چیرۆکی کوردی کە ئاماژەی پێ‌کرا، دەیان ساڵە قەڵەم بەدەستانی چیرۆک نووس، لە بەشە جیاجیانی ئەم ژانرە هونەرییە خەریکی چالاکیی‌و ئافراندنن، ئەگەرچی (برایم یوونسی‌و عەلی ئەشرەفی دەرویشیان و مەنسوور یاقوتی..) بە هۆی فارسی نووسین ناوبانگی زیاتریان دەرکردووە، بەڵام بەرەی نوێ بە رووناکبیرییەکی زیاتر و هەڵویستی نەتەوەیی رۆژبەرۆژ لە گەشە کردن دان و سانسۆروقەدەغە نەیتوانیوە بە تەواوی ببێتە بەربەست.(ناسر وەحیدی، عەتانەهایی، فەروخ نیعمەت پوور،فەتاح میری..)و سەدان قەڵەم بەدەستی دیکەی لاو، چرا هەڵگرو درێژەدەری ڕێگەی ئەدەب‌وچیرۆکی کوردین. هەروەها چەندین ساڵە بە هەوڵ و هیمەتی هەڵسووڕاوانی بواری ئەدەبیات ساڵانە لە شاری بانە فستیڤاڵی بەربڵاوی چیرۆک بە شداری سەدان نووسەری کوردستانی‌و بیانی بەرێوە دەچێت کە لە کۆمەڵگەی ئەدەبیاتی ئێران‌دا ئەم فستیڤاڵە ناوبانگی تایبەتی هەیە.

بێ‌گومان چیرۆکنووسانی کورد بە لەبەرچاو گرتنی ئەدەبی زارەکیی‌وئەفسانەو نەزیلە کۆنەکان یان بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی پڕ لەچەوسانەوەوخۆراگریی گەلەکەیان، دەتوانن بەرهەمی باش و بەپیتی ئەدەبی بخولقێنن‌و لە ڕێگەی قەڵەمەکەیانەوە دەنگ‌و رەنگی نەتەوەکەیان بە گەلانی دیکەش بناسێنن.

........


**ژیدەر؛**

**«جهان داستان» جمال میرصادقی**

**«هنرداستان نویسی» ابراهیم یونسی**

**ماڵپەڕی نووسەرانی کورد..**


---

## به ناوی دەفتەری مەشقی منالان و میداد رەنگی

هەراسانم مەکەن ئیتر، زلەی فرمیسکی دڵتەنگی
له دەفتەر مەشقی منداڵی برێک ناوم له بیرماوە
وەکوو باران، وەکوو بادام! ژنێک وا هەر نەگریاوە
وەکوو ئاسانی ناوی ئاو! قووڵاوی هەر نەبوو ماسی!
وەکوو سارا کەهەمیشە بە سینی وسێف ئەمانناسی
له بیرما ماوە ئەو ماڵەی ئەمانکێشا بە بێ دیوار..

دەلاقەی تاق! چرا رۆشن! له بەر درگا دوو دانە دار!
له ئاسمانیش خورێک نازار، دووسێ کڵۆی هەوری پەڕپەڕ
لەمەو بەدوا ئەمانکێشا.درێژ و زل فرۆکەی شەڕ!
دووشت وا دووشکم لێیان، شکم ماوە له هەردووکیان،
وەکوو شەو وڕۆژن بوو یەکتر, ئەوڵیان خوا ! دووهەم شەیتان
له هەڵبازی پشیله ! کاری شەیتانە کە گوڵ ئەشکێ
مەگەر خوا خۆی نەیتوانی نەیەڵێ گوڵدانی کەس بشکێ؟

یەکەمجار ئاوێتە نووسین، میداد وەک نوور هەنگاوی نا
له نوختە چینی کوچکی ژین! دڵم وەک نووک میداد شکیا
ئاخۆ دیسان لە شاری گورگ! بنینه غار بە ئەسپ چێوی
ئیتر وەک مامری «گێل گەوج»! نەیژین: راسه قسه ڕێوی!!
قەتاری دووری ئازادی! چەنێکه دووکەڵت بەرزه
وەرە کە گیان فیداکاران، لەسەر رێ هاتنت فەرزه

عەلی/لەیلاخ

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 639 6 septam 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی

# بۆ خۆشمان با بەندییە سیاسییە فەرامۆشکراوەکانی کوردستان، فەرامۆش نەکەین!



قادر وریا

٢٥ ساڵە هەموو ساڵێ لە مانگی خەرمانان دا یادی کوشتاری بە کۆمەڵی بەندییە سیاسییەکانی ئێران دەکەینەوە. لە هاوین و پاییزی ١٣٦٧ی هەتاوی بە تایبەتی لە مانگەکانی گەلاوێژ، خەرمانان، ڕەزبەرو خەزەڵوەردا، چەند هەزار بەندیی سیاسیی ئێران لە لایەن جەللادەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گیانیان لی ئەستیندرا، بەڵام بەو هۆیەوە کە زۆربەی کوشتارەکە لە مانگی خەرمانان‌دا بەڕێوە چوو، ئەم مانگە بووە بە مانگی یادکردنەوەی کوشتاری ساڵی ١٣٦٧ی بەندییە سیاسییەکانی ئێران. دیارە سەدان بەندیی سیاسیی کوردیش کە سەر بە حیزبی دیموکرات‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان بوون، لە ڕەوتی ئەو کوشتارە بە کۆمەڵە دا گیانیان لێ ئەستیندرا.

لە بارەی چەندو چۆنی ئەم کوشتارەو ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی، هەتا ئیستا زۆر نووسراوە. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە نووسین‌و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون لەم بارەیەوە پێویست نییە. بە پێچەوانەوە هێشتا ئەم تاوانە گەورەیە پێویستی بەوە هەیە کە پتر بکەوێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەو قسەکردن لە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی. بەڵام گرنگیی بەرزراگرتنی بەندییە ئێعدامکراوەکان نابێ ببێتە هۆی فەرامۆشکردنی ئەو بەندییانەی کە لە مێژ ساڵە بەندکراون‌و خەریکن لە بیر دەچنەوە. لە کوردستان دەیان کەسی وامان هەن کە هێندێکیان نزیک بە دوو دەیەو تەنانەت زیاترە لە بەندیخانە دان‌و هی واشیان تیدایە ئەوە بۆ ٢٠ -١٥ساڵ دەچێ کەوتوونە بەند.

کوردبوون لە لایەک‌و ئەندامەتی لەو حیزبانەدا کە داواکاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامین، وای کردوە ئەم بەندییە سیاسیانە، لە چاو بەندییە سیاسییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لە گەڵ جۆرێک هەڵاواردن لە لایەن میدیاکان‌و تەنانەت چالاکانی بواری مافی مرۆڤەوە بەرەوڕوو بن. لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا بەندییە سیاسییەکانی سەر بە نەتەوە بندەستەکان‌و کەمایەتییە ئایینییەکان، تا ڕادەیەک کەوتوونە بەر سەرنجی میدیاکان‌و ناوەندەکانی بە دواداچوونی مافی مرۆڤ. بەڵام دیسانیش ئەو ئاوڕوێدانە، ئەو بەشە لە بەندییە سیاسییەکانی نەگرتووەتەوە کە ئێمە مەبەستمانن.

دیارە زۆربەی زۆری ئەو بەندییە سیاسییە فەرامۆشکراوانە ئەندامی سادەی حیزبەکانی کوردستان بوون‌و ئەگەر چالاکی و تێکۆشانیشیان بووبێ، تێکۆشانەکەیان سیاسی بووە نەک چەکدارانە. بەڵام با وای دابنێین کەسانێک لەم بەندییانە، لە حیزبێکی چەکدار دا تێکۆشانیان بووبێ یا پێشمەرگە بووبن‌و بە چەکەوە ئەرک‌و مەئموورییەتی حیزبی‌و خەباتکارانەیان بەڕێوەبردبێ.ئایا ئەمە دەتوانێ ببێتە پاساو بۆ سەپاندنی هەر چەشنە سزایەک بە سەریان دا؟ یا ئەمە دەتوانێ ببێتە پاساو بۆ پشتگوێخستن‌و لە بیربردنەوەیان‌و باس لێنەکردنیان لە میدیاییەکان‌و لە ڕاپۆرتەکانی پیوەندیدار بە مافی مرۆڤ‌و بەندییەسیاسییەکان‌دا؟ لە وڵاتێک‌دا کە سیستەمێکی دیکتاتۆری حوکمی وڵات دەکاو، تێکۆشانی سیاسیی ئازادو قانوونیی لە حیزب‌و ڕێکخراوەکان‌و تاکەکان قەدەغە کردوەو بە چەکەوە، بە تیرۆرو ڕفاندن‌و بێسەروشوێنکردن، بەرەوڕووی هەڵسووڕانی تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیۆن دەبێتەوە، شتێکی چاوەڕوانکراویشە کە ئەو سیستەمە سەرکوتکەرە بەرەوڕووی بەرەنگاری‌و خەباتی چەکدارانە بێتەوە. چەک‌هەڵگرتنی حیزبە خەباتکارەکان‌و تێکۆشەرانی سیاسی دەچیتە خانەی بەرگریی ڕەواو داکۆکیکردن لە خۆیان. هەر وەک بەرپرسان‌و کاربەدەستانی حکوومەتی‌و پێرسۆنیلی هێزە چەکدارەکان‌و فەرماندەرانیان، کاتیک دەکەونە دەست هیزە بەرهەڵستکارەکان، دەبێ بە گوێرەی کۆنوانسیۆنە نیودەوڵەتییەکان، هەڵسوکەوتیان لە گەڵ بکرێ، تێکۆشەران‌و ئەندامانی ڕێکخراوە سیاسیە بەرهەڵستکارو چەکدارەکانیش، دەبێ لەم چوارچێوەیەدا، لێکۆڵینەوە لێپرسینەوەیان لێ‌بکرێ.

بە گوێرەی ناوەڕۆکی زۆربەی ئەو کۆنوانسیۆنە جیهانییانەی تایبەتن بە مافی بەندکراوانی سیاسی‌و دیلەکانی شەڕ، مافی بێ ئەملاوئەولای گیراوەکانە کە لە بارودۆخیکی ئینسانی‌دا ڕابگیرێن، مافی داکۆکی لە خۆکردن‌و دەستڕاگەیشتن بە پاریزەریان بۆ دابین بکرێ، بنەماڵەو کەسوکاریان بتوانن بیانبینن، سزاو ماوەی مەحکوومیەتەکەیان پێ‌ڕابگەیەندرێ. لە کاتی نەخۆشی‌دا دەستیان بە دوکتورو دەرمان بگا، دوای حوکمدران چی دیکە بەرەوڕووی لێکۆڵینەوەو ئەشکەنجە نەبنەوە. پێویستە ڕێگا بەدامەزراوەو ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ‌و میدیاکان‌و نوینەرانی بیرورای گشتی بدرێ لە نزیکەوە سەردانیان بکەن‌و دڵنیا بن کە بە گوێرەی ستاندارده جیهانییەکان هەڵسوکەوتیان لە گەڵ دەکرێ.

بەڵام بەندییە سیاسییە فەرامۆشکراوەکانی کوردستان، لە گەڵ ئەوپەڕی ستەم‌و هەڵاواردن بەرەوڕوون. جگە لەوەی کاربەدەستان هیچ کات ئامادە نەبوون وەک بەندیی سیاسی بیانناسن و لیستی ناوەکانیان بڵاو بکەنەوە، بۆ دوورترین بەندیخانەکانی وڵات، دووریان خستوونەوە بۆ ئەوەی بنەماڵەکانیان نەتوانن بە هاسانی سەردانیان بکەن. لەوێش ڕێگانادەن بەیەکەوە و خۆبەخۆ بن‌و ژووری تایبەت بە خۆیانیان هەبێ، بەڵکوو تێکەڵاوی ئەو بەندییانەیان دەکەن کە تاوانی کۆمەڵایەتییان ئەنجام داوە، تاوانیان کردوە، یا قاچاغچیی مادە سڕکەرەکان‌وبە هۆی بارودۆخی ڕەوانیی هاوبەندەکان‌و زاڵبوونی توندوتیژی بە سەریان‌دا، بەردەوام لە گەڵ نائەمنی بەرەوڕوون. زۆربەی هەرەزۆریشیان لە مافی چوونە مەرەخەسی بێبەشن‌و زۆر جار کە نزیکترین کەسەکانیان نەخۆشن‌ولە سەرەمەرگ دان، تەنانەت بۆ دوادیداریش، مەرەخەسیەکی کورتیان پێ‌نادرێ بچنەوە نێو بنەماڵەکانیان. لە کاتی نەخۆشی‌و پێویستیی بەندییە نەخۆشەکە بە سەردانی دوکتوری باش‌و کەوتن لە نەخۆشخانە یا نەشتەرگەری لە شوێنی گونجاو، بەریان پێ دەگیرێ. لە تەخفیف و سووکبوونی سزا خەبەریک نییە. هیچ زەمانەتێک نییە ئەو حوکمەی بەسەریان‌دا سەپێندراوە، قەتعی بێ و چاوی پێدانەخشێندرێتەوە و قورستری نەکەن.

لێرەدا، جێگای نیە ناوی ئەو بەندیانە، ساڵی گیران‌و جۆری تاوان‌و سزای بە سەردا سەپێندراوو ئەو بەندیخانانەی بەندییەکان چەندین ساڵی تەمەنیان تیدا تیپەڕ کردوە، بڵاو بکەینەوە.(ئەوە دەبێ دوای نوێکردنەوە و کامڵکردنی زانیارییەکان وەک هاوپێچی ئەم بابەتە یا هەر بانگەوازێکی لەم چەشنە ڕوو بە میدیاکان، ناوەندە پێوەندیدارەکان‌و بیروڕای گشتی، بڵاو بکرێتەوە.) بەڵام بە دەرفەتی دەزانم چەند داوایەک بخەمە ڕوو:

١- وەرن با لە توێی ماڵپەڕێک یا پەیجێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان‌دا، بانکێکی زانیاری لە بارەی ئەو بەندییە سیاسیانەی کوردستان کە بە داخەوە لە بیرچوونەوە، دامەزرێنین‌و وێنەو هەموو زانیارییەکی پێویست لە بارەی ئەوان بخەینە ڕوو.

٢- بابەتی بەڵگەنامەیی دۆکیۆمێنت) بۆ کاناڵە تەلەڤیزیۆنییەکان‌و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئامادە بکەین‌و کۆمەڵگەو ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ‌و بیروڕای گشتی لە چارەنووسی دڵتەزینی ئەو بەندییانە ئاگادار بکەینەوە.

٣- لە ژوورەوە خەڵکی کوردستان‌و بە تایبەتی چالاکانی مەدەنی‌و، لە دەرەوەی وڵاتیش، ناوەندە جیهانییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ ئەرکدار بکەین کە سەرکۆمار، نوێنەرانی مەجلیس، دامەزراوە حکوومی‌و دەوڵەتییەکان‌و بە گشتی سیستەمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆی‌دا بخەنە ژێر گوشار بۆ هەڵگرتنی بێدەنگی، بایکۆت‌و هەڵاواردن لە سەر بەندییە سیاسییە لە مێژینەکانی کوردستان و ملدان بۆ ئازادی یا سووککردنی سزای ئەوان.

## کردنەوەی کتێبخانەی مەسعوود محەممەد لە شاری کۆیە



لە شاری کۆیەو بۆ ڕێزلێنان لە یادو بیرەوەریی مەسعود محەممەد، کتیبخانەیەک بە ناوی ئەو نووسەرە بەناوبانگەی کورد کرایەوە.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی لە شاری کۆیە کتێبخانەی مەسعود مەحەمەد لە لایەن مامۆستا عەبدوڵلا حسن زادەوە کرایەوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە هەیئەتێکی حیزبی دیموکرات پێکهاتوو لە قادر وریاو خالید وەنەوشە بەشدار بوون، پەیامی بنەماڵەی مەسعود محەممەد پێشکەش کرا و دواتر مامۆستا عبدوڵلا حەسەن زادە باسێکی کورتی لە سەر کردنەوەی کتێبخانەکەو کەسایەتیی مامۆستا مەسعود محەممەد کرد.

## بەهمەن قوبادی فیلمە نوێیەکەی لە ڤێنیز پێشکەش بە نەتەوەی کورد کرد

بەهمەن قوبادی پیشاندرانی فیلمە نوێیەکەی لە فیستیڤاڵی فیلمی ڤێنیزی ئیتاڵیا پێشکەش بە کورد کردو لە وتووێژێک‌دا لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دنیا، داکۆکی لە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کرد.

فیلمی «هەندێ جار سەیری سەرەوە بکە«، نوێترین بەرهەمی سینەماکاری کورد بەهمەن قوبادی، لە چوارچێوەی کۆمەڵە فیلمی «چەند وتەیەک لەگەڵ خوداکان»، لە بەرهەمهێنانی ئالێکس گارسیا و گیلێرمۆ بە نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان بەرهەم هاتووەو بە ئامادەبوونی بەهمەن قوبادی لە بەشی سەرەکیی دەرەوەی پێشبڕکێی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ڤێنیزپیشان درا.



## کۆچی دوایی مامۆستا ئارام، شاعیری غەزەلنووسی ئیلامی

مامۆستا ئارام، غەزەلنووسی ناوداری ئیلام دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

عەلی‌ئەسغەر عەبباسی، ناسراو بە ئارام شاعیری سروشت‌و جوانیی ئیلام کە دەیان غەزەلی لە وەسفی سروشتی کوردستان نووسیوە، ماڵاوایی لە کۆمەڵگای ئەدەبی‌و شاعیران‌و هۆگرانی ئەدەبی کوردی کرد.

عەلی‌ئەسغەر عەبباسی ٨٧ ساڵ ژیاو زۆربەی کاتەکانی تەمەنی لە شاری ئیلام بردە سەرێ‌و ماوەی ٥٠ ساڵ خزمەتی بە شێعرو ئەدەبی کوردی کردو « تەختی خان»، وەژ دەروون»، « مانێشت»و « قەڵاڕەنگ» چەند نموونەیەک لە شێعرە بەرزەکانی عەلی‌ئەسغەر عەبباسی ناسراو بە ئارام بوون.

پرسە کۆمەڵایەتییەکانی وەک « خۆسوتاندنی ژنان»هەوێنی زۆر شێعری مامۆستا ئارام بووەو بەهۆی هۆگریی زۆری بە چیاکانی کوردستان، چەمکی چیا بەشێکی جیانەکراوە کە شێعرەکانی ئەو بوون، هەروەها گرینگیدانی ئەو بە شوناسی نەتەوەیی بەشێکی گرینگ لە کەسایەتیی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی مامۆستا ئارام بوو. ئەو



هەموو کاتێک خەڵکی ناوچەکەو دەوروبەری خۆی ڕادەسپارد کە ڕەسەنایەتیی خۆیان بپارێزن‌و بە زمانی کوردی‌و شوناسی کوردی منداڵەکانیان گۆش بکەن.

## قەیرانی گۆلی ورمێ ٣٠٠ هەزار هێکتار بیابانی نوێی دروست کردوە

قەیرانی گۆلی ورمێ‌و وشکبوونی بەشی هەرە زۆری ئەو گۆلە نزیک بە ٣٠٠ هەزار هێکتار بیابانی نوێی لە ناوچەو دەوروبەری ئەم گۆلە بەجێ هێشتووەو ئەم بیابانانە بە خۆڵبارانی خوێ هەڕەشە لە ژیانی خەڵکی ئەم ناوچەیە دەکا.



بە وتەی جێگری ڕێکخراوی لێرەوارەو لەوەڕگەکان، پێویستە لەمساڵدا لانیکەم یەک لە دەی ئەم بیابانانە بووژێنەوە. پەرویز گەرشاسبی دەڵێ بۆ گۆڕینی بیابان لە ٣٤ هەزار هێکتار زەویدا، برە پارەیەکی نزیک بە ١٢٠ میلیارد تمەن پێویستە کە بێتوو ئاوی بۆ دابین بکرێ، دەتوانن ڕێگری لە پێشڕەوی کردنی بەشێک لەم بیابانانە بکەن، بەڵام دەوڵەت تا ئێستاش ئەم بوودجەی نەخستۆتە بەر دەستی « گرووپی کاریی ڕزگارکردنی گۆلی ورمێ»وە.

بەپێی قسەکانی ناوبراو لە ئێستادا بەشی سەرەکیی گۆلی ورمێ وشک بووەو ترسی پەرەسەندنی قەیرانێکی بە تەواو مانای ژینگەیی لەم ناوچەیە لە ئارا دایە و لە ئەگەری وشک بوونی تەواوی گۆلی ورمێ‌دا، هەرنەبێ ٥ میلیۆن کەس بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەریی خراپی ئەم قەیرانەوە، ئەوە لە حاڵێک دایە کە ئەم حەشیمەتەی کە ناڕاستەوخۆ لە پارێزگاکانی دیکە زیانیان بەر دەکەوێ، زۆر لەم ڕێژەیە زیاترە..

## کچە کوردێک میداڵی زێڕی کێبرکیی کاراتەی جیهانیی ژاپۆنی بردەوە

کچە وەرزشکارێکی کوردی خەڵکی کرماشان توانی هەموو ڕکەبەرەکانی لە کێبرکێی کاراتەی جیهان لەژاپۆن بە چۆک دابێنێ‌و میداڵی زێڕی ئەو فسیڤاڵە وەرزشییە بباتەوە.

پێگاهـ زەنگەنە، کاراتەکاری لاوی خەڵکی کرماشان کە بەشداریی لیگی جیهانیی کاراتەی لە وڵاتی ژاپۆن کردبوو، توانی میداڵی زێڕی ئەو ڕکەبەرییانە وەدەست بێنێ‌و لە نێو ٣١٩ وەرزشکاری بەشدار لەو فستیڤاڵە وەرزشییەدا بە دەستی پڕ و سەری بەرزەوە بۆ کوردستان بگەڕێتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوە وەزرشییەکانی کرماشان پێگا کە تەمەنی ٣١ ساڵە، توانیویەتی بەسەر ڕکەبەرەکانی خۆی لە وڵاتانی مێکزیک، ژاپۆن و تورکیەدا زاڵ ببێ‌و



شانازییەکی دیکە بۆ خۆی‌و شاری کرماشان دەستەبەر بکا.